گوڵان
پەیامی ئەمڕۆ و سبەی
www.gulan-media.com








ئاشکرابوونی تاوانێکی شاراوە


دەبێ لە پاڵەوانێتی ڤیڤا چاوەڕوانی چی بکرێت؟


بۆ کەمکردنەوەی چەوری خوێن ئەم دانەوێڵەیە بخۆ


مارێکی (٩) مەتری ڕاو کرا

■ خاوەن ئیمتیاز
شەوکەت شێخ یەزدین
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
فوئاد سـدیق
Editor-in-Chief
Fuad Sideeq
fuadsdeeq@hotmail.com
☎ ٠٦٦ ٢٢٣٢٣٨٥
☎ ٠٦٦٢٢٣٠٣٠٠

■ جێگری سەرنووسەر
فەرهاد محەمەد
Deputy Editor-in-Chief
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Farhadmohmad@gulan_media.com
تەلەفون: ٢٢٣١٥٢٧

■ بەڕێوەبەری نووسین
شوان تاڤینگ
MANAGING EDITORS
Shuwan A. Mihemmad
taving@myway.com

■ بەڕێوەبەری هونەری
Art Manager
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ و دیزاین
لوقمان ڕەشیدی

■ بەڕێوەبەری پەیوەندییەکان
ساڵح عومەر قادر
Relation`s Manager
Mobil 0750 456 7070
salih_omer2003@yahoo.com

■ فایلەکان
شەماڵ نووری: ئابووری
خەلیل بلەیی: هونەری
هاوژین عومەر: کۆمەڵایەتی
مەهدی حاجی ساڵح: ڕەنگاوڕەنگ
سەنگەر شنۆیی: IT
ئەحمەد عەزیز: وەرزش

ناونیشان: هەولێر - شەقامی ٤٠ مەتری
تەنیشت مەکتەبی ناوەندی ڕاگەیاندنی (پ.د.ک)

گوڵان
ژمارە (٧٣٦)
٢٠٠٩/٦/٨

## کێ ناکۆکییەکانی نێوان بەغداو هەولێر قوڵتر کردووە:

# میدیای کوردی یان خودی مالیکی



**فەیسەڵ دەباغ**

**تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێ**

لە لێدوانێکیدا فریاد رەواندزی وتەبێژی لیستی هاوپەیمانی کوردستانی ئەوەی راگەیاند، لێدوانەکانی ئەم دواییەی سەرۆك ئەنجوومەنی وەزیرانی فیدراڵ نوری مالیکی دەربارەی پێشمەرگە و سەرکردایەتی کورد، لە هەندێ میدیای کوردیدا شێوێنراوەو هەندێ شتی نا دروستیشی بۆ ئیزافەکراوە، چونکە بەپێی لێدوانەکەی مالیکی ئەم قسانەی نەکردووە و پێشی وایە هەندێك لەو میدیایانە ناکۆکییەکانی نێوان بەغداو هەولێریان قوڵتر کردۆتەوە، رەواندزی ئەوەش دەڵێ کە مالیکی لەو قسانەی خۆیدا ئاماژە بەوە دەکات کە پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ سەرکردایەتی سیاسی و رۆشنبیران و رۆژنامەنووسانی هەرێمی کوردستان هەیە و گەلی کوردیش گەلێکی ئازایە و کوردی خۆش دەوێ و دەرگاشی کراوەیە بۆ دیالۆگ لەگەڵ سەرکردایەتی سیاسی هەرێمی کوردستان، بۆ ئەوەی هەردوولا بگەنە چارەسەرێك بۆ ئەو گیروگرفتانەی کە هەن، بەڵام بەقسەی رەواندزی، مالیکی ئەوەش دەڵێ کە هەندێ لەسەرکردەکان و پارتە سیاسییەکانی کوردستان شەقامی کوردییان لە دژی حکومەتی فیدراڵ هانداوە، کە ئەمەیش بووەتە هۆی خوڵقاندنی گیروگرفتی زیاتر لە نێوان هەردوولادا، من دەمەوێ بە رەواندزی رابگەیەنم کە لەو لێدوانەیدا دوو لێدوانی مالیکی تێکەڵ بەیەکتر کردووە، یەکێکیان لە دیدارێکیدا بووە لەگەڵ وەفدێکی شاری هەڵەبجە و ئەویتریان لە وەڵامی چەند پرسیارێکی میدیاکان بووە، کە دەقەکەی لە تۆڕی مەڵبەندی نیشتمانی بۆ راگەیاندن بڵاوکراوەتەوە.

لە لێدوانی یەکەمیدا مالیکی دەڵێ:(پەیوەندی قوڵ و بەرپرسیارێتییەکی هاوبەشمان هەیە بۆ خزمەتکردنی مرۆڤی کورد و، هیوادارین سەرکردایەتی کوردی رێمان پێبدات بۆ ئەوەی ناوچەکە ئاوەدان بکەینەوە، ئێمە یەك گەلین، بەڵام لە دوو نەتەوەی کورد و عەرەب و چەند نەتەوەیەکی دیکەی وەك تورکمان و ئاشووری و ئێزدی و شەبەك).

هەر لەو لێدوانەیدا مالیکی ئەمەش دەڵێ:(برای بەرێزم مام جەلال کە سەرۆك کۆمارە رۆڵێکی باشی هەیە لە یەکخستنی ریزەکان و چارەسەرکردنی ئەو گیروگرفتانەی کە لە پرۆسەی سیاسییدا روودەدەن، هەروا سەبارەت بە برامان مسعود بارزانی و کەسانی دیکەی وەك حەمەی حاجی محمود و برایانمان لە یەکگرتووی ئیسلامی و کۆمەڵی ئیسلامی).

بەڵێ ئەمەیە پوختەی قسەکانی مالیکی لەگەڵ وەفدی هەڵەبجە کە بە هیچ شێوەیەك ئاماژە بەوە نادات کە گەلی کورد گەلێکی ئازایە یان کوردی خۆش دەوێت، مالیکی لەو لێدوانەیدا وا پیشاندەدات کە گوایە سەرکردایەتی کورد رێگرە لەبەردەم بەشداری حکومەتی فیدراڵ لە ئاوەدانکردنەوەی کوردستاندا، کە ئەویش هیچ ئەسڵ و ئەساسێکی بۆ نییە، چەند جار سەرکردایەتی کورد داوای لە حکومەتی فیدراڵ کردووە، کە بودجەیەك بۆ ئاوەدانکردنەوەی هەڵەبجە تەرخان بکات، بەڵام ئەم داوایەی هەمیشە لەلایەن خودی مالیکییەوە پشتگوێ خراوە.

باشە کەس ئەوە ناپرسێ: لە کاتێکدا مالیکی ئامادە نییە بودجە بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی کوردستان تەرخان بکات، ئەی چۆن دەتوانێ بودجە بۆ ئاوەدانکردنەوەی هەڵەبجە دابنێ؟ خۆ تەرخانکردنی بودجەی هەڵبژاردن یەکێکە لە ئەرکەکانی حکومەتی فیدراڵ، مادامەکی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن بەخۆی سەرپەرشتی ئەو هەڵبژاردنە دەکات، کاتی خۆی مشتومڕێك لەسەر تەرخانکردنی ئەو بودجەیە لە ئارادابوو، کە ئایا حکومەتی هەرێم دابینی بکات یان حکومەتی فیدراڵ، ئەوکات هەرێم دەیگوت با کۆمسیۆنی یان دەستەی هەڵبژاردنی کوردستان ئەنجامی بدات، بەڵام حکومەتی فیدراڵ بەو شێوەیە وەڵامی هەرێمی دایەوە کە ئەگەر پرۆسەکە کوردستان ئەنجامی بدات دەبێ بەرگەی بودجەکەشی بکات، کەچی ئێستا کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن ئەنجامی دەدات و بودجەکەشی لە(١٧٪) دکەی بەرکەوتی هەرێمی کوردستان کەم دەکرێتەوە..!!.

با فەرزکەین مالیکی ئامادەیە هەڵەبجە ئاوەدان بکاتەوە، باشە ئەی کەس لە خۆی ناپرسێ لە کاتێکدا مالیکی ئەو بایەخە نادات بە کوردی فەیلی بەغدا و کوردی کەرکووك و کوردی موسڵ و کوردی خانەقین، کەچی مەرەقیەتی خزمەتی هەڵەبجە بکات؟ ئەی ئەگەر ئەوکارەی مالیکی بۆ مەلعەنەت نەبێ ئەی بۆ چییە؟ هەر کەسێك بە وردی سەیری ئەو ئاخاوتنەی مالیکی بکات بۆی دەردەکەوێ کە چۆن ئێزدی و شەبەك بە دوو نەتەوەی جیا لە کورد دادەنێ، ئایا ئەمە دەستێوەردان نییە لە کاروباری هەرێم، ئایا ئەمە پێچەوانەی دەستوور نییە؟ ئایا ئەمە گەمە نییە بە ئیرادەی گەلی کوردستان؟

خۆ ئەم ئاخاوتنەی مالیکی باشتر نییە لە ئاخاوتنە دووەمەکەی مەبەستیش لێرە ئەو کۆنگرە رۆژنامەنووسییەیە کە مالیکی لەگەڵ ژمارەیەك لە رۆژنامەنووسان سازی دابوو، ئێمە بەبێ دەستکاری و وەك نموونە دەقی وەڵامی ئەو پرسیارانە بڵاودەکەینەوە تا خوێنەر خۆی سەر پشك بێ، کە ئایا میدیای کوردی هیچ دەستکارییەکی لەو قسانەی مالیکی کردووە؟

-١ لە وەڵامی پرسیارێك سەبارەت بە دۆخی پارێزگای مووسڵ كە (ظافر الجنابی) لە سایت(نقاش) كردبووی، مالیكی دەڵێ:

(بێ شك بارەكە زۆر ترسناكە و هەندێ هەڵسوكەوتی هێزی پێشمەرگەش كە رێگرن لەبەردەم كاری حكومەتی مەحەلی خۆی لە خۆیدا كودەتایەكە لەسەر شەرعییەت و هەڵبژاردن، چونكە حكومەتی مەحەلی هەڵبژێردراوە و لە ئەرك و دەسەڵاتیشدایە كار لە هەر بستێكی ئەو پارێزگایەدا بكات، هەڵوێستی ئێمە پشتگیری كردنە لە شەرعییەت و ئەنجامی هەڵبژاردن و كاریش بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێكی ئارام دەكەین بۆ ئەو گیروگرفتانەی كە هەن، ئەویش بەمەبەستی كاراكردنی یاسا و نەهێشتنی گرژی، جارێكی دیكەی تەئكید لەوە دەكەمەوە كە بوونی هێزەكانی پێشمەرگە بەبێ رەزامەندی حكومەتی مەركەزی لە دەرەوەی سنووری هەرێم نایاساییە).

-٢ لە وەڵامی پرسیارێكی (فەرمان عەبدولرەحمان) پەیامنێری رۆژنامەی (رۆژنامە) سەبارەت بە هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی كوردستان و مەترسی قەوارە سیاسییەكانی بەشدار بوو لە كردەی ساختەكاری و ئەنجامدانی توندوتیژی، مالیكی دەڵێ:( بەپێی رێسا یاساییەكان ئەو هەڵبژاردنە لە ژێر سەرپەرشتی كۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن و رێكخراوە عێراقی و نێودەوڵەتییەكانەوە ئەنجام دەدرێ، بەڵام پاراستنی ئەو هەڵبژاردنە ئەركی پۆلیس و ئاسایشی هەرێمە، بۆ ئەوەی كاری ساختەكاری ئەنجام نەدرێ پێویستە لەسەر قەوارە بەشداربووەكان پشت بە نوێنەرانی خۆیان ببەستن لە چاودێریكردنی هەڵبژاردن و ئاگاداركردنەوەی كۆمسیۆن و حكومەتی ناوەندی بەو كارانە تا بێنە چارەسەركردن.

-٣ لە وەڵامی پرسیارێكی (مهدی الصافی) كە ئیعلامییەكی سەربەخۆیە سەبارەت بە هەمواركردنی دەستوور و چارەسەركردنی خاڵە ناكۆكەكانی نێوان مەركەز و هەرێمدا، مالیكی دەڵێ:( لیژنەیەك بۆ هەمواركردنی دەستوور دانراوە، بەڵام روون نییە كە ئایا دەتوانێ ئەو دەستوورە هەموار بكاتەوە و سیاسەتی بەشكاری و كۆنی تەوافوق رەتبكاتەوە؟ چونكە ئەگەر هێزە سیاسییەكان خاوەن یەك ئیرادە و یەك دید نەبن سەبارەت بە شێوەی دەوڵەتی عێراق، ئەوا هیچ هەمواركردنێك ئەنجام نادرێ، هیوامان وایە گۆڕانكاری لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی داهاتوودا بكرێ بۆ ئەوەی دوور لە فشاری بەرژەوەندی توێژ و تایفەو حزبێك بتوانین ئەو دەستوور هەمواربكەینەوە، من وا دەبینم دەسەڵات لە ئەسڵدا بۆ حكومەتی ناوەندییە و (استثناء)یش بۆ هەرێم و پارێزگاكانە، نەك وەك دەیبینین و پێداگیری لەسەر دەكرێ، دەسەڵاتی سەرۆكایەتی كۆمار و سەرۆكایەتی ئەنجوومەنی وەزیران بەشێوەی سیستەمەكە گرێدراوە، ئەگەر پەرلەمانی بێت ئەوا تەواوی دەسەڵاتەكە بۆ سەرۆك وەزیرانە، ئەگەر سەرۆكایەتیش بێ ئەوا دەسەڵاتەكە بۆ سەرۆك كۆمارە و تێكەڵكردنی ئەو دوو سیستەمەش وەك ئەوەی فەرەنسا رەتدەكەینەوە، چونكە لەگەڵ واقیعی عێراقدا ناگونجێ).

-٤ لە وەڵامی پرسیارێكی (زیدان الربیعی) پەیامنێری رۆژنامەی (الخلیج الاماراتیة) و سەبارەت بە كەركووكیش، مالیكی دەڵێ: (بەپێی بۆچوونی لایەنەكان و هەروا گۆڕەپانی نیشتمانی و هەتا لەلای نەتەوەیەكگرتووەكانیشدا، چارەسەری كێشەی كەركووك لەوەدایە كە بارێكی تایبەتی پێ بدرێ و، ئێمەش پشتگیری لەو چارەسەرە دەكەین، چونكە ئەو چارەسەرە رێنادات بەرمیلە بارودەكە بتەقێتەوە و، رێگریشە لەبەردەم بەنێودەوڵەتیكردن و هەر دەستێوەردانێكی ئەقلیمی و نێودەوڵەتی لەو كێشەیەدا).

-٥ لە وەڵامی پرسیارێكی (علي احمد حسن الیاسی) پەیامنێری كەناڵی (الحره) سەبارەت بە گرنگی ئەنجامدانی دیداری راستەوخۆ لەگەڵ خەڵكی كوردستان و ئاگاداربوون لەگیرگرفتەكانیان، مالیكی دەڵێ:( ئەمە بە تەئكیدەوە راستە، من پەیوەندییەكی بەردەوامم لەگەڵ هەندێ سەركردە و رۆشنبیر و رۆژنامەنووسان هەیە، چونكە ئەمانە میللەتی ئێمەن و دیكتاتۆرییەت چەند دەیەیەك غەدری لێكردوون، بۆیە مافی ئەوەیان هەیە كە جێی بایەخی ئێمەبن، ئەگەر هەندێ لە برا كوردەكان نەبووایە ئەم ئەركەم راستەوخۆ دەخستە سەر شانم، بەڵام بەراشكاوییەوە دەڵێم هەندێ لە پارت و سەركردایەتی سیاسی خەڵك دژ بە حكومەتی ناوەندی و سەرۆكەكەی و هەروا وەزیران هاندەدەن، كە ئەویش بەربەستێكە لەبەردەم كرانەوە، بەڵام پاش ئەركێكی زۆر هاووڵاتی كورد ئێستا تێگەیشتووە كە حكومەتی ناوەندی لەگەڵیدایە نەك دژ، دەرگەمان كراوەیە بۆ پتەوكردنی پەیوەندییەكان و نەهێشتنی ئەو كەربەی كە هەندێ لە میدیاكانی هەرێمی كوردستان، بەهۆی پاشینەی سیاسییانەوە، بڵاوی دەكەنەوە.

-٦ لە وەڵامی پرسیارێكی (صفاء الهادی) لە رۆژنامەی (الصباح) و سەبارەت بە پشتبەستن بە ئیستحقاقاتی هەڵبژاردن و فەشەلهێنانی دیموكراتییەتی تەوافوقیش، مالیك دەڵێ: من لاگیری پرەنسیپی ئەو دیموكراتییەتە دەكەم كە ماف دەداتە زۆرینەی لە پێكهێنانی حكومەتدا، دەستەواژەی دیموكراتییەتی تەوافوقیش شتێكی نامۆیە لە دیموكراتییەت و بەڵكو دژیشیێتی، من پێم وایە سیستەمی سەرۆكایەتی باشترە لە سیستەمی پەرلەمانی ئەگەر ئەمەی دواییان بەپێی ئیستحقاقاتی هەڵبژاردنەوە بێت، ئەگەر هەڵبژاردنەكەش راستەوخۆ لەلایەن گەلەوە بێت ئەوا هەر زۆر باشترە.

پاش خوێندنەوەی هەردوو لێدوانەكەی مالیكی كە لە دوو سەرچاوەی باوەڕپێكراوەوە وەرگیراون، رۆژنامەی (البیان) ی حزبی دەعوە و سایتی مەڵبەندی نیشتمانی بۆ راگەیاندن كە سەر بە ئەمینداریەتی گشتی ئەنجوومەنی وەزیرانی فیدراڵە، پرسیاری ئێمە ئەوەیە:

كێ ناكۆكییەكانی نێوان بەغدا و هەولێری قوڵتركردۆتەوە، میدیای كوردی یان لێدوانەكانی خودی مالیكی؟

ئەوەی لە میدیا كوردییەكان بڵاوكراونەتەوە لەگەڵ ئەو دوو سەرچاوەیەی كە ئاماژەمان پێكردن رێكن، تەنها ئەو هەواڵە نەبێ كە گوایە مالیكی گوتوویەتی بەمەبەستی چارەسەركردنی كێشەكانی نێوان هەرێم و بەغدا چاوەڕانی ئەنجامی هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی كوردستانە، كە بە بۆچوونی ئەو میدیانە مەبەستی مالیكی د. بەرهەم ساڵحە، بەمەیش مالیكی بەپێی قسەیەكی د. مەحمود عوسمان دەیەوێ درزێك بخاتە نێو پارتی و یەكێتییەوە، لە راستیدا من زۆر بە دوای ئەو لێدوانەی مالیكی گەڕام بەڵام نەمدۆزیەوە، تەنیا وەكو هەواڵ نەك دەق بڵاوكراوەتەوە بەبێ ئەوەی ئاماژە بەسەرچاوەكەی بكرێ، كە ئەمەیش وامان لێدەكات زۆر پشتی پێ نەبەستین، و بۆ ئاگاداریش ئەم هەواڵە یەكەم جار لە سایتێكی عەرەبی نەك كوردی بڵاوكرایەوە...!

**لە كاتێكدا مالیكی ئامادە نییە بودجە بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی كوردستان تەرخان بكات، ئەی چۆن دەتوانێ بودجە بۆ ئاوەدانكردنەوەی هەڵەبجە دابنێ؟**

**هەر كەسێک بە وردی سەیری ئەو ئاخاوتنەی مالیكی بكات بۆی دەردەكەوێ كە چۆن ئێزدی و شەبەک بە دوو نەتەوەی جیا لە كورد دادەنێ، ئایا ئەمە دەستێوەردان نییە لە كاروباری هەرێم، ئایا ئەمە پێچەوانەی دەستوور نییە؟**

# عێراق و تازەبوونەوەی کێشەکانی لەگەڵ سعودییە و کوێت



**سامی شۆرش**
**تایبەت بۆ گولان دەینووسێ**

لە ماوەی چەند هەفتەی رابردوودا، پەیوەندییە سیاسی و دیپلۆماسییەکانی نێوان عێراق و کوێت لە لایەك و، پەیوەندییەکانی سعودییە و عێراق لە لایەکی دیکە، کەشوهەوایەکی زۆر گرژیان تێکەوت، لەو ماوەیەدا بەغدا دوو دیاردەی بە خۆیەوە دی: یەکەم، هەڵایسانی رق و کینە بەرامبەر دەوڵەتی کوێت لە پای ئەوەی داوای جێبەجێ کردنی بریارە نێودەوڵەتییەکانی کردووە لە ئاست مەسەلەی ئەنجامەکانی داگیر کردنی خاکەکەی لە لایەن سوپای عێراقەوە ساڵی ١٩٩٠ دووەم دەرچوونی بەیاننامەیەکی حکومەتی کە پڕی بوو لە هێرش بۆ سەر سعودییە گوایە ئەم وڵاتە بەشدارە لە پیلانگێران لە دژی حکومەتی ئەمڕۆی عێراق.

ئەوەی راستی بێت، کەشوهەواکە، بۆ هەموو لایەنەکان جێگەی نیگەرانی و دڵتەنگی بوو، لە زۆر دیاردەیدا بە هەمان ئەو کەشوهەوا سیاسییە توندو گرژە دەچوو کە کاتی خۆی ساڵی ١٩٩٠، بەر لە هێرشی سوپای عێراق بۆ سەر دەوڵەتی کوێت هاتبووە پێش: کینەو بوغز. یەکدی تاوانبار کردن. هەڕەشەی بڕینی پەیوەندی دیپلۆماسی.

راستە، لەو نێوەندەدا ئەمەریکییەکان و بەریتانییەکان بە بێ دەنگی، رۆڵی گەورەیان گێڕاو توانیان قەناعەت بە هەر سێ دەوڵەتەکە بکەن کە ئیتر روو لە هێمنی بکەن و هەوڵ بدەن خۆ دوور گرن لە قووڵ کردنەوەی ناکۆکییەکان و دەست لە درێژەدان بە هێرشی میدیایی و سیاسی هەڵبگرن، بەڵام ئەگەر بێت و هەندێك بە گیانی ئینساف و لە سەرەخۆییەوە، بارودۆخەکە هەڵبسەنگێنین و لایەنە شاردراوەکانی تابلۆکە ببینین، ئەوا بە ئاشکرا چەند راستییەکی سیاسیمان بۆ دەردەکەوێت:

**یەکەم**، لە تازە بوونەوەی کێشەکان، لە ماوەی چەند هەفتەی رابردوو، بەغدا دەستپێشخەر بوو، بگرە لەوەش دەستپێشخەر بووە کە تا ئێستا هەوڵی نەداوە بە شێوەیەکی جیددی و دیپلۆماسانە دۆسیەی بریارە نێودەوڵەتییە پەیوەندەدارەکان بە داگیرکردنی کوێت ساڵی ١٩٩٠ چارەسەر بکرێن.

**دووەم**، هەمیشە ئەو کێشانەی وەك خۆی بە جێ هێشتووەو خۆی دزیوەتەوە لەوەی بە ئاشکرا دان بە رێککەوتننامەی نەخشەکێشانی سنووری نێودەوڵەتی عێراق و کوێت بنێت. ئاشکرایە، نەتەوە یەکگرتووەکان لە نیوەی یەکەمی نەوەدەکانی سەدەی رابردوو بڕیارێکی دەرکرد لە بارەی دەست نیشانکردنی سنووری نێودەوڵەتی نێوان هەر دوو وڵات.

**سێیەم**، راستە، هەر دوو دەوڵەتی سعودی و کوێت کێشەی جیاوازیان لەگەڵ بەغدا هەیە، بەڵام ئەگەر هەندێك بە دیققەت لە بابەتەکە ورد بینەوە دەبینین پەیوەندییەکی نادیاری هاوبەش لە نێوان کێشەکانی عێراق لەگەڵ ئەو دوو وڵاتەدا هەیە، رەنگە لێرەدا پەیوەندییە هاوبەشەکە ئێران بێت، یان وردتر حەز نەکردنی بەغدا بێت، لە ژێر فشاری تاران، کە پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ ئەم دوو دەوڵەتە ئاسایی بکاتەوە وەك ئەمەریکییەکان و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دەیانەوێت.

**چوارەم**، ئەو زمانە سیاسی و میدیاییەی لە بەغدا بەکار هات، بە تایبەتی لە ناو پەرلەمانی عێراق، لە دژی سعودی و کوێت، زمانێکی زۆر زبرو رقاوی و دوژمنانە بوو.

بە هەر حاڵ، هەموو لایەك ئاگاداری ئەو راستییەن کە سعودی و کوێت دوو دەوڵەتی گرنگن بۆ عێراق لە زۆر رووەوە بە تایبەتی لە بواری نەوت و هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی. بەڵام هەر لە سەردەمی رژێمی پێشووەوە عێراق کێشەی زۆر گەورەی لەگەڵ ئەو دوو دەوڵەتە هەبووە، هەندێك جار ناوەڕۆکی کێشەکان ئابووری بوون و پەیوەندییان بە نەوتەوە هەبووە، هەندێك جاری دیکە، سیاسی بوون و پەیوەندیان بە جیاوازیی سیستەمی سیاسی ریازو کوێت هەبووە لەگەڵ ئەوەی بەغدا. جاری دیکەش پەیوەندییان بە تەماحە سیاسییەکانی عێراق هەبووە بە تایبەتی تەماح لە زەمین و لە هەڵکەوتە دەریاییەکەی کوێت.

ئەمجۆرە تەماحە وا نەبێت هەر تەنیا پەیوەندیی بە رژێمی پێشووەوە هەبوو بێت، یان لە رەحمی ئایدیۆلۆژیا تاکڕەوەکەی ئەو رژێمەوە سەری هەڵدابێت. بەڵکو هەر لە کۆنەوە پەیوەندیی نێوان عێراق و ئەو دوو دەوڵەتە هەمیشە جۆرە گرژییەکی سیاسی و رۆشنبیریی زەق و گەورەی پێوە دیار بووە.

لە سەردەمی دامەزرانی دەوڵەتی عێراق لە سەرەتای بیستەکانی سەدەی رابردوو، چەندین شەڕو پێکدادان لە نێوان دەوڵەتی سعودی و عەشیرەتە شیعەکانی خوارووی عێراق روویان داوە، هەندێك لەو شەڕو پێکدادانانە پەیوەندیان بە هۆکاری مەزهەبییەوە هەبووە، بەڵام هەندێکی دیکە پەیوەندییان بە ناکۆکییەکانی نێوان خانەوادەی پادشایەتی لە سعودی و لە عێراق هەبووە، دواتر، بە تایبەتی دوای ساڵی ١٩٥٨ مەسەلەی جیاوازیی دەسەڵاتی سیاسیش لە نێوان سەعودی و کوێت لە لایەك و عێراقی کۆماری لە لایەکی دیکە، هاتە گۆڕێ. بەر لەوەش، عێراق لە سەردەمی مەلیك غازی دا، لە نیوەی یەکەمی سی یەکانی سەدەی رابردوو، هەمیشە تەماحی زۆری لە خاکی کوێت بووە. پاشان، لە سەردەمی ژەنەراڵ عەبدولکەریم قاسم ئەو تەماحانە زیندوو بوونەوەو کار گەیشتە هەڕەشەو لەشکرکێشی دواتر، لەسەردەمی سەدام حوسێن دا کێشەکان گەیشتنە ئەوەی سوپای عێراق بە ناهەق کوێت داگیر بکات و هێرشێکیش بۆ سەر خاکی سعودی بکات بە نیازی داگیرکردنی یەك لە شارە گەورەکانی ئەو وڵاتە.

زۆر لە چاودێرانی سیاسی تازە بوونەوەی کێشە لەو نێوانەدا دەبەستنەوە بەو مێژوە کۆنەی نەبوونی متمانە لە نێوان بەغداو ئەو دوو پایتەختە. هەروەها بە دووری نازانن سەرۆك وەزیرانی عێراق نوری ئەلمالیکی بیەوێت لە رێگەی دروست کردنی گرژی لەگەڵ ئەو دوو دەوڵەتە، خەڵکانی عێراق لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە بە بیانووی ئەوەی عێراق گوایە لەبەردەم پیلانی رەشی دەوڵەتانی دراوسێدایە و کات کاتی پشتگیری کردنی حکومەتەکەیەتی.

لەوەش زۆرتر، هەندێك لە چاودێران پێیان وایە، عەقڵە سیاسییەکەی ئەمرۆی بەغدا، هەوڵ دەدات بە دەستی دەستی پێکردن و دواخستنی جێبەجێکردنی بڕیارە نێودەوڵەتییەکان، وەك چۆن خۆی لە ماددەی ١٤٠ و ماددەی ١١٢ و چەندین ماددەی دیکەی دەستووری عێراق دەدزێتەوە، بە هەمان شێوە خۆ لە بڕیارە نێودەوڵەتییەکانیش بدزێتەوە بە تایبەتی ئەوانەی پەیوەندییان بە کوێتەوە هەیە.

لە هۆکارێکی دیکەی تازە بوونەوەی ناکۆکی، کە رەنگە لە هەموو هۆکارەکانی دیکە بەهێزتر بێت ئەوەیە کە نفووزی ئێران ئەمڕۆ دەسەڵاتێکی زۆری لە ناو ڕارەوەکانی حکومەتی بەغدا هەیە. وەك مەعلوومە، تاران کە لە باری خۆیەوە کێشەی گەورەی لەگەڵ ئەمریکا لە لایەك و لەگەڵ دەوڵەتانی کەنداو لە لایەکی دیکە هەیە، دەیەوێت لە رێگەی عێراقەوە زیانێکی سیاسیی دیکەش لە هەر دوو لا بدات:

**یەکەم،** ئەمەریکا تووشی سەرئێشەیەکی تازە بکاتەوە لە ناوچەی کەنداو بەوەی درز بخاتەوە نێوان عێراق و کەنداو. دیارە، ئەمریکا ماوەیەکە بە گەرمی خەریکی ئاسایی کردنەوەی پەیوەندییە دیپلۆماسیەکانی نێوان بەغداو پایتەختەکانی کەنداوە، سەرهەڵدانەوەی کێشە لە نێوان ئەو سێ دەوڵەتەدا هەموو ئەو هەوڵ و ماندووبوونانەی واشنتۆن هەڵدەوەشێنێتەوە.

ئینجا لەوەش بەولاتر، یەك لە هیوایەکانی ئەمریکا بۆ قۆناغی دوای کشاندنەوەی هێزەکانی خۆی لە عێراق دەوڵەتانی کەنداوە، ئەوەش بەو مانایەی ئەمریکا دەیەوێت ئەم دەوڵەتانە رۆڵێکی باشیان هەبێت لە ناو عێراق و پەیوەندیە دیپلۆماسییەکانیان ئاسایی بێت لەگەڵیدا، تا رێگە نەدرێت بۆشایی لە ناو عێراق دا دروست بێت دوای کشانەوەی ئەمریکا، نەوەکا ئێران کەڵك لەو بۆشاییە وەربگرێت و هەوڵی پڕکردنەوەی بدات دژ بە قازانج و بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا. کێشە لە نێوان عێراق و سعودی و کوێت، بە رای تاران، ئەم مەرامەی ئەمریکا تووشی شکستییەکی گەورە دەهێنێت.

دووەم، دەوڵەتانی کەنداویش تووشی سەرئێشە دەکات و وایان لێ دەکات بەوە رانەگەن وەکو پێویست پشتی ئەمریکا بگرن بۆ فشار خستنە سەر ئێران، بگرە قەناعەتی ئەوەشیان لا قووڵتر دەکاتەوە کە گۆڕانەکانی عێراق دوایینیسانی ٢٠٠٣ هیچیان لەو راستیە نەگۆڕیوە کە عێراق هێشتا وەك مەترسیەك بۆ سەر ئەمنی ئەو وڵاتانە ماوەتەوەو دەبێت دەوڵەتانی کەنداو خەتەری عێراق بە گەورەتر بزانن لە خەتەری ئێران.

بە هەر حاڵ، کوێت وڵاتێکە وەك کوردستان خەم و خەفەت و ئەزیەتی و خوێناوێکی زۆری بە دەست عێراقەوە چەشتووە، سعودیش تا رادەیەکی زۆر لەو پێناوەدا تووشی ئەزیەت هاتووە. ئینجا، لە مەسەلەی کوێت دا چەندین بڕیاری نێودەوڵەتی هەیە کە دەبێت بەغدا خۆیان لێ نەدزێتەوەو بە ئاشکرا کار بۆ جێبەجێ کردنیان بکات، راستە عێراق دەوڵەتێکە هی کوردو عەرەب و هەموو خەڵکانی عێراقە، بەڵام لەوە راستتر ئەوەیە کە دەبێت بەغدا فێری مل کەچ کردن بێت بۆ یاساو دەستووری بڕیاری نێودەوڵەتی. پێویستە بزانێت یەك لە مەرجە هەرە گرنگەکانی جێگیر بوونی سەقامگیری و پرۆسەی سیاسی و کیانی دەوڵەت لەوەدایە بە شێوەیەکی بوێرانەو بە هەست کردن بەوپەڕی مەسئولیەت، هەوڵی چارەسەر کردنی ئاشتیانەی کێشەکانی بدات لەگەڵ فەزای دەرەوەو فەزای ناوەوە.

هەر چییەك بێت هۆکارەکانی پشتەوەی ئەو کێشەیەی بەم دواییە لە نێوان بەغداو کوێت و ریاز دروست کرا، دیارە سەرهەڵدانی ئەو کێشەیە خۆی لە خۆیدا نیشانەی ئەوەیە کە هێشتا عێراق بە شێوەیەکی راست و دروست هەنگاو بۆ چارەسەر کردنی کێشەکانی خۆی هەڵناگرێت. بۆیە، هەڵەیە لە هەڵسەنگاندنی ئەو کێشەیەدا وای لێك بدەینەوە گوایە ئەم مەسەلەیە رەگوریشەی کۆنینەی هەیەو پەیوەندییەکی راستەوخۆی بە ناوەخۆی عێراق نیە. راستیەکەی، ئەم جۆرە کێشە دەرەکیانە، وەك کێشەکانی کوردو پێکهاتەکانی دیکە، پەیوەندییەکی راستەوخۆیان بە کەموکورتییەکانی سیاسەتی بەغداوە هەیە.

**لە تازە بوونەوەی کێشەکان، لە ماوەی چەند هەفتەی رابردوو، بەغدا دەستپێشخەر بوو، بگرە لەوەش دەستپێشخەر بووە کە تا ئێستا هەوڵی نەداوە بە شێوەیەکی جیددی و دیپلۆماسانە دۆسیەی بڕیارە نێودەوڵەتییە پەیوەندیدارەکان بە داگیرکردنی کوێت ساڵی ١٩٩٠ چارەسەر بکرێن.**

# کۆمەڵگەی ئەکتیڤ بونیادی کۆمەڵگەی خۆشگوزەرانە

# هەتا کۆمەڵگە ئەکتیڤ نەبێت ئومێد بۆ ئاینده دروست نابێت



## (ئومێد بۆ ئایینده گرنگترین و بەرزترین بەهاکانی کۆمەڵگەی ئازادە.)

یۆهان نۆرینبرگ

کاتێك خوێنەرانی گوڵان لەمیانەی هەفتەیەکدا، گوێبستی چەندین هەواڵی سەیر و سەمەرە لەمیدیا بەناو ئۆپۆزسیۆن و ئەهلی و سەربەخۆکانەوە دەبێت. بۆ نموونە هەندێك لەهەواڵەکانی هەفتەی رابردوو:

* بەڕێز دڵدار زێباری (ناسنامەی دڵدار ناسراوە-گوڵان)، جێگری پارێزگاری موسڵ !! لەلێدوانێکی تایبەتی تەلەڤزیۆنی knn رایدەگەیەنێت، بڕیاری هەردوو پارێزگای هەولێر و دهۆك بەدامەزراندنی ئەنجوومەنێك بۆ بەڕێوەبردنی ئەو قەزاو ناحیانەی زۆرینەی کورد و کوردستانین لەسنووری پارێزگای نەینەوا و لەبەرئەوەی لیستی حەدبا ناگاتە رێککەوتن، دڵدار لەتەلەڤزیۆنی knn ەوە دەڵێت: ئەو بڕیارانە شەرعی نیین و بڕیاری حزبین و، لیستی حەدبا نایەوێت هەڵوێستی توند بەرامبەر ئەندامانی لیستی برایەتی نەینەوا وەربگرێت، ئەگەر نا دەتوانێت هەموویان فەسڵ بکات.

* پارتی و یەکێتی ١٠٪ی بودجەی کوردستان بۆ حزبەکانیان دەبەن، بودجەی دوو مانگی پارتی و یەکێتی هێندەی بودجەی ساڵێکی چوار حزبەکەیە. ئەمەش فەسادە و بەناهەقخواردنی پارەی میللەتە.

* هەر کەسێك خروقات بکات، لای سەید مالیکی شکاتی لێدەکرێت.

* بە ناهەق ٥٠٠٠ خێزانی تایەفرۆشانی هەولێر دەردەکرێن، حکومەت غەدریان لێدەکات، ٥٠٠٠ خێزان نانبڕاو دەکرێت.

* رۆشنبیرەکانی دوێنێ، ئەمڕۆ کۆیلەی ئایدۆلۆژیەتن و رەشبینی دەبەشنەوە.

یان کاتێك گوێبیستی مەلایەکی تەربوشبەسەری ئیخوان دەبێت، لەنوێژی هەینی دەستبەرزدەکاتەوەو هاوار دەکات، ئەوەی ٢٠٠٠ مەتر زەوی میللەت بەبەلاش دەداتە وەبەرهێن، خوا چاوی کوێربکات.

دەزانین، رۆژی دووشەممە کە خوێنەرانمان بەشەوقەوە دەچن گۆڤاری گوڵان دەکڕن، دەبینن لەناو ئەو هەموو رووداوە گەرمەی پێش هەڵبژاردن و تۆمەت بەشینەوە لەمیدیاکانی کوردستان، گوڵان وەك ژمارەکانی پێشووی بەهەمان نەفەس لەڕاپۆرتە رەخنەییەکانی بەردەوامە و، باسی کۆمەڵگەی چالاکیان بۆ دەکات، لەوانەیە لەسەرەتاوە رەخنەمان لێبگرن، ئێمە هەست بەم حاڵەتە دەکەین، بەڵام راشکاوانە لەسەرەتاوە ئەو راستیەتان لێ ناشارینەوە، ئامانجی ئێمە ئەوەیە رەخنەمان لێبگرن، ئامانجی ئێمە ئەوەیە راپۆرتەکانمان پرسیاری تازەتان لا دروست بکات، دەزانین بەشێکی ئەو رەخنانەی لێماندەگرن، راستە، بەڵام حەز دەکەین ئەوەش لەئێمە قبوڵ بکەن، ئەوەی ئێمەش دەیکەین بەشێکی راستە.

ئێمە دەمانەوێت لەنێوان راستییەکانی هەردوولاماندا راستی سێیەم دروست بێت، کەبەشێکی هی گوڵانە و بەشێکی هی خوێنەران و هاووڵاتیانە، ئەمەش پێناسەی ئەو کۆمەڵگەیە کە دەمانەوێت هەموومان بەشداربین لەچالاککردنی. ئەم راپۆرتە بەهاوکاری لەگەڵ بیرمەندی جیهانی (ئەمیتا ئیتزایۆن)ی خاوەنی بیردۆزی (کۆمەڵگەی چالاك،Active Society ) و چەند پسپۆرێکی جیهانی دیکە، ئەم باسە گرنگە تاوتوێ دەکەین.

### مەبەست لە کۆمەڵگەی چالاك چییە؟

ئەمیتا ئیتزایۆنی کە لەساڵی ١٩٦٨ کتێبی (کۆمەڵگەی چالاك: تیۆرێك بۆ پرۆسەی کۆمەڵایەتی و سیاسیی)ی نووسیوە، ئەم تیۆرەی لەسەر بنەمای دوو کاری شرۆڤەیی دارشتووە، یەکەمیان، تێڕوانینی شرۆڤەگەرییە بۆ کۆمەڵگەکان و، دووەمیان تێڕوانینێکی مێژووییە بۆ رەوتی پێشکەوتنی کۆمەڵگاکان.

ئیتزایۆنی بە ٣ تێڕوانینی جیاواز سەیری کۆمەڵگەکان دەکات:

١- ئەو کۆمەڵگایانەی لەژێر ئایدۆلۆژیە تۆتالیتاریەکانن و کۆمەڵگە هەمووی وەك یەك بیردەکاتەوە.

٢- کۆمەڵگەی مۆدێرن کە تەنها پەیکەری ئێسکی کۆمەڵگە دەبینرێت.

٣- کۆمەڵگەی ئەقڵانی و کاری بەکۆمەڵ.

ئەم وتوێژە فیکرییەی کە ئیتزایۆنی بە هەوڵێکی دەزانێت، بۆ ئەوەی تاك لەکۆمەڵگەی مۆدێرن، لە کۆیلەبوونەوە بۆ تەکنەلۆژیا ببێتە سەروەر بەسەر ئایدۆلۆژیاوە، واتە لەبری ئەوەی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا تەمبەڵی بکات، پێویستە تەکنەلۆژیا بکات بەهۆکارێك بۆ چالاککردنی کۆمەڵگا.

ئەم چەند دێرە کە زۆر بەزمانێکی سادە دەیخەینەڕوو، مەبەستمان ئەوەنییە، بڵێین کۆمەڵگەی مۆدێرن یان تێزە فیکرییەکانی ماکس ڤێبەر بۆ بونیادی کۆمەڵگەی مۆدێرن، کە تێکەڵکردنی پرۆسەی سەرمایەدارییە بە سیستەمی بیرۆکراتی، لەپێشکەوتنی کۆمەڵگا سەرکەوتنی بەدەستنەهێناوە، نەخێر مەبەستمانە لەو خاڵەوە بێینەوە ناو باردۆخی ئێستای کوردستان، کە سەرکەوتنی تیۆرەکەی ڤێبەر لەو کێشە تازانەدایە کە ئەو پێشکەوتنە بەرچاوەی تیۆرەکەی ڤێبەر (ئاکاری پرۆتستانی و گیانی سەرمایەداری) بەرهەمی هێناوە، ئەمەش واتە بیری ڤێبەر بۆ کۆتاییهێنان بەتەمبەڵی و کارنەکردن لەئەوروپا، بوونە بنەما بۆ ئەو پێشکەوتنەی کە لەکۆتایی سەدەی رابردوو بیرمەندێکی وەك کارڵ پۆپەر لەبەرگریکردن لەئازادی وەك ماف و بەرپرسیاریەتی بەئاشکرا بەجیهان دەڵێت: (هیچ شارستانیەتێك هێندەی شارستانیەتی ئێمە خزمەتی بەمرۆڤایەتی پێشکەش نەکردووە)، ئەوە بەرهەمی ئەو کۆمەڵگەیە کە

دەگوترێت مۆدێرنە، پرسیار ئەوەیە: ئایا ئەم کۆمەڵگە پێشکەوتووە چۆن دروست بووە؟! ڤێبەر ٣ خاڵی کردۆتە بنەما بۆ بونیادی ئەم کۆمەڵگەیە کە بریتین لە:
١-پیرۆزکردنی کار.
٢- هاندانی داهێنان.
٣-هەوڵدان بۆ قازانجی زیاتر.
ئەم سێ خاڵەی وەك پرۆژەیەکی سەرمایەداری بەسیستمێکی بیرۆکراتی (نووسینگەیی، واتە هەڵسوڕانی سەرمایە لەچوارچێوەی یاسا).
ئەم سیستەمەی ڤێبەر بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵگا دایرشت، بوونە هۆکاری:
أ- بەکارهێنانی سەرچاوەکان و گۆڕینی بۆ سەرمایە.
ب- بەهێزکردنی توانای بەرهەمهێنان بۆ زیادکردنی بەرهەم.
ت- بونیادی دەسەڵاتێکی بەهێزی نەتەوەیی و بونیادی ناسنامەی نەتەوە.
ث- بڵاوکردنەوەی مافەکان و بەشداری سیاسیی.
ئەم گۆڕانکارییە پێشکەوتنێکی هێنایەئاراوە، کە لەساڵی ١٩٦٨ بیرمەندێکی وەك ئیتزایۆنی بەئاشکرا ئەوە رایگەیەنێت، کۆمەڵگای مۆدێرنە تێپەڕێنرا و، پۆست مۆدێرنە دەستی پێکرد. ئەمەش واتە ئەو پێشکەوتنەی کۆمەڵگەی مۆدێرنەی دروستکرد، کێشەکانی کۆمەڵگەی پۆست مۆدێرنەی هێنایەئاراوە، دروست وەك چۆن فۆکۆیاما قۆناخی دوای کۆتایی مێژوو، بە قۆناخی پۆست هیومان بایۆتەکنەلۆژی دەستنیشان دەکات، واتە لەکۆمەڵگەی ئازادیشدا، دیسان دەبێت هۆشیار بین و پێشکەوتن ئازادی بێ مانا نەکات، ئیتزایۆنیش لەم تیۆرە سیاسیی و کۆمەڵایەتییە، مەبەستی ئەوەیە پێشکەوتنی مۆدێرنە ئەو بنەمایانەی چالاکی کۆمەڵگە دروستی کردون، بەرهەمی مۆدێرنە ئەو چالاکیە بێ بایەخ نەکات.

## ئەم دیاردەیە بۆ ئێستای کۆمەڵگەی ئێمە سوودی چییە؟

بێگومان ئەم پرسیارە دەکرێت تەنها بە دوو وشە وەڵام بدەینەوە و بڵێین لەبەرئەوەی تەکنەلۆژیا هەموو کۆمەڵگاکانی کردووە بەکۆمەڵگەی پۆست مۆدێرنە، بەڵام پرسیاری ئێمە ئەوەیە، ئایا دەکرێت، کۆمەڵگەی کوردستان بەو شێوەیە پێناسە بکەین؟ لەوەڵامدا دەڵێین بەڵێ لەم رووەوە کە ئەمڕۆ عەولەمەی تەکنەلۆژیا، لەهەموو شوێنێکدا بەئاسانی دەستدەکەوێت، لەم رووەوە هیچ جیاوازییەکی نەهێشتۆتەوە، بەڵام لە رووی پێشکەوتنی کۆمەڵگە، بەکارهێنانی سەرچاوەکان بەتایبەتی سەرچاوە مرۆییەکان و گۆڕینی بۆ سەرمایە و، گۆڕینی کوردستان لەبازاڕێکی ئیستهلاکییەوە بۆ بازاڕێکی بەرهەمهێن و هەموومان شانازی بەوە بکەین لەسەر بەرهەمەکانمان بنووسرێت (Made in Kurdistan)، واتە شانازی بەناسنامەی نیشتمانی و نەتەوەیی خۆمان بکەین کە بەرهەمهێنین نەك موستەهلیك، ئەوا نەك ناتوانین خۆمان لەگەڵ پۆست مۆدێرنە بەراورد بکەین، بەڵکو هێشتا نەگەیشتووینەتە قۆناخی سەرەتایی و هەوڵدان بۆ مۆدێرنەکردنی کۆمەڵگەی خۆمان.

## لەم هاوکێشەیەدا حکومەت تاچەند دەستەوەستان بووە؟

بەپێی ئەو رۆشنبیریە سیاسییە سەقەتەی رۆژانە بەناوی ئۆپۆزسیۆن و دەنگی نارەزاییەوە وەك ژەهر دەکرێتە مێشکی میللەتەکەمان، هەموو نەهامەتیەکانمان دەخەنە ئۆباڵی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەمەش واتە:
١- حکومەت بەرپرسە لەوەی هەموو تاکەکان بکاتە فەرمانی خۆی.
٢- دەبێت حکومەت لەبری تاکەکان بیربکاتەوەو فێری کارکردنیان بکات و تواناکانیان بۆ بەرژەوەندی خۆی هەڵبسوڕێنێت.
٣- دەبێت حکومەت بەزەبری هێز ئەوەی گەندەڵی کرد لەبەردەم پەرلەمانی کوردستان هەڵیبواسێت.
٤- حکومەت دەبێت ژن بۆ گەنجەکان بێنێت و کچەکانیش بەشوو بدات.
٥- حکومەت دەبێت بزانێت کەی باران دەبارێت و کەی نابارێت.
٦- حکومەت دواکەوتووە رێز لەدابونەریتی کۆمەڵگە دەگرێت و بێ دینە گوێ بەدابونەریتی کۆمەڵگە نادات.(بە هەردوو ئاواز دەخوێنن !!).
٧- دەستکەوتەکان هەمووی هی حکومەتە، کەواتە دەبێت حکومەت لەهەموو نەهامەتیەکانیش بەرپرسیار بێت.
دیارە دەبێت موناقەشەیەکی زانستی و ئەقڵانی لەسەر ئەم پرسە گرنگە بکرێت، پێشتر ئەو رۆشنبیرییە سەقەتە سیاسییە نەمانخاتە گۆشەیەکەوە، کە خۆشی نازانێت باسی چی دەکات، بۆیە دەپرسین: ئەگەر حکومەت ئەم هەموو دەسەڵاتەی پێ ببەخشین و بەرپرسیاری بکەین لەهەموو سەرکەوتن و نەهامەتیەکانمان، کەواتە یان دەبێت ئێمە لەسیاسیەت تێنەگەیشتبین، یان بیریارانی فەلسەفەی یاسا و سیاسەت تێنەگەیشتبن. ئەگەر بیریاران بەهەڵە بزانین، ئەوا قوربەسەر ئەو میللەتەی ئایندەی خۆی دەخاتە دەستی ئەو سیاسییە سەقەتانەوە، ئەگەر هێندە بوێریش بین دان بەهەڵەی خۆماندا بنێین، ئەوا لەبری ئەوەی هەوڵبدەین ئەو هەموو دەسەڵاتە بدەین بەحکومەت، دەسەڵاتی حکومەت هێندە دیاریکراو دەکەین، کە تەنها چەند دەسەڵاتێکی دیاریکراو هەبێت، کەرتی تایبەت بەئاستێك لەسەر حسابی کەرتی گشتی (حکومەت) فراوان دەکەین، کە بێجگە لەسەرپەرشتی کردن و چاودێریکردنی بازاڕ بەپێی یاسا، حکومەت هیچ رۆڵێکی لەبازاڕدا نەبێت، ئەمەش واتە دروستکردنی ئەو کۆمەڵگە چالاکەی کە تێیدا، تاك چالاکە، گروپی چالاك دروست دەکات، گروپە چالاکەکان، کۆمەڵگەی چالاك دروستدەکات، کۆمەڵگەی چالاك بوار نادات حکومەت دەست لەکاروباری وەربدات هەتا ئەوکاتەی خۆی داوا دەکات، پرسیار ئەوەیە: ئایا ئۆپۆزسیۆن یان ئەوانەی خۆیان بەئۆپۆزسۆنی دەسەڵات دەزانن، بەیەك پێتیش بەلای کۆمەڵگەی چالاك و کراوە چوون و هەوڵیانداوە،میللەتی خۆیان هانبدەن دەسەڵاتەکانی حکومەتی خۆیان دیاری بکەن؟ ئەمە ئەو پرسیارەیە، کە رۆشنبیری سەقەتی سیاسیی خۆی لێ دەشارێتەوە و لێی تێناگات، بەوانەشی ئەمڕۆ ناسنامەی رۆشنبیری دەکەنە ملیان، ئایا کام رۆشنبیر هات بەرچاوی میللەتەکەی خۆی روونبکاتەوەو رووبکاتە

بۆ ئەوەی تاك لەکۆمەڵگەی مۆدێرن، لە کۆیلەبوونەوە بۆ تەکنەلۆژیا ببێتە سەروەر بەسەر ئایدۆلۆژیاوە، واتە لەبری ئەوەی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا تەمبەڵی بکات، پێویستە تەکنەلۆژیا بکات بەهۆکارێك بۆ چالاککردنی کۆمەڵگا

ئەو رۆشنبیریە سیاسییە سەقەتەی وەك ژەهر دەکرێتە مێشکی ئەو میللەتە و پێیان بڵێت، ئایا بۆ بەزەییتان بەئایندەی ئەو میللەتەدا نایەتەوە. بۆچی ئەم هەموو دەسەڵاتە دەدەن بەو حکومەتە، چۆن دەبێت لەکۆمەڵگەی دیموکراسیدا سەرکەوتنەکانمان مەکرەمەی حکومەت بێت و نەهامەتیەکانمان کەمتەرخەمی حکومەت بن، با رۆشنبیران بێنە دەنگ و سەربەرزانە بڵێن:

١- نامانەوێت چیدیکە گوێمان لەو قسە بێ مانایانە بێت، سیاسەتی سواڵکردن لەم وڵاتە هەبێت،نابێت ئیتر سواڵکردن بەناوی منداڵی هەتیوەوە و کەفالەتی ٥٠ هەزار دینارەوە لەم وڵاتە بمێنێت.

٢- نامانەوێت ئەو قسە بێ مانایە باوی بمێنێت، بۆ کار دەکەیت، کێ بردوویەتیە قەبرەوە لەگەڵ خۆی، نابێت ئەو قسە بێ مانایە باوی بمێنێت، ئەم جیهانە بەجیهانی فانی پێناسە بکرێت.

٣- دەبێت رۆشنبیرانی ئێمە لەسەر خۆیان بەدەنگ بێن، لەوڵاتێکدا بەرهەمی فیکر دینارێك نەکات، واتە رۆشنبیرەکانی توانای بەرهەمهێنانی بەرهەمی فیکریی نییە، چ شەرمەزاریەکە لەوڵاتێکدا هاووڵاتیانی پێویستیان بە بەرهەمی فیکریی رۆشنبیرەکانی نەبێت.

٤- دەبێت رۆشنبیران بەئاشکرا بەهاووڵاتیانی خۆیان بڵێن، لەوڵاتێکدا حزبە سیاسییەکان ئایین بکەن بە ئایدیۆلۆژیاو سیاسەت، ئیتر لەم وڵاتە هەموو شتێك بوونی هەبێت، دیموکراسی، مافی مرۆڤ، دەوڵەتی یاسا بوونی نییە، ئەگەر وا نییە با رۆشنبیرانمان سەرپشك بن، نموونەیەك پیشانی میللەتی خۆیان بدەن.

٥- پێویستە رۆشنبیرانی ئێمەش بوێرانە بەمیللەتی خۆیان بڵێن لەهەر وڵاتێکدا گەر تەنها چەپڵە بۆ دەسەڵات لێدرا و رەخنە نەبوو. ئەوە دیکتاتۆرییەت بەرکەماڵە، رەخنەکانتان و ئازادی رادەربڕینتان نیشانەی کۆتایی دیکتاتۆرییەتە، بەو مەرجەی رەخنەکانتان بریتی بێت لە چاککردنەوەو مەشخەڵی رێگا، بریتی بێت لە پڕۆژەی جیدی بۆ بەردەم حکومەت، بە مەرجێك رەخنەکانتان دوور بێت لە قین و رق، بەڵکو رەخنەکانتان دڵسۆزیتان نیشان بدات.

٦- لە وڵاتێکدا، مەلایەکی تەربوش لەسەر، یان کادرێکی کوردی زمانی ئیخوان، هونەر و کولتوور و بەرنامە تەلەفزیۆنیەکان بەبێ ئەخلاقی کۆمەڵگە پێناسە بکەن، بەدەنگی بەرز لەنوێژی هەینی بەموسڵمانان بڵێت، زنجیرە درامای حەزرەتی یوسف (د.خ) حەرامیش بێت، سەیرکردنی حەرام نییە و لەزنجیرە تەلەڤزیۆنییە بێ ئەخلاقیەکانی تەلەفزیۆنیەکانی دیکە باشتر نییە، ئایا شەرمەزاری نییە بۆ رۆشنبیرانی ئێمە خیتابی کابولی سەردەمی تالیبان لەشارەکانی کوردستان بگوترێتەوە؟ ئایا شەرمەزاری نییە، بانگەشە دەکەن تەکنەلۆژیا بۆ دروستکردنی کۆمەڵگەی داخراو بەکاربهێنین؟ ئایا شەرمەزاری نییە، بانگەشە دەکەن، دەڵێن زانکۆکانی کوردستان جێگەی عیشقبازی و پانتۆڵی تەسك لەبەرکردنە؟

٧- چۆن لەم وڵاتەدا رۆشنبیر بوونی دەبێت،کاتێك ئایدۆلۆژیەتێکی سیاسیی بوونی هەبێت، یاری بەموقەدەساتی میللەت بکات، ناسنامەی نیشتمانپەروەری بەئەرشەد و دڵدار زێباری بدات؟ چۆن لەم وڵاتە رۆشنبیر بوونی دەبێت،کاتێك ئایدۆلۆژیەتێکی سیاسیی تازە بەتازە کۆمەڵگەی سەرمایەداری و بازاڕی ئازاد بە»دەوڵەمەندبوونی زیاتری دەوڵەمەندەکان و هەژاربوونی زیاتری هەژارەکان» پێناسەدەکات، پاکانەی ئەم بەکارهێنانە بەوە ناکرێت بڵێین گەندەڵی هەیە. راستە گەندەڵی هەیە، بۆیە دەبێت بگەڕێینەوە بۆ ئابووری مەرکەزی و ئابووری دەوڵەت، ئایدۆلۆژیەتی سیاسیی سەقەت، مەبەستی ئەوەنییە، گەندەڵی چارەسەر بکات، بەڵکو مەبەستی ئەوەیە لەژێر پەردەی گەندەڵیدا، دیموکراسی لەسێدارە بدات، هەروەك چۆن کۆمەڵی ئیسلامی لەڕادیۆی نور بەناوی ئیسلامیەتەوە خەڵکی کوردستان بەزمانی عەرەبی فێری مێژووی عەرەبی دەکات، نەك مێژووی ئیسلام، دەپرسێت کێ یەکەم کەس بووە بەزمانی عەرەبی فەسیح قسەی کردووە، ئایا ئەمە فێرکردنی زمانی عەرەبیە یان لەبیربردنەوەی مێژووی کورد و کوردستانە.

## ئەوانەی بێئومێدی لەناو میللەتدا بڵاودەکەنەوە دوژمنی دیموکراتی و کۆمەڵگەی چالاکن

کاتێك دەڵێین ئەوانەی بێئومێدی بڵاو دەکەنەوە، دوژمنی دیموکراتی و کۆمەڵگەی چالاکن،ئایا مەبەستمان ئەوەیە ئەوەی کەموکوڕییەکان دەستنیشان دەکات دوژمنی کۆمەڵگایە؟ بۆیە ئەم پرسیارەمان وروژاندوە، لەبەرئەوەی دڵنیاین رۆشنبیری سەقەتی ئۆپۆزسیۆن یان ئەوانەی بەحساب ململانێی دیموکراتی دەکەن، بەوجۆرە ئومێد بە رەخنەو تەفسیر دەکەن، لەکاتێکدا مەبەستی سەرەکی لەم باسە ئەوەیە لەکۆمەڵگەیەکدا رەخنە نەبێت، ئومێدیش بوونی نییە، ئێمە دەمانەوێت بەخوێنەرانی خۆمان بڵێین، نابێت شانازی بەچارەسەرکردنی کێشەکانەوە بکەین، بەڵکو دەبێت بیر لەکێشەکانی ئایندە بکەینەوە، دەبێت بڕوامان وابێت، چەند پێشبکەوین رووبەڕووی تەحەددی زیاتر و کێشەی تازە دەبینەوە، دەبێت لەو راستییە ئاگادار بین کەسانی ترسنۆك و هیچ لەبارە نەبوو، خۆی لەمەترسییەکانی ئایندە دەپارێزێت و پێش ئەوەی شێری تەحەددی رووبەڕووی بێتەوە، لەکونێکدا خۆی دەشارێتەوە، بەڵام ئەوەی بڕوای بەوە بێت دەبێت ئێستا تێپەڕێت و ئومێد بۆ ئایندە دروست بێت، دێتە دەرەوە و رووبەڕووی شێری تەحەددی دەبێتەوە و راوی دەکات، ئایا لەمێژووی مرۆڤایەتیدا کێن ئەوانەی راوی شێریان کردووە؟ ئایا ئەوانەی تەمبەڵیان بەسەر خۆیاندا زاڵکردووە، یان ئەوانەی بڕیاریانداوە نابێت شێر و دڕندە رێگربێت لەبەردەم پێشکەوتنیان.

کەواتە رەخنە شتێکە و بێئومێدکردنیش شتێکی دیکەیە، هاندان بۆ چالاککردنی کۆمەڵگە شتێکە و هەوڵدان بۆ بڵاوکردنەوەی تەمبەڵی و کارنەکردن شتێکی دیکەیە، هەر بۆ نموونە:

١- لەدوای جەنگی دووەمی جیهان پێش ئەوەی دەوڵەتانی پیشەسازی بەو ئاستە پێشبکەون. مەترسی جیهان ئەوە بوو، پلەی گەرما بەئاستێك دابەزێت، چاخێکی سەهۆڵینی دیکە دووبارەبێتەوە،

شەرمەزاری نییە بۆ رۆشنبیرانی ئێمە خیتابی کابولی سەردەمی تالیبان لەشارەکانی کوردستان بگوترێتەوە؟ بانگەشە دەکەن، دەڵێن زانکۆکانی کوردستان جێگەی عیشقبازی و پانتۆڵی تەسك لەبەرکردنە؟

دوای پێشکەوتنی پیشەسازی، مەترسی بەرزبوونەوەی پلـــەی گەرما هاتەئاراوە، ئـــەم گۆڕانکارییە چی دروســـتی کرد؟ بێگومان پێشکەوتن، بەڵام ئایا ڕەخنەگرتن لەبەرزبوونەوەی پلەی گەرما بۆ ئەوە بوو، دەوڵەتانـــی پیشەســـازی کۆمپانیاکانیان دابخەن، یان بەدوای چارەسەردا گەڕان، یۆهان نۆرنینرگ دەڵێت، کەشـــوهەوای ئێستای لەندەن لەکەشوهەوای سەدەکانی ناوەڕاســـت پاکترە، واتە ڕەخنەکان بۆ ئەوە بوو کە ژینگە پاکبکرێتەوە، نەك کۆمەڵگە بگەڕێتەوە بـــۆ دواوە. پرســـیاری ئێمە ئەوەیـــە ئایا یەك ڕەخنە لەوڵاتی ئێمە بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵگە و چارەسەرکردنی کێشـــەکانە؟ گریمان بڵێیـــن بەڵێ، بەڵام پرسیار ئەوەیە ئایا بەرنامەی ئەو لایەنانە بۆ ڕووبەڕووبوونـــەوەی گەندەڵی چییە؟ ئایا بەرنامەیان بـــۆ کرانەوەی کۆمەڵگە چییـــە؟ ئایـــا هاندانیان بـــۆ چالاکی کۆمەڵگە چییە؟

**ئایدۆلۆژیەتی سیاسیی سەقەت، مەبەستی ئەوەنییە، گەندەڵی چارەسەر بکات، بەڵکو مەبەستی ئەوەیە لەژێر پەردەی گەندەڵیدا، دیموکراسی لەسێدارە بدات**

٢- جیاکردنەوەی ئەرك وماف، نەك پێکەوە بەستنەوەیان، باشە ئەو لایەنە سیاسیانەی هاووڵاتی فێردەکـــەن، تەنها مافت هەیە و ئەرکت لەسەرشـــان نییـــە، ئایا دەبێت ئەو لایەنە سیاســـیانە چۆن بیربکەنەوە و چاوەڕێـــی چیان لێ بکرێت بۆ ئایندەی ئەم میللەتە؟ لەوڵاتێکدا هاووڵاتیان بەو جۆرە ئاراستە بکرێن تەنها مافیان هەیە نەك ئەرك، ئایا بێجگە لەکۆمەڵگەیەکی نائەکتیڤـــی داهاتـــوو چاوەڕێـــی چی لێدەکرێـــت؟ بـــۆ پێچەوانەکردنەوەی ئەم قسانەمان، تکایە یەك بەرنامەی خۆتان بڵاو بکەنەوە، کـــە ئاماژەبێت بۆ ئەرکی هاووڵاتـــی و بەشـــداری هاووڵاتیـــان لەچالاکییەکانی کۆمەڵگە و بەشـــداری هاووڵاتیان لەگـــەڵ حکومەتی خۆی، ئایا لایەنێکی سیاسیی داوای ریفۆرمی سیاســـیی لەکۆمەڵگەیەکی دیموکراتی بکات، دەبێت ڕەخنەکانی لەرۆشـــنبیری دیموکراتـــی داماڵرابن، ئایـــا ڕەخنەی دیموکراتیانە ئەوەیە، پیشـــانی بدەیت لەم وڵاتـــە قوتابخانەیەك دروســـت نەکراوە، نیشانی بدەیت کە نەخۆشخانە لەم وڵاتە نییە، ئێمـــە یەك پرســـیار لەبەرنامەی سیاســـی ئەو بەناو ریفۆرمـــە دەکەین، ئەگـــەر لایەنێکی سیاســـیی بەوجۆرە لەئەفغانستان ڕووی حکومەتی کارازای پیشـــانی جیهان بدات، لەو وڵاتەشـــدا زیاتر لـــە ١٠٠ ملیار دۆلار ســـەرمایە هەڵبســـووڕێت، چۆن سەیری ئەو لایەنە سیاسییە دەکرێت، ئایا برادەرانی ریفۆرمی کوردســـتان نەیاندەگوت ئەو حزبە هێشتا لەچەرخی بەردین دەژی، هێشتا ئەلف و بێی دیموکراتی فێر نەبووە. پرسیار لێرەدا ئەوەیە، ئایا ئـــەم حکومەتە کەموکورتی نییە؟ لەوەڵامـــدا دەڵێین ئەگەر لەوڵاتی ئێمە کێشـــە و کەموکورتـــی نەبێت واتە حکومەتمـــان نەبێت، بەڵام کێشـــەکانی ئەمڕۆمان کێشـــە و کەموکورتییەکانی دوێنێ نین، هەر بۆ نموونە:

أ- پارساڵ ئەم کاتە کێشەی سلێمانی بێ ئاوی بوو، ئەمساڵ کێشەکان کەموکورتی تۆڕەکانـــی ئـــاوە، پار پـــرۆژەی هێڵی دووەمی دوکان نەگەیشـــتبووە سلێمانی، بۆیە نەدەتوانرا باسی کێشەی تۆڕی ئاو بکەین، بەڵام ئامـــاژە بەهێڵی دووەمی ئاوی دوکان ناکەن کە کێشەی تۆڕەکانی ئـــاو نین، بۆیە ئەمە ڕەخنە نییە و خەڵك نائومێدکردنە.

ب- یەکدوو ســـاڵ لەمەوپێش سیستەمی پـــەروەردە، سیســـتەمێکی تەقلیـــدی بوو، ئێســـتا سیســـتمێکی پێشکەوتووە، لەبەرئەوە سیستمی پێشکەتوو، پێویستی بەسیستمی قوتابخانەی پێشکەتوو هەیە، بۆیە دەبێت باس بکرێت، نابێت ٢ دەوامی و ٣ دەوامی بمێنیت.

ت- یەکدوو ساڵ لەمەوپێش نەشتەرگەری دڵ لەکوردســـتان نەدەکرا. ئێســـتا دوو سەنتەری نەشتەرگەری دڵ لە سلێمانی و هەولێـــر هەیە، بۆیە ٢ ســـەنتەر بەس نییە، لەهەمانکاتدا، ڕاستە نەشتەرگەری دڵ لەچـــاو دەرەوە زۆر هەرزانـــە بەڵام دیسان پێویســـتی بەیارمەتی حکومەت و دابەزینـــی نـــرخ هەیە، بـــەڵام بڵێین سیستمی تەندروســـتی لەم وڵاتە نییە، مانای وایە ئەمە سیاسیەت نییە و ئەمە هەڵخەڵەتاندن و بێئومێدکردنی هاووڵاتیان و تەمبەڵکردنی کۆمەڵگەیە.

ث- کاتێك دەڵێیـــن هیچ گوندێکی ئەم کوردســـتانە ئـــاوەدان نەکراوەتەوە، هیچ خزمەتگوزاریەکیان پێشـــکەش نەکراوە، لەکاتێکدا، کەمترین خزمەتگوزای بۆ هەر ٤٥٠٠ گوندە کاولکراوەکەی کوردستان، تەنها پرۆژەیەکی ئـــاو، قوتابخانەیەك و مزگەوتێـــك و بنکەیەکی تەندروســـتی بێت، واتـــە حکومەتی کوردســـتان ١٨ هەزار پرۆژەی لەگوندەکانی کوردســـتان دروستکردووە، ئەگەر دروستکردنی ڕێگا بۆ هـــەر گوندێك تەنها ١٠کم بێت، واتە حکومەتی هەرێمی کوردســـتان ٤٥٠٠٠ کیلۆمەتـــر ڕێگای دروســـتکردووە، ئایا پێویستە بەهاووڵاتیان بگوترێت، هاوکاری حکومەتـــی خۆتـــان بکـــەن، لەکۆریا گوندنشینەکان لەپرۆژەی سیمائۆل تەنها کەرەســـتەیان لەحکومـــەت وەردەگرت و خۆیان گوندەکانی خۆیان ئاوەدانکردۆتەوە، ئایا ئەمە هاندانێك نابێت بۆ ئەکتیڤکردن و ئاوەدانکردنەوەی کوردستان، کۆرییەکان تائێســـتا زیاتـــر لەدەیـــان خولیـــان بۆ ئەندازیارانـــی کوردســـتان لەســـیئۆل کردۆتـــەوە بۆ ئەوەی گوندنشـــینەکانی خۆمـــان ئەکتیڤ بکەین، بەڵام ئێســـتا لەخولێکـــدا بەکۆرییەکان بڵێین، لەوڵاتی ئێمە تەیارێکی سیاسیی بەناوی ریفۆرم دروســـتبووە، ئامانجی ئەوەیە هاووڵاتیان بکاتە تەماشەکەر و چاوەڕێی حکومەت بن بۆئەوەی هەموو خزمەتگوزاریەکیان بۆ دابینبکات، پاشـــان لیستێکی دیکە بدەن بەحکومەت بڵێن ئەمە ماوە، ئایا گەلی کۆریای باشـــور چۆن سەیری سیاسەت لەوڵاتـــی ئێمە دەکەن، گەر بزانن ریفۆرم لەوڵاتی ئێمە مانـــای ئەوەیە هاووڵاتی کارنەکات و بەشداری حکومەت نەکات، ئایا قاقای پێکەنین لەســـیئۆلەوە ناگاتە کوردستان.

**کۆمەڵی ئیسلامی لەڕادیۆی نور بەناوی ئیسلامیەتەوە خەڵکی کوردستان بەزمانی عەرەبی فێری مێژووی عەرەبی دەکات، نەک مێژووی ئیسلام، دەپرسێت کێ یەکەم کەس بووە بەزمانی عەرەبی فەسیح قسەی کردووە، ئایا ئەمە فێرکردنی زمانی عەرەبیە یان لەبیربردنەوەی مێژووی کورد و کوردستانە**

## ئامانجمان لەکۆمەڵگەی چالاک ئەوەیە تاکی کوردستان سوود لەتەکنەلۆژیا وەربگرێت

مەبەستمان لەسوود وەرگرتن لەتەکنەلۆژیا، ئەو ســـوودانە نییە کـــە بانگخوازەکەی یەکگرتووی ئیسلامی لێی تێگەیشتوون، لای بانگخوازەکەی یەکگرتوو، ســـوود وەرگرتن لەتەکنەلۆژیا بریتی بوو لە:

١- بەکارهێنانی شاشـــەی تەلەڤزیۆن بۆ سەیرکردنی کەناڵە ئیسلامیەکان.

٢- بەکارهێنانی مۆبایل بۆ خەبەرکردنەوەی یەکتری بۆ نوێژی بەیانیان.

٣- بەکارهێنانی بلوتوس بۆ گۆڕینەوەی سروودی ئایینی.

٤- بەکارهێنانی کۆمپیوتەر بۆ لێدانی سیدی سروودە ئایینەکان.

٥- ڕێگەنەدان بە کوڕ و گەنجەکان ئیمەیڵی تایبەتی خۆیان هەبێت، دەبێت دایك و باوکەکان پاسووردی ئیمەیڵی منداڵەکانیان بزانن.

بێگومان ئەوە گاڵتە کردنە بەتەکنەلۆژیا، بۆیە ئەوەی ئێمە مەبەستمانە لەسوود وەرگرتن لەتەکنەلۆژیا، جیاوازی تێگەیشتنی ئێمە و ئەوان بۆ سوودی تەکنەلۆژیا پیشاندەدات، ئاماژە بەم خاڵانە دەکەین:

١- ئێمە دەمانەوێت ئەو تەکنەلۆژیایەی بەرهەمی کشتوکاڵی ١٠ قات بەرامبەر دەکات، بەهەمان شێوە لەوڵاتی ئێمە بەکاربهێنرێت و پێویستمان بەهاوردەی بەرهەمی کشتوکاڵی نەبێت.

٢- دەمانەوێت، ئەو تەکنەلۆژیایەی لەوڵاتانی دەرەوە پێداویستیەکانی بینا دروستدەکات، بەهەرزان دەگاتە کوردستان، لەکوردستان دروستبکرێن.

٣- دەمانەوێت تەکنەلۆژیا ببێتە هۆکارێك بۆ دروستکردنی حکومەتی ئەلیکترۆنی و بۆرسەی کۆنترۆڵی بازاڕ.

٤- دەمانەوێت تەکنەلۆژیا هۆکارێك بێت بۆ سوودوەرگرتنی قوتابیانی زانکۆکانی کوردستان لەسەرجەم زانکۆکانی جیهان و مامۆستا بەناوبانگەکانی جیهان بۆئەوەی بەڕێگای شاشەی ئەلیکترۆنی ڕاستەوخۆ لەزانکۆ پێشکەوتووەکانی جیهانەوە، لەزانکۆکانی کوردستان وانە بڵێنەوە.

٥- دەمانەوێت تەکنەلۆژیا هۆکارێك بێت بۆئەوەی ڕۆژانە لەکۆڕ و کۆبوونەوە ڕۆشنبیری و زانستییەکانی جیهان بەشدار بین نەك تەنها بینەر بین یان بیسەر.

٦- دەمانەوێت تەکنەلۆژیا هۆکارێك بێت بۆ سوودوەرگرتن لەسەرچاوە سروشتیەکانمان و کانزاکانمان و گۆڕینی بۆ سەرمایە.

٧- دەمانەوێت هەموو ئومێدمان بەو ئاستە بەرزبێت ساڵی ئایندە داهاتمان لەمساڵ زیاتر دەبێت.

٨- دەمانەوێت تەکنەلۆژیا بەئاستێك کۆمەڵگەی ئێمە چالاك بکات، ئەو پێشکەوتنەی کۆمەڵگاکانی هاوشێوەی ئێمە لەسەدەی بیست بە ٥٠ ساڵ بەدەستیانهێناوە، ئێمە بەچەند ساڵێك بەدەستیبهێنین.

## کارەسات ئەوەیە لەقۆناخی گەشەپێدان ئایدۆلۆژیەتێک نائومێدی دروستبکات

ئەو بازرگانەی لەقۆناخێکی ناسکدا ڕەشبینی بڵاو بکاتەوە و پێداویستی خەڵك ئیستیغلال بکات بۆ چاوچنۆکی خۆی، ئەوە ئاشکرایە لەناو میللەت بەبازرگانی شەڕ و چاوچنۆك ناسراوە، لەوانەیە میللەت لەڕەفتاری ئەو بازرگانە تەنها مەبلەغێك پارە زەرەر بکات، بەڵام کاتێك ئایدۆلۆژیایەکی سیاسی لەقۆناخی گەشەپێداندا، ساردکردنەوەی میللەتی خۆی بکاتە کارتێك بۆ برەوی ئامانجە سیاسییەکەی و کۆمەڵگەیەکی چالاك بگۆڕێت بۆ کۆمەڵگەیەکی بێکار، ئەوا ئێمە نازانین چۆن وەسفی بکەین، بەڵام دەزانین ڕەوتی پێشکەتنی کۆمەڵگە بەئاستێك دوادەکەوێت، کە هەستانەوە و بەگڕخستنەوەی کارێکی ئاسان نابێت.

**لەکۆریا گوندنشینەکان لەپرۆژەی سیمائۆل تەنها کەرەستەیان لەحکومەت وەردەگرت و خۆیان گوندەکانی خۆیان ئاوەدانکردۆتەوە**



## ئومێدەوارم کۆمەڵگەکانی دیکەش لە ئێوەوە فێرببن، لەبەر ئەوەی بە تێڕوانینی من ئێوە کارێکی باشتر دەکەن لە بەشەکانی دیکەی عێراق

**بیرمەندی جیهانی ئەمیتا ئیتزایۆنی خاوەنی تیۆری کۆمەڵگەی چالاک بۆ گوڵان:**

# من ئەو راستییە دەزانم کە ئێوە لە کوردستان کۆمەڵگەیەکی بەهێزتان پێکهێناوەو، دامەزراوەی خۆتان هەیە



بیرمەندی ناسراوی جیهانی ئەمیتا ئیتزایۆنی لە سالی ٢٠٠١ ەوە ناوی لە ریزی ١٠٠ بیرمەندە گەورەکەی ئەمەریکا لە کتێبی ریچارد پۆسنەر تۆمارکراوە و خاوەنی تیۆری( کۆمەڵگەی چالاکە: پرۆسێسی کۆمەڵایەتی وسیاسییە) ئیتزایۆنی لە سالی ١٩٥٨ دکتۆرای لە سیسیۆلۆژی لە زانکۆی کالیفۆرنیا وەرگرتووە و ماوەی ٢٠ ساڵ لە زانکۆی کۆلۆمبیا ئوستادی سیسۆلۆژی بووە و هەر لە زانکۆی کۆلۆمبیاش مامۆستا بووە کە تیۆری کۆمەڵگەی چالاکی داناوە،لەسالی ١٩٧٩-١٩٨٠ واتە لەسەردەمی پۆستی سەرۆك کارتەردا راوێژکاری کاروباری ناوخۆ بووە لە کۆشکی سپی ولە سالی ١٩٨٠ ناوی پرۆفیسۆری یەکەمی لە زانکۆی جۆرج واشنتۆن پێبەخشراوە،پرۆفیسۆر ئیتزایۆنی هەتا ئێستا ٢٤ کتێبی نووسیوەو خاوەنی دەیان توێژینەوەو سەدان وتارە لە رۆژنامەکانی ئەمەریکا و لەسەر ئاستی جیهان خاوەنی شکۆی فیکری و زانستی خۆیەتی.
دیمانەی یەکەمی گوڵان لەگەڵ ئەم بیرمەندە جیهانییە دەگەڕێتەوە بۆ سالی ٢٠٠٧ ئەو کاتەی بیرمەند ئیتزایۆنی پلانی Z ی بۆ چارەسەری عێراق داڕشت و پێش ئەوەی لە کۆنگرێس ئەم پلانە باس بکات، لەلایەن ئامۆژگای چاتام هاوسی پادشایەتی بەریتانیاوە پێشوازی کرا بۆ پێشکەشکردنی پلانەکەی و، پاشانیش لەلایەن کۆنگرێسەوە دانیشتنێکی بۆ گوێگرتن لە پلانەکەی بۆ سازکرا، هەربۆیە کاتێك دووای بڵاوبونەوەی هەواڵی پلانەکەی پەیوەندیمان پێوەکرد، پرۆفیسۆر ئیتزایۆنی سەرسامی خۆی پیشاندا، ئێمە لە کوردستانەوە ئاگاداری وردەکارییەکانی پلانەکەی ئەوین، هەر بۆیە ئامادەباشی پیشاندە وەڵامی پرسیارەکانمان بداتەوە و لە کاتی خۆشیدا راپۆرتێکی گرنگمان لەسەر پلانی Z بڵاوکردەوە، ئەمجارەش کە بۆ قسەکردن لەسەر کۆمەڵگەی چالاك پێوەندیمان پێوەکرد. لەگەڵ ئەوەی زۆر سەرقاڵ بوو، بەڵام چەند کاتێکی کەمی بۆ تەرخانکردین بۆ ئەوەی وەڵامی پرسیارەکانمان بداتەوە.





*** ئایا کۆمەڵگەی چالاك بە مانای چی دێت؟ بۆچی دەبێت بۆ بنیاتنانی ژیانی خۆشگوزەران و گەشەکر دووو کۆمەڵگەیەکی چالاکمان هەبێت؟**

- کۆمەڵگەی چالاك ئەو کۆمەڵگایەیە کە تێکڕای ئەندامەکانی ئامادەن هەندێ لە هەوڵەکانیان بکەنە قوربانی لە پێناو بەرژەوەندی گشتیدا. بە نیسبەت بەشی دووەمی پرسیارەکەوە، من دەڵێم ئەگەر بۆ هەموو شتێك پشت بە حکومەت ببەسترێت، ئەوا ناتوانین هەموو ئەو کارانە ئەنجام بدەین کە پێویستە ئەنجام بدرێن، کەواتە دەبێت هەموو ئەندامانی کۆمەڵگەکە هەندێ لە هەوڵەکانی بۆ هێنانەدی بەرژەوەندی گشتی تەرخان بکەن.

*** ئێوە نووسەری کتێبی «کۆمەڵگەی چالاك»ن ئایا بیرۆکەی پشت نووسینی ئەم کتێبەوە چی بوو؟**

- خەڵك بە گشتی فێری ئەوەبووە کە تەنها بیر لەو کارانە بکاتەوە کە یان لە لایەن دەوڵەت یان لە لایەن بازاڕەوە ئەنجام دەدرێن، بەڵام هەندێ کاری دیکە هەیە دەبێت ئێمە وەك ئەندامانی کۆمەڵگە پێیان هەڵبستین وەك بایەخدان بە منداڵەکانمان، بە هاوڕێکانمان و بە کۆمەڵگەکەمان کە ئەمانە نە دەوڵەت و نە بازاڕ نایکەن.

*** دووای کتێبی «کۆمەڵگەی چالاك» کتێبی «کۆمەڵگەی باش»ت نووسی، ئایا جیاوازی سەرەکی نێوان ئەم دوو کۆمەڵگەیە چین؟**

- من باوەڕم نی یە کە کۆمەڵگەیەکی سەد دەر سەد باش هەبێت و لە راستیدا ئەو دوو کۆمەڵگەیەی لە پرسیارەکەتاندا ئاماژەتان پێکر دووە تا رادەیەکی زۆر یەك شتن، لەبەر ئەوەی ناتوانین کۆمەڵگەی باشت هەبێت ئەگەر ئەندامانی کۆمەڵگە چالاك نەبن، پێچەوانەی ئەندامی چالاك، ئەندامی سستە، ناچالاکە کە چاوەڕێ دەکات ئەوانی دیکە بایەخی پێبدەن و کارەکانی بۆ ئەنجام بدەن.

*** بنەماکانی کۆمەڵگەی چالاك پێداگیری لە سەر هاوکاری نێوان ئەندامانی کۆمەڵگە دەکەنەوە، ئایا میکانیزمەکانە هێنانەی ئەم هاوکارییە چین؟ ئایا بەرنامەی کۆمەڵگەی چالاك چی یە؟**

- من پێم خۆشە ئێوە بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە بۆ کتێبەکە بگەڕێنەوە، وەك لە کتێبەکەمدا باسمکر دووە، دەبێت پێشکەوتنی کۆمەڵگە نەبێتە هۆکارێك بۆ سستبوونی کۆمەڵگە.

*** ئێمە لە کوردستانی عێراقدا چۆن دەتوانین سوود لە تێور و کتێبەی تۆ وەربگرین؟**


- من ئەو راستییە دەزانم کە ئێوە کۆمەڵگەیەکی بەهێزتان پێکهێناوە، داب و نەریت و دامەزراوەی خۆتان هەیە، رادەیەکی دیاریکراو لە ئۆتۆنۆمیتان هەیە و ئومێدەوارم کۆمەڵگەکانی دیکەش لە ئێوەوە فێربن، لەبەر ئەوەی لە تێڕوانینی مندا ئێوە کارێکی باشتر دەکەن لە بەشەکانی دیکەی عێراق.

*** هەندێ لە کۆمەڵناسانی رۆژئاوا پێیان وایە دەبێت حکومەت رۆڵێکی چالاکی هەبێت لە دانانی بەرنامەی کۆمەڵگەی چالاکدا، ئایا ئەمە نابێتەهۆی دەستێوەردانی حکومەت لە کۆمەڵگەی مەدەنیدا؟**

- نا ئەوە پێویست بە شەراکەتێکی سێ لایەنە دەکات و نابێت هیچ لایەك زیاد لە پێویست رۆڵ و قەبارەیان گەورەبێت، نە دەوڵەت، نە بازاڕ و نە کۆمەڵگەی مەدەنی. زۆرجار ئەم حکومەتە حکومەتی ئیقلیمی دەبێت و مەرج نی یە حکومەتی مەرکەزی بێت.

*** یەکێکی دیکە لە بەرنامەکانی کۆمەڵگەی چالاك پشتگیریکردن و هاندانی پێگەیشتووانە بۆ ئەوەی بەشداری لە رێکخراوە کۆمەکبەخش و خێرخوازییەکاندا بکەن لە سەر بنەمای خۆبەخش؟**

- من پتر بایەخ بە کار و گرنگیدانی بە خێزان و گەڕەکەکان و کۆمەڵگەکە دەدەم، بە تایبەتی ئەو کار و ئەرکانەی پەیوەندییان هەیە بە کۆمەڵگەی مەدە نی یەوە و من پێم وایە کۆمەڵگە گرنگی زیاتری هەیە.




**کۆمەڵگەی چالاک ئەو کۆمەڵگایەیە کە تێکڕای ئەندامەکانی ئامادەن هەندێ لە هەوڵەکانیان بکەنە قوربانی لە پێناو بەرژەوەندی گشتیدا**

# بە ملیۆنەها خەڵک لە ئەمەریکا لە چاودێری تەندروستی و چاودێری منداڵ بێبەشن

**پرۆفیسۆر بینجامین ستاینەر سەرۆکی بەشی سیسیۆلۆژی و دادپەروەری جینائیە لەزانکۆی دیلاوەر و پسپۆر و تایبەتمەندیشە لە سەر کۆمەڵگەی چالاك وخۆشگوزەران، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە گرنگە و چۆنی یەتی چارەسەرکردنی کێشەکانی کۆمەڵگە، پرۆفیسۆر بینجامین بە جۆرێك باسی کۆمەڵگەی ئەمەریکی بۆ کردین وەك ئەوەی هەڵمەتی هەڵبژاردن بێت و یەکێك لە لیستەکانی رکابەری لیستی کوردستانی باسی هەولێر یان سلێمانی بکەن، ئەوەی جێگەی هەڵوەستەکردنی ئێمە بوو لەکاتی وەڵامدانەوەی پرسیارەکانماندا، ئەوەبوو. چۆن دوای ٢٠٠ زیاتر لە پیادەکردنی کاری دامەزراوەیی و حکومڕانی دەوڵەتێکی وەك ئەمەریکا بە دەستورێك کە نەك خۆیان بەڵکو مرۆڤایەتی شانازی پێوەدەکات، هێشتا لەم کۆمەڵگەیە، ئەو هەموو کەموکورتییە هەبێت، بەتایبەتی وەك پرۆفیسۆر بینجامین بۆ گوڵان ئاماژەی پێکرد، راستە چاودێری تەندروستی لە ئەمەریکا بوونی هەیە، بەڵام بۆ کەسێکی وەك ئەو کە سەر بەچینی ناوەندە پێویستی بە کۆمەڵێك رۆتینیات هەیە،هەتا لەم چاودێرییە بێ بەش نەبێت، بێگومان ئەوەی پرۆفیسۆر ستاینەر لەم دیمانە تایبەتەی گوڵان ئاماژەی پێکردووە، هەموو ئەمەریکا بەو شێوەیە نی یەو بەڵام ئەو کێشانەش بوونیان هەیە، تائێستا نەتوانراوە هەموو کێشەکان چارەسەر بکرێن، چارەسەریش بکرێن کێشەی تازە دێنە ئاراوە و کێشەکانی کۆمەڵگەی دیموکراتی تەواو نابن، ئێمە لە دیمانەکە لە بیرمان بوو، لێی بپرسین کە هێندە باردۆخی ئەمەریکا خراپە بۆ نافەرمویت لە یەکێك لە زانکۆکانی ئێمە میوان بیت، بەڵام ئەم پرسیارەمان نەکرد لەبەر ئەوەی پێشتر لە چوارچێوەی ئەو پرسیارانەی ئامادەمان کردبوو، مەزندەی ئەوەمان نەکردبوو، کێشەکانی ئەمەریکاش بە دیدی ستاینەر لە کێشەکانی هەرێمی کوردستان قورسترن، بۆیە کە گوێمان لە قسەکانی دەگرت، لە دڵی خۆماندا دەمانگوت، بەس نی یە ئێمە ئەوەندە کێشەمان نی یە، بەهەرحاڵ، جوانی کۆمەڵگەی دیموکراتی ئازادی رادەربڕین و پیشاندانی کەموکورییەکانە، بۆیە دەبێت هەموومان ئەو جوانیانە بپارێزین، ئەمەش دەقی قسەکانی پرۆفیسۆر ستاینەرە بۆ گوڵان.**

*** کێشەو کەموکورتی نیشانەی زیندویی کۆمەڵگایە، مەبەستمان ئەوەیە کۆمەڵگە چەند پێش بکەوێت رووبەروی کێشە و تەحەدای زیاتر دەبێتەوە، ئایا بەڕێزت چۆن سەیری کێشەکانی کۆمەڵگە دەکەیت؟**

- لە راستیدا لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ئومێدێکی زۆر هەیە بە سەرۆکی نوێی وڵاتەکە کە جەوهەری پەیامەکەی بۆ خەڵکی ئەمەریکا دابینکردنی مافە بنەڕەتییەکانە وەك شوێنی نیشتەجێ بوون، چاودێری تەندروستی و هتد، لەبەر ئەوەی حاڵی حازر لە ئەمەریکادا بە ملیۆنەها خەڵك هەیە خانوو ماڵ و شوێنی نیشتەجێ بوونیان لەدەستداوە، بە ملیۆنەها خەڵك بێبەشن لە چاودێری تەندروستی و چاودێری منداڵان، کە ئەمەی دواییان زۆر گرنگە و ئەمەریکا بایەخی پێنەداوە. بارودۆخە ئابوورییە خراپەکە ئەوەندەی دیکە کێشەکەی ئاڵۆزکردووە،



بەڵام من باوەڕم وایە هۆکاری سەرهەڵدانی ئەم قەیرانە ئابوورییە، دابین نەکردنی ئەم مافە بنەڕەتیانەیە و هۆکارەکەی ئەوەیە کە کۆمپانیاکان بە شێوەیەکی نابەرپرسیارانە تەنها لە خەمی کۆکردنەوەی قازانجدان. من ناڵێم دەبێت کۆمەڵگەیەکی میسالیمان هەبێت، بەڵام لە وڵاتە ئەسکەندەنافیەکاندا خەڵك نابینین کە شوێنی نیشتەجێ بوونیان نەبێت، بێ بەش بن لە چاودێری تەندروستی. بەو پێیە من پێم وایە کۆمەڵگەی چالاك زەمانەتی دابینکردنی ئەم مافە بنەڕەتیانە لە خۆدەگرێت. خاڵێکی دیکە ئەوەیە راستە لە ئەمەریکا خەڵکی نوێنەرایەتی هەیە و حکومەتی مەحەلیان هەیە، بەڵام ئەم نوێنەرانە بۆ بەرژەوەندی خەڵك کارناکەن، ئەمە یەکێکی دیکەیە لە کەموکورتییەکان بۆ هێنانەدی کۆمەڵگەیەکی چالاك، لەبەر ئەوە من پێم وایە دەبێت ئەو دامەزراوە و نوێنەرانەمان هەبێت کە کەمتر هەوڵ و کۆششەکانی خۆیان بۆ هەڵبژاردنەکانی داهاتوو تەرخان دەکەن، چونکە حاڵی حازر لە ئەمەریکادا، خەڵکانێك هەن ئاوی پاکی خواردنەوەیان نی یە، لە هەندێ شوێندا قوتابخانەکان بێ کەڵك بوونە. خەڵکانێك هەن بە دەست هەژارییەکی روو لە زیادەوە دەناڵێنن.

*** هەندێ لە کۆمەڵناسانی ئەوروپای رۆژئاوا پێیان وایە دەبێت حکومەت**

**رۆڵێکــی چالاکی هەبێت لــە دانانی بەرنامەی کۆمەڵگــەی چالاکدا، ئایا ئەمە نایێتەهۆی دەستێوەردانی حکومەت لە کۆمەڵگەی مەدەنیدا؟**

- مــن پێموایــە رۆڵــی حکومەت لەم رووەوە، لە بنەڕەتدا رۆڵێکی بێ کاریگەر دەبێت، لەبەر ئەوەی هەمیشە بەرژەوەندی کۆمپانیــا گــەورەکان لــە حکومەتدا باڵادەســتە، ئەوەی حکومەت دەتوانێت پێی هەڵبســتێت بریتییە لــە دابینکردن و زەمانەتکردنی ئــەو مافە بنەڕەتی و ســەرەکیانەی کە پێویستن بۆ هێنانەدی کۆمەڵگەیەکی چالاک. لە راستیدا حاڵی حازر کەلێنێکی گەورە لە نێوان هەژاران و دەوڵەمەندەکانــدا هەیە لە ئەمەریکا و وڵاتانی دیکەی رۆژئاوا کە جیاوازییەکە بە ژمارەی فەلەکــی لێکدەدرێتەوە، بۆ نموونە لــە ئیفلاســکردنی کۆمپانیای جەنەراڵ مۆتۆرزدا، کێ باجەکەی دەدا، کوا نوێنەری ئەو کەســانەی کە باجی ئەم ئیفلاسبوونە دەدەن، بەو پێیە من پێم وانــی یە جگە لە دابینکردنی ئەو مافە بنەڕەتیانە حکومــەت بتوانێت رۆڵێکی سوودبەخش ببینێت.

*** یەکێکــی دیکــە لــە بەرنامەکانی کۆمەڵگــەی چــالاک پشــتگیریکردن و هاندانــی پێگەیشــتوانە بــۆ ئەوەی بەشــداری لە رێکخراوە کۆمەکبەخش و خێرخوازییەکاندا بکەن لە ســەر بنەمای خۆبەخش، ئایا ئەمە هەستی ئینتیمابوون بۆ کۆمەڵگەکەیان دروست دەکات؟**

- بــە دڵنیاییــەوە ئەوە مەســەلەیەکی بنەڕەتییــە و ئەمەش لــە حاڵی حازردا لە ئارادا نی یە، راســتە خۆشــبەختانە چەندیــن رێکخراو و چەندین خەڵك هەن کە بە شێوەیەکی خۆبەخشانە کاردەکەن، بەڵام ئەوەی لە وڵاتــە یەکگرتووەکانی ئەمەریــکادا بــەدی دەکەیــن ئەوەیە خەڵکانێــك زۆر دوورەپەرێــزن، ئەمەش بۆ ئەو کێشــە سەرەکییە دەگەڕێتەوە کە لە کۆمەڵگەکــەی ئێمەدا هەیە، ئەویش جەختکردنەوەی زیاد لە پێویستە لەسەر تاکەکــەس، بــۆ نموونە لە ســەردەمی نیکســۆن و ریگاندا زۆرێك لە رێساکان رێکخســتنی کاری کۆمپانیــاکان هەڵوەشــێنرانەوە، لەگەڵ هەڵوەشانەوەی یەکێتییەکانی کار، ناســەقامگیری لەو سوود و ئیمتیازاتانەی چینی ناوەڕاست وەری دەگــرت، لەگەڵ ســەرهەڵدانی نوخبەیەکی کەم کە زۆرینەی سەروەتی وڵاتەکەیان لە ژێر دەســتدابوو، بۆ نموونە ســەردەمانێك لە ســەدا ٩٠ ســامانی وڵاتەکە لە ژێر دەســتی لە ســەدا ١ی خەڵکی وڵاتەکەدا بوو، ئەمە بە راستی روویدا.

*** کاتێك بــاس لە فەردانییــەت، یان تاکەکەس بــوون دەکرێت ئــەوا جەخت لەسەر ئازادی تاکەکەســی دەکرێتەوە، بــەڵام کاتێك بــاس لــە کۆمەڵگەی چالاك دەکرێــت، ئەوا جەخت لەســەر هاوکاری دەکرێتەوە، پرســیارەکە ئەوەیە ئایا کۆمەڵگــەی چالاك دژی ئازادی تاکەکە کەسی یە؟**

- لە راســتیدا من بــاوەڕم بەوە نی یە کە دەوترێت ئازادی تاکەکەسی فەراهەم کراوە، من پێم وایە ئەوەی هەیە ئازادی دەوڵەمەندەکانە بۆ کۆکردنەوەی سەروەت و ســامانی زیاتر. بۆ نموونە چاودێری تەندروستی کە یەکێکە لە خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییە سەرەکییەکان، پێویست بەوە دەکات چەندەها رۆتین و رێ وشــوێنی بگریتەبەر بۆ کەسێکی وەك من کەسەر بە چینی ناوەڕاستم بۆ ئەوەی سوودمەندبم لەم خزمەتگوزارییــە، ئەمە لە کاتێکدا ئەم خزمەتگوزارییە دراوە بە کۆمپانیای تایبەت و ئامانجی سەرەکی کۆمپانیاش بەدەســتهێنانی زۆرترین بڕی قازانجە. من پێم وایە ســەرۆك ئۆباما، هەرچەندە سەرۆکێکی ژیرە، بەڵام بەلەرچاوگرتنی ئــەو بارودۆخــەی خولقێنــراوە، ئەوا رووبەڕووی ئەرکێکی زەحمەت دەبێتەوە، بــۆ نموونــە حاڵــی حــازر خەڵکانی ئەمەریکا لە ســایەی هەرەســهێنانی بازاڕ و دامەزراوە داراییەکاندا کاردەکەن، لــە هەلومەرجێکــدا لەوانەیــە لە هەر ســاتەوەختێکدا بەرپرسەکەی کرێی کەم بکاتەوە، یاخود لەسەر کار دەری بکات، لەبەر ئەوە بە تێڕوانینی من ئەوەی ئەوان بانگەشەی بۆ دەکەن بە هیچ شێوەیەکی ئازادی نی یە.

*** هەنــدێ لە شــارەزایان پێیــان وایە پشــتگیری کــردن لــە سیاســەتی کۆمەڵگەی چالاك باشترین پاڵپشتە بۆ بەرەنگاربوونەوەی هــەژاری، ئایا ئەمە دەبێتەهۆی ئەوەی رووداوی کۆمەڵگەی چالاك لەســەر ئاســتی دامەزراوەکانی دەوڵەت؟**

- لــە راســتیدا من تەواو رەشــبینم لە ئاست ئەو دۆخەی لە ئەمەریکادا هەیە، من ســەرەتا لێکۆڵینەوەکانــم دەربارەی هەژاران بــوو، کە چۆن ئێمە بێ ئەوەی خزمەتگوزارییە و خۆشگوزەرانیان بۆ دابین بکەین، فڕێیان دەدەینــە زیندانەکانەوە، دواتر من ئاڕاســتەی لێکۆڵینەوەکانم بۆ خەڵکــە بێ ماڵ و حاڵــەکان گۆڕی، لێرەدا من دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم کە لەسەرەتادا رێکخراوە قازانج نەویستەکان کارێکی باشــیان کرد بۆ ئــەم چینانە، بەڵام دواتر وردە وردە گۆڕان بۆ شێوەی قەوارەیەکی بازرگانی، یان بۆ کۆمپانیا، کە زۆرترین کاتی خۆیان بۆ کۆکردنەوەی قازانــج تەرخان دەکــەن، لەبری ئەوەی هەوڵەکانی خۆیان بۆ کێشە ئاڵۆزەکان و پێداویستییە بنەڕەتییەکان بۆ ئەو کەسانە تەرخــان بکــەن کە هەژاران و شــوێنی نیشــتەجێ بوونیان نی یە. من هەمیشە ئیعجابی خۆم بە وڵاتانی ئەسکەندەنافی دەربڕیوە کە ئاســتێکی نزمی هەژاری هەیە لە وڵاتانەدا و خەڵك بێ بەش نابن لە شوێنی نیشــتەجێ بوون، ئەگەرچی کێشــەی ناڵیبوردەیی هەیــە بەرامبەر کۆچکردووەکان و کەمینە ئیتنی یەکان، لە کاتێکدا ئەمەریکا تا رادەیەکی باش روبەڕووی ئەم کێشەیە بۆتەوە، بۆ نموونە هەڵبژاردنی ســەرۆکێك کە ئەســڵێکی ئەفریقــی هەیە لە وڵاتەکــەدا، کە من هەرگیز باوەڕم نەدەکرد ئەمە روویدات.

*** هەندێ لــە رۆشــنبیرانی رۆژئاوا لیبراڵییەت بە بنەمای دیموکراسی دادەنێن و هەندێکیــان عەدالەتی کۆمەڵایەتی، ئایا لە حاڵی دامەزراندنی دیموکراسیدا لەسەر بنەمای لیبراڵی، هیچ گرژیەك لە نێــوان دیموکراســی و کۆمەڵگەی چالاکدا روودەدات، ئایا هیچ ناکۆکی لە نێوانیاندا هەیە؟**

**راستە لە ئەمەریکا خەڵکی نوێنەرایەتی هەیە و حکومەتی مەحەلیان هەیە، بەڵام ئەم نوێنەرانە بۆ بەرژەوەندی خەڵک کارناکەن، ئەمە یەکێکی دیکەیە لە کەموکورتییەکان بۆ هێنانەدی کۆمەڵگەیەکی چالاک**

- لە راستیدا ئەم گرژیە هەیە و هەمیشە هەبووە، ئەوەی من باسمکرد لە بارەی روبەڕووبونەوەی رەگەزپەرستی لە ئەمەریکا بەو مانایە نایەت کە ئیتر تێکڕای کۆمەڵگەکە بەشدارییەکی مەدەنی دەکەن و تەواو هاوکارن لەگەڵ یەکدا بە چەشنی ئەو کۆمەڵگە یۆتۆپیانەی باس دەکرێن. ئەم گرژیە هەیە و هەروەك پێشتر ئاماژەم پێکرد کەلێنی نێوان هەژار و دەوڵەمەندەکان لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و وڵاتانی ئەوروپادا لە گەورەبووندایە.

*** ئایا دەکرێت لە کۆمەڵگە تازەگەشەکردووەکان، یان وڵاتانی دوای شەڕ، یاخود ئەو وڵاتانەی لە سەرەتای پرۆسەی بە دیموکراتیکردندان کۆمەڵگەیەکی چالام بنیات بنێین؟**

- دەکرێت، بەڵام بە مەرجێك چاکسازییەکی ریشەیی لە دامەزراوە ئابوورییەکانی جیهاندا بهێنرێتەدی، بۆ نموونە، رێکخراوی بازرگانی جیهانی، لەبەر ئەوەی ئەم دامەزراوانە شکستیان هێناوە، ئەم دامەزراوانە تەنها لە هەوڵی زیادکردنی قازانجدان و کرێکارەکان ئیستیغلال دەکەن. من پێم وایە بە چەشنی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کاردەکەن، لە راستیدا ئێستا سەرتاسەری جیهان وەك ئەمەریکا رەفتاردەکەن، بۆ نموونە، بڕوانە بڵاوبونەوەی ماکدۆناڵ لە جیهاندا، بەڵام ئایا ماکدۆناڵ کرێیەکی باش دەدات بە کرێکاران؟ نەخێر، ئایا ئیستیغلالیان دەکات؟ بەڵێ، بەڵام بڵاوبونەوەشی لە جیهاندا بۆتە رەمزی بە ماکدۆناڵبوونی جیهان، لەبەر ئەوە تاوەکو گۆڕانگاری رادیکاڵی لەم دامەزراوانەدا نەهێنرێتەدی، تاوەکو سەندیکا کرێکاریە بەهێزەکان دروست نەبن بۆ بەرگری کردن لە کرێکاران، بە تایبەتی لە رووی کەمکردنی ئەو نایەکسانی یەی لە ئارادایە، ئەو ئامانجە بهێنرێتەدی کە ئێوە لە پرسیارەکەتاندا ئاماژەتان پێکردووە.

*** دوا وتەت چی یە ؟**

- من پێم وایە سەرۆك ئۆباما بە راستی باوەڕی بەوە هەیە کە دەبێت سەرچاوەکانمان لە عێراقدا بخەینەگەڕ بۆ بنیاتنانەوەی دامەزراوەکانی ئەو وڵاتە، چونکە ئێمە قەرزاری ئەو وڵاتەین، لەبەر ئەوە تا ئەم کارە نەکات عێراق جێناهێڵێت. عێراق رێگایەکی دورودرێژی لە پێشە، بەتایبەتی بەلەبەرچاوگرتنی ئەو وێرانکاریەی لە سەر دەستی داگیرکاری ئەمەریکا و بزوتنەوەی یاخیبوون روویداوە لە وڵاتەکەدا، بەو پێیە دەبێت عێراقیەکان خەبات بۆ بەدەستهێنانی مافە بنەڕەتیەکانیان بکەن، دەبێت تۆوی بنیاتنانی کۆمەڵگەی مەدەنی بچێنن و دەبێت ئەو راستیەیان لەبەرچاو بێت کە ئەمە کۆشش و خەباتێکی بەردەوامە، چونکە دامەزراوە ئابوورییە جیهانییەکان تەنها لە هەوڵی زیادکردنی قازانج و ئیستیغلالکردنی کرێکاراندان و بایەخ بە بەدی هێنانی مافە بنەڕەتییەکان نادەن، دەبێت عێراقییەکان خۆیان ئەم خەباتە بکەن، ئەمەش کارێکی زەحمەتە بە تایبەتی ئەگەر سەرچاوە سنوردارەکان لەبەرچاو بگرین، لەگەڵ ئەو راستییەی کە گروپەکان بوونی بەرژەوەندی هاوبەش لە نێوياندا بەدی ناکەن، هەندێ لە سیاسییەکانیش ئەم دۆخە بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکاردەهێنن و هەوڵی هێشتنەوەی ئەم جیاوازی و دابەشبوونانە دەدەن، ئەمەش کاریگەری تێکدەرانەی دەبێت.

**کەلێنێکی گەورە لە نێوان هەژاران و دەوڵەمەندەکاندا هەیە لە ئەمەریکا و وڵاتانی دیکەی رۆژئاوا کە جیاوازییەکە بە ژمارەی فەلەکی لێکدەدرێتەوە**





**لە وتارێکدا کە تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە**

**پرۆفیسۆر نوریتا کۆرتیگ:**

# دەبێت ئێمە و ئێوە ڕووبەڕووی ئایدۆلۆژیەتی سیاسی حزبە ئایینیە دۆگماکان ببینەوە، کە هەڕەشەن لەسەر بناغە بنەڕەتییەکانی کۆمەڵگەی کراوە



پرۆفیسۆر نۆریتا کۆرتیگ کە ئوستادی مێژوو فەلسەفەی زانست بووە پێشتر لە زانکۆی ئیندیانا، ئێستا خانەنشینە و سەرقاڵی توێژینەوەیە،لە ساڵی ١٩٥٩ دکتۆرای لە کیمیا وەرگرتووە و لە ساڵی ١٩٦٩ دکتۆرای لە مێژووی زانست وەرگرتووە و بەیەکێك لە شوێنکەوتووانی بیری کارل پۆپەر دادەنرێت، کە پێشکەوتنی زانست بە بناخەی پێشکەوتنی کۆمەڵگە و هەنگاو هەڵگرتن بۆ کۆمەڵگەی کراوە هەڵدەگرن، هەفتەی ڕابردوو لە کاتی ئامادەکردنی ڕاپۆرتەکەماندا لەسەر کۆمەڵگەی کراوە، کاتێك پێوەندیمان لە خاتوو نوریتا کرد، سەرسامی خۆی پیشاندایین،کە لەسەر بابەتی کۆمەڵگەی کراوە پەیوەندیمان بە بەڕێزییەوە کردووە، بەڵام دوای موناقەشەیەکی کورت و ئاماژەکردنمان بۆ بایەخی فەلسەفەی زانست لە بونیادی کۆمەڵگەی کراوە و پێشکەوتنی کۆمەڵگە، پێی ڕاگەیاندین حەز دەکەن، وەڵامی پرسیارەکانمان وەك دیمانە بداتەوە، یان وتارێك بۆ گوڵان بنوسێت، ئێمە بەسوپاسەوە پێمانخۆش بوو بنووسێت، ئەمەش دەقی ئەو وتارەیە کە خاتوو نوریتا تایبەت بە گوڵان نووسیویەتی، سوپاسیشی دەکەین کە سەردێڕی وتارەکەی بە سڵاو بۆ خوێنەرانی گوڵان دەستپێکردووە.

پرۆفیسۆر نوریتا کۆرتیگ تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

# زانست سەرچاوەیەکی گرنگە بۆ بونیادی کۆمەڵگەی کراوە

**سڵاو بۆ خوێنەرانی گوڵان**

ئەو حاڵەتی سەرسوڕمانەی من بهێننە پێشچاوی خۆتان کاتێك چەند رۆژێك پێش ئێستا زەنگی تەلەفۆنەکە لە چێشتخانەکەی ماڵەکەمدا لێیدا و کاتێکم زانی قسە لەگەڵ یەکێك لە رۆژنامەنوسانی گۆڤارێکدا دەکەم لەهەرێمی کوردستان (باکووری عێراق)،کە چەند پرسێکی لەگەڵدا وروژاندم و چەند پرسیارێکی قووڵی لێکردم دەربارەی ئازادی و ئایدۆلۆجی و رۆڵی ئاینی تەقلیدی لە کۆمەڵگەیەکی کراوەدا. ئەوان دووچاری سەرسوڕمانێکی دیکەیان کردم: بۆچی ئەم پرسیارە گەورانە ئاڕاستەی من دەکەن! من نە تیورزانێکی سیاسی و نەمێژونووسی دامەزراوە دیموکراتیەکانم، من پرۆفیسۆرێکی خانەنشینکراوی فەلسەفەی زانستم، ئایا دەتوانم چ شتێك ئیزافە بکەم بۆ ئەم گفتوگۆیە!

لەگەڵ ئەوەشدا، دوای تێڕامان و بیرکردنەوە، بڕیارمدا کە دەتوانم هەندێ شت لەو بارەیەوە بڵێم، لە بەشێکیدا بەهۆی ئەو کاریگەرییەکی مامۆستاکەم هەیبوو لەسەرم، کارل پۆپەر، نووسەری کتێبی کۆمەڵگەی کراوە و دوژمنەکانی. هەروەها لەبەر ئەوەی باوەڕم وایە ئەدەبیاتی زانستی سەرچاوەیەکی زۆر گرنگە بۆ ئەو کەسانەی خوازیاری هێنانەدی کۆمەڵگەیەکن کە زیاتر مرۆڤدۆست بێت.

بەلای پۆپەرەوە، لایەنە گرنگەکانی ئەوەی پێی دەڵێت کۆمەڵگەی کراوە ئەو دامەزراوانەن کە دەرفەتی گفتوگۆی گرنگ و ئازادانە دەڕەخسێنن دەربارەی ئەو کێشانەی کۆمەڵگەکە رووبەڕوویان دەبێتەوە. دەکرێت نموونەکان رۆژنامەگەری ئازاد و دادگا عادیلەکان



لەخۆبگرن. هەروەها پۆپەر جەختی لەسەر گرنگی دابونەریتەکان کردەوە. تەنها بوونی رۆژنامەگەرییەکی کارا بەس نی یە، بەڵکو دەبێت خۆی لە چاودێری حکومەت رزگارکردبێت، هەروەها گرنگە رۆژنامەنووسان هەست بکەن بەشێکن لە کەلتورێك کە شانازی بە بوونی رۆژنامەگەری بابەتی و سەربەخۆوە دەکات.

بە هەمان شێوە پۆپەر دەربارەی دوژمنەکانی کۆمەڵگەی کراوە شتی نووسیوە. نیگەرانی سەرەکی ئەو لە سەردەمێکدا کە چەند جۆرێکی دیاریکراوی ئایدۆلۆجیەتی پلۆتانی و مارکسی لە ئارادابوون ئەوەبوو کە پتر خەبات بۆ هێنانەدی کۆمەڵگەیەکی یۆتۆپی بکرێت، لە بری رووبەڕوبوونەوەی کێشە کۆمەڵایەتییە راستەقینەکان. پۆپەر بە شێوەیەکی تایبەتی رەخنەی لەو بانگەشانە دەگرت کە گوایە چەند چینێکی دیاریکراوی خەڵك چارەنوسیان ئەوەیە ببنە حکومڕان، جا ئەو چینە پرۆلیتاریای مارکسیی بێت، یاخود رەگەزی باڵای نازی.

لەمڕۆدا دوژمنەکانی کۆمەڵگەی کراوە دروشمگەلێکی تا رادەیەك جیاواز بەرزدەکەنەوە، هەروەها هەلومەرجە مێژوویەکەش گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، کەواتە هەر نەوەیەك دەبێت رەخنەی تایبەت بە خۆی گەڵاڵەبکات و ئامانجی تایبەت بەخۆی دەستنیشان بکات. ئەوەی دەبێتەهۆی بەرەوپێشبردنی باکووری عێراق رەنگە تەواو جیاواز بێت لەوەی کە پێویستە بۆ دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی باشتر لە ویلایەتی ئیندیانای باشووردا بکرێت، کە من تێیدا دەژیم.

لەگەڵ ئەوەشدا، لایەنی لێکچوون هەیە. بۆ نموونە ئەگەر باسی «تاوانەکان رق» یان «توندوتیژی تائیفی» بکرێت، ئەوا کێشە سەرەکییەکی نالێبوردەیی بەرامبەر ئەوانی دیکە کە تیڕوانینەکە ئەوەیە ئەوان تەواو جیاوازن لە ئێمە هەمان کێشەیە. دەبێت هەردوو وڵاتی ئێمە و ئێوە روبەڕووی ئایدۆلۆژیەتی سیاسی حزبە ئاینیە دۆگماکان ببینەوە کە هەڕەشەن لەسەر بناغە بنەڕەتییەکانی کۆمەڵگەیەکی کراوە.

لە وڵاتەکەی مندا ئەو کلێسایانە هەن کە مافەکانی ئافرەتان و هاوڕەگەزەکان سنووردار دەکەن. ئەوان پەرە بە خیتابی نالێبوردەیی دەدەن بەرامبەر بە کۆچکردووان و ناکۆکن لەگەڵ ئەو هەوڵانەی کە داوای دابینکردنی خزمەتگوزاری زیاتر دەکەن لە لایەن حکومەتەوە بۆ خەڵکە هەژارەکان. ئەوان دژی ووتنەوەی تیوری گەشەکردنن لە قوتابخانەکاندا و رێگە لە زاناکان دەگرن تاقیکردنەوە و لێکۆڵینەوە لەسەر خانەکان بکەن. بێ گومان ئەم کێشانەش لە کۆمەڵگەکەی ئێوەدا سەرهەڵ دەدەن و ئەگەری ئەوە

**چەند گرنگە رۆشنبیران و سەرکردەکانی دیکەی کۆمەڵگەی بەرهەڵستی هەستی نائومێدی بکەن**

هەیە بەهۆی ناسەقامگیری سیاسییەوە ئاڵۆزتربین.
کەواتە دەبێت چی بکرێت؟ چەندین ڕێگەی بەرەوپێشچوون لە ئارادان، بەڵام من بە شێوەیەکی تایبەتی داوای پەروەردەی زانستی دەکەم لە قوتابخانەکاندا، لەگەڵ پەرەپێدانی ئەدەبیاتی زانستیدا. چەند سوودێکی زانستی ئاشکرا هەن کە لە جەختکردنەوە لەسەر گرنگی زانست بەدەست دەهێنرێن_چاودێری تەندروستی باشتر، کشتوکاڵی باشتر، پەیوەندی باشتر لە نێو هاوڵاتیان و لەگەڵ ئەندامانی کۆمەڵگەکانی دیکەدا. تێگەیشتن لە لێکۆڵینەوەی زانستی خەڵکی بە ئامرازی بەهاداری تێگەیشتن و بەهرەی کۆمەڵایەتی ئاشنا دەکات.
یەکەم، لێکۆڵینەوەی زانستی تەنها لە هەلومەرجێکی دیاریکراودا گەشە دەکات. دەبێت زاناکان بتوانن بە ئازادانە گریمانەی زانستی خۆیان بخەنەڕوو، بەڵام دەبێت ڕووبەڕووی ڕەخنەی توند ببنەوە لە تیڕوانینێکی شیکاری و تاقیکاریەوە. پۆپەر باسی لە ژینگەیەکی »دۆستانە-دوژمنانە»دەکرد کە زاناکان تێیدا کاردەکەن و دەڵێت گەورەترین خەڵات بۆ زانایەك ئەوەیە بیرۆکەکانی ئەوەندە بە جیددی وەربگیرێت کە تاقیکردنەوەیان لەبارەوە بکرێت بۆ ئەوەی دەربکەون ئایا راستن یان هەڵە!
ئێمە هەمیشە بە ئیعجابەوە لە زاناکان دەڕوانین لەبەر ئەوەی لەم جیهانە پڕ لە پشێوییەدا چەند زانیارییەکی دیاریکراو دەخەنە بەردەستی ئێمە. ئێمە پێویستە ئەو راستیەمان لەیادبێت کە زانای باش تەنها لە پرۆسەیەکی دوورودرێژی ڕەخنەگرتن و بەخۆداچوونەوەدا دروست دەبێت. تەنانەت تیورە زانستییە بنەڕەتییەکانیش پێویستیان بە گۆڕین هەیە. ئێمە هێشتا دەتوانین باس لە بەرەوپێشچوونی زانستی بکەین، نەك تەنها لەبەر ئەوەی تیورە نوێیەکان دەبنە هۆی گۆڕانکاری کردن لە تیورەکانی پێشوودا، بەڵکو ئەوەش پیشان دەدات کە بۆچی تیورەکانی پێشوو بەو شێوەیە سەرکەوتو بوونە. ئەنشتاین هەڵسا بە راستکردنەوەی کارەکانی نیوتن، بەڵام هێشتا یاساکانی نیوتن بەکەڵکی ئەوەدێت کە حساباتی فەلەکی سەتەلایتەکانی پێ بکەیت، ئەگەرچی ناتوانن وەسفی جوڵەی تەنە بچووکەکان بکەن کە بە خێراییەکەی زۆر دەجوڵێن.
هەموو کۆمەڵگایەك دەتوانێت سوود نەك تەنها لە تێگەیشتنێکی گەورەتر لە ناوەڕۆکی زانست وەربگرێت، بەڵکو دەتوانێت یوود لە تێگەیشتن لە شێوازەکانی لێکۆڵینەوەی زانستیش وەربگرێت-کرانەوە بە رووی بیروبۆچونەکانی ئەوانی دیکەدا، لەگەڵ پاراستنی تێڕوانینە سەرەکییەکاندا: درککردن بەوەی ڕەنگە ئەوەی ئێمە دەیزانین هەڵەبێت، لەکاتێکدا بە پێی باشترین ئەو زانیاریانەی لەبەردەستدا کاربکەین، بەلەبەرچاوگرتنی ئەو راستیەیەی کە جیاوازییە راستەقینەکانی نێوان بیروبۆچوونەکان دەتوانرێت بە باشترین شێوە لە ڕێی لێکۆڵینەوەی زیاترەوە چارەسەربکرێن. ئەم بیرۆکانە بەم دواییە لە نوسینێکدا بڵاوکرانەوە کە من پێداچونەوەم بۆکردووە، بە ناوی «بەها زانستییەکان و فەزیڵەتە مەدەنییەکان».
لە کۆتاییدا حەزدەکەم ئاماژە بەوەبکەم کە چەند گرنگە رۆشنبیران و سەرکردەکانی دیکەی کۆمەڵگەی بەرهەڵستی هەستی نائومێدی بکەن! سەرۆکی نوێی ئێمە لە ئەمەریکا هێزی ئومێدی هێنایەوە یادمان، هەروەها تۆماری ژیانی ئەو ئەوە دەخاتەڕوو کە چۆن دەکرێت بەسەر هەستە رەگەزپەرستیە قووڵەکانیشدا زاڵ بین. کوردەکان مێژووییەکی پڕ شانازیان هەیە لە پاراستنی زمان و توراسەکەیان سەرەڕای ئەوەی لە چەندین لاوە روبەڕووی دوژمنایەتی بوونەتەوە. هۆکاری باش لە ئارادایە بۆ ئەوەی باوەڕبکەین کە سەرکەوتوو دەبن لە بنیاتانی ئایندەیەکی باشتردا.

**کوردەکان مێژووییەکی پڕ شانازیان هەیە لە پاراستنی زمان و توراسەکەیان سەرەڕای ئەوەی لە چەندین لاوە روبەڕووی دوژمنایەتی بوونەتەوە**



**پرۆفیسۆر جان بوربانك بۆگوڵان:**

# بەبێ بەشداری هاوڵاتیان و کۆمەڵگەی چالاک، مەحاڵە بتوانرێت دادپەروەری کۆمەڵایەتی دەستەبەر بکرێت

**خاتوو جان بوربانك ئوستادی مێژووە لە زانكۆی نیۆیۆرك و پسپۆرو تایبەتمەندە لەسەر مێژووی كۆمەڵگە روسیا و ئیمپرتۆریەتی روسیا و ئۆراسیا، چەندین كتێبیشی لەمبوارە نوسیوە بە تایبەتی لەسەر ئیمپراتۆریەتی روسیا لە ١٧٠٠-١٩٣٠ز، بۆ قسەكردن لەسەر كۆمەڵگەی چالاك، بەتایبەتی كە بنەمای تیۆری كۆمەڵگەی چالاك لە تێڕوانینی مێژوویی بۆ كۆمەڵگەو تێڕوانینی شیكاری بۆ كۆمەڵگە دارێژراوە، پرۆفیسۆ بوربانك بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خستەروو.**

*** لەو كۆمەڵگایانەی لە قۆناغی بونیادنانەوەن یان وڵاتانی دووای شەڕن، چالاكی تاك كەدەبیتە چالاكی كۆمەڵگە رۆڵێكی گرنگ دەگێڕێت، ئایا هۆكارەكانی هاندان بۆ كۆمەڵگەی چالاك چین؟**

- پێم وایە گرنگە كۆمەڵگە بەشداری لە دەركردن و داڕشتنی یاساكاندا بكات، بۆ ئەوەی حكومەت حكومەتی كۆمەڵگەكەش بێت نەك تەنها دەستەی حكومڕان. گرنگە ئەندامانی كۆمەڵگە لەسەر تێكڕای ئاستەكان، بە تایبەتی گروپە پیشەگەرەكان، لە نێویاندا، پارێزەران، رۆژنامەنوسان، نوخبە خوێنەوار و رۆشنبیرەكان پەیوەندیان لەگەڵ یەكدا هەبێت لە سەر ئاستی وڵاتەكە چالاكی و رۆڵی خۆیان ببینن نەك تەنها چالاكیەكانیان لە ناوچەیەكی دیاری كراودا كورت بكەنەوە.

*** ئەی حكومەت دەتوانێت چ رۆڵێك بگێڕێت؟**

- ئەوە كێشەیەكی گەورەیە و ئەمە پرسیارێكی ئاسان نی یە، لە راستیدا زۆرجار حكومەتە مەحەلە و نیشتمانی یەكان هەڵدەستن بە دابینكردنی یارمەتی بۆ رێكخراو و بەرنامە مەدەنی یەكان، ئەمەش بەو مانایە دێت كە ئەم رێكخراوانە گرێدراون بە حكومەتەوە، ئەگەرچی هەندێ جار رەخنەش لە حكومەت دەگرن، هەرچەندە خۆیان



بە دووژمنی حكومەتیش نازانن. بەو پێیە، من پێم وایە گرنگە رێكخراوەكان، ئەگەرچی یارمەتیش لە حكومەت وەردەگرن، بەڵام بەرنامەی خۆیان هەبێت و رێگە نەدەن بەرنامەیەكی دیاریكراویان بەسەردا بسەپێنرێت.

*** لە پرسیاری یەكەمدا ئاماژەمان بە هاندان كردن، بەڵام بەڕێزتان لەبیرتان كرد، ئایا چۆن هانی كۆمەڵگە بدەین بۆ ئەوەی هەنگاو بۆ كۆمەڵگەی چالاك هەڵبگرێت؟**

- ئەنجامدانی كاری خۆبەخشی گرنگە بۆ ئەوەی خەڵكی هەست بكەن خۆیان دارایی بۆ رێكخراوە كۆمەڵایەتییەكان دابین دەكەن، لە راستیدا ئەمە بۆتە نەریتێك لە وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا و بگرە بۆتە بەشێكە لە كاری رۆژانەیان، ئەگەرچی ئەمە لە وڵاتە ئیسلامیەكانیشدا بەدی دەكرێت. هەروەها دەكرێت لەم رووەوە ئاماژە بە روسیا بكەین كە لە سەردەمی یەكێتی سۆڤیەتدا رێكخراوە خێرخوازییەكان تێكشكێنران و ئێستا خەریكە هەندێ لەو رێكخراوانە دەردەكەون.

*** هۆكاری ئەوەچییە ئەنجامدانی كاری خۆبەخشی لە ئەمەریكادا بۆتە شتێكی باوە؟**

- ڕەنگە بەشێكی بۆ نەریتی مەسیحیەت بگەڕێتەوە كە هەمیشە پارە بە كڵێساكان دراوە، لە لایەكی دیكەوە رەنگە بەشێكیشی بۆ نەریتی عەلمانی یەت بگەڕێتەوە كە پێی وایە دەبێت هەموو كەسێك كاری كۆمەكبەخشی بۆ ئامانجی خێرخوازی ئەنجام بدات. واتە نەریتێكی دوورودرێژی كۆمەكبەخشین و خێرخوازی لەو وڵاتەدا لە ئارادایە.

*** ئایا كاتێك كۆمەڵگەی چالاك تاكەكان لە گروپێكدا كۆدەكاتەوە، روخساری تاكایەتی كۆمەڵگە كاڵنابێتەوە؟**

- ئەمە پرسیارێكی قورسە. من پێم وایە تا رادەیەك كۆمەڵگەی چالاك دەتوانێت هاوشان بە فەردانی یەت كاربكات، لەبەر ئەوەی هەلی ئەوە دەرەخسێنێت كە تاكەكەسەكان لە چ گروپێكی پیشوەردا كاربكەن، ئەمەش بە ئیرادی ئازادانەی خۆیان، لەلایەكی

دیکەوە بواری دروستبوونی ئیجماعێك یان ڕێککەوتنێکی کۆمەڵایەتی دروست دەکات کە زەمینەخۆشکەری ئەوەبێت کە پێی دەڵێن ڕەفتاری جەماعی.

*** هەندێ لە شارەزایان پێیان وایە پشتگیری کردن لە سیاسەتی کۆمەڵگەی چالاك باشترین پاڵپشتە بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەژاری، ئایا ئەمە دەبێتەهۆی ئەوەی ڕوودانی کۆمەڵگەی چالاك لەسەر ئاستی دامەزراوەکانی دەوڵەت؟**

- بە دڵنیاییەوە من لەگەڵ ئەم لێکدانەوەیەدا هاوڕانیم، من پێم وایە دەبێت حکومەت ڕۆڵێکی چالاك ببینێت لە پارێزگاری کردنی خەڵك لە هەژاری و نەخۆشی، هەرچەندە حکومەت بەهۆی پاڵپشتی کۆمەڵگە بەهێزدەبێت.

***ئایا هیچ گرژییەك یان هاودژییەك لە نێوان دیموکراسی و کۆمەڵگەی چالاکدا ڕوودەدات، ئایا هیچ ناکۆکی لە نێوانیاندا هەیە؟**

- من پێم وایە ناتوانین ئەم دوو پرسە بە پێچەوانەی یەك بزانین، لەبەر ئەوەی زۆرجار نەبوونی لیبراڵیەت سەردەکێشێت بۆ نەبوونی عەدالەتی کۆمەڵایەتی، هەروەها بوونی ئازادییە مەدەنی یەکان گرنگن بۆ فشارکردن و داواکردن لە حکومەت بۆ ئەوەی عەدالەتێکی کۆمەڵایەتی زیاتر بهێننەدی.

*** ئایا تا چ رادەیەك کۆمەڵگەیەی چالاك پاڵپشتی لە فەردا نی یەت، ئازادی و مافی مولکداری دەکات؟**

ـ لە ڕاستیدا ئەوە دەوەستێتە سەر کۆمەڵگەکە خۆی، هەندێ کۆمەڵگە پشتگیری لە سنوردارکردنی مافەکانی وەك مولکداریتی دەکەن و هەندێکی دیکەش بەرگی لێدەکەن، لەبەر ئەوە ناتوانین پێشوەختە دەرئەنجامە دیاری بکەین.

*** ئایا دەکرێت لە کۆمەڵگە تازەگەشەکردووەکان، یان وڵاتانی دوای شەڕ، یاخود ئەو وڵاتانەی لە سەرەتای پرۆسەی بە دیموکراتیکردندان کۆمەڵگەیەکی چالاك بنیات بنێین؟**

- بە دڵنیاییەوە، لەبەر ئەوەی من پێم وایە مەحاڵی دەوڵەت بتوانێت پارێزگاری لە عەدالەتی کۆمەڵایەتی و ئازادییە مەدەنی یەکان بکات، بێ ئەوەی کۆمەڵگە بەشداری و ڕۆڵێکی چالاکی هەبێت.

*** دووا وتەت چی یە؟**

- من بە بایەخێکی زۆرەوە بەدوواداچوون بۆ هەواڵەکانی وڵاتەکەی ئێوە دەکەم و هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم لە کۆششە سیاسییەکانتاندا و من دەزانم ئێوە لە ژینگەیەکی سیاسی زۆر ئاڵۆزدا کاردەکەن، لەبەر ئەوەی من ئیعجابێکی قووڵم هەیە لە ئاست هەوڵەکانی ئێوەدا بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی نوێ.

**دەبێت حکومەت ڕۆڵێکی چالاك ببینێت لە پارێزگاری کردنی خەڵك لە هەژاری و نەخۆشی، هەرچەندە حکومەت بەهۆی پاڵپشتی کۆمەڵگە بەهێزدەبێت**



کلۆدیا کالدرینا ڕاوێژکار لەیەکێتی ئەورووپا بۆ بۆ گوڵان:

# کۆمەڵگەی چالاک هۆکارێکە بۆ دروستبوونی ئینتمای تاک بۆ وڵاتەکەی

**خاتوو کلۆدیا کالدرینا یەکێکە لە ڕاوێژکارانی یەکێتی ئەورووپا لە برۆکسـل و خۆی هاوڵاتییەکی پورتوگالیە، لە سـاڵی ٢٠٠٧ وە یەکێکە لە گەورە ڕاوێژکارانی یەکێتی ئەورووپا بۆ ئاژانسـەکانی پەرەپێدان و پێشخسـتنی کۆمەلگە، بێگومان ئێسـتا لەدەوڵەتانی یەکێتی ئەورووپاش هەوڵێکی زۆر بۆ چالاککردنی کۆمەلگە لە ئارادایە، بە تایبەتی وڵاتێکی وەك دانیمارك کە ئێستا گەیشـتوونە ئەو قەناعەتەی نەوبوونی کاری بە کۆمەڵ و هەماهەنگی لە نێوان کۆمەلگەی مەدەنی و کەرتی تایبەت و کەرتی گشتی بوونەتە هۆکاری ئەوەی تاك هەسـت بە بەرپرسـیاریەتی کەمتر بکات، بۆ قسە کردن لەسەر بابەخ و گرنگی ئەکتیڤکردنی کۆمەلگە، خاتوو کلۆدیا بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

*** بۆچـی دەبێـت بـۆ بنیاتنانی ژیانێکی خۆشگوزەران و گەشەکردوو کۆمەڵگەیەکی چالاکمان هەبێت؟**

- من پێم وایە لە کۆمەڵگەی چالاکدا هەمـوو کەسێك ئازادانە کار و کۆشش دەکات بۆ ئـەوەی بەرژەوەندییەکانی خۆی بەدی بهێنێت، جا ئەوە پەیوەندی بـە بەرژەوەندی سیاسـییەوە هەبێت یاخود بە ئامانجەکانی لە ژیاندا، وەك دۆزینەوە کار، بەدەستهێنانی ئاستێکی بەرزی خوێندن و پەروەردە، گۆشکردنی مناڵەکانی بە شێوەیەکی دیاری کراو، واتە تێکڕای ئەندامەکانی کۆمەڵگەکە ڕۆڵێکی چالاك و بنیاتنەرانە دەبینن، هەرچەندە ئەمە پێناسـەیەکی سادەی شەخسـییە بۆ کۆمەڵگەی چالاك و پێناسەیەکی ئەکادیمی نی یە.

*** یەکێکـی لـە بەرنامەکانـی کۆمەڵگەی چالاك پشـتگیریکردن و هاندانـی هاوکارییە لە نێو ئەندامانی کۆمەڵگـەدا، پرسـیارەکە ئەوەیـە میکانیزمەکانـی هێنانـەدی ئـەم هاوکاریانە چین؟**

- ئەوە پرسیاری یەك ملیون دۆلارییە، لە ڕاستیدا یەکێك لە میکانیزم و بنەما بنەڕەتییـەکان بریتیە لەوەی خەڵك بە شێوەیەك گۆشبکرێن کە دوژمنکاریان بەرامبەر یەك نەبێت، لێبووردەبن لەگەڵ یەکدا و ڕێز لە بیروبۆچوونەکانی یەك



بگرن و جیاوازییەکانیان بە شێوەیەکی ئاشتیانە چارەسـەربکەن. لە هەمان کاتـدا حکومەتیـش دەتوانێت ڕۆڵی هەبێـت لـە ڕێی دەرکردنی یاسـا و ڕێسـاکان و سـزادانی ئەو کەسانەی کە کاری نایاسـای دەکەن، بە هەمان شـێوە ڕێکخـراوە ناحکومییەکانیش دەتوانن ڕۆڵیـان هەبێت لە ڕێگەگرتن لـە سـەرهەڵدانی ناکۆکـی و لـە یەکلاکردنەوەی ناکۆکی و جیاوازییەکان بە شـێوەیەکی ئاشـتیانە، جا لە نێو خێزانەکاندا بێـت یاخود لە نێو ناوەندە پیشە گەرەکاندا.

*** ئایا حکومەت دەتوانێت هاریکاریێت بۆ چالاککردنی کۆمەڵگە؟**

- لە ڕاسـتیدا لە وڵاتانی ڕۆژئاوادا کاری ڕێکخـراوە مەدەنییەکان بە پێی یاسـا ڕێکخراوە، بەڵام ئەم یاسـایانە چوارچێوەیەکی دیموکراتین و بە مانای ئەوە نایەن کە حکومەت دەسـتێوەردان دەکات لـە کاری ئـەم ڕێکخراوانەدا، تەنها ئەو کاتە نەبێت کە یاسـا پێشێل دەکەن.

*** کۆمەڵگەی چالاك پشتگیریکردن و هاندانە بۆ بەشـداری لە ڕێکخراوە کۆمەکبەخـش و خێرخوازییەکانـدا، ئایـا ئەمە هەسـتی ئینتیمابوون بۆ کۆمەڵگەکەیان دروست دەکات؟**

- بە دڵنیاییەوە، ئەمەش دەوەستێتەسەر ئـەوەی لەگـەڵ چ ڕێکخراوێکـدا کاردەکەن، بـۆ نموونە ئەگەر لەگەڵ ئـەو ڕێکخراوانەدا کار بکەن کە بایەخ بە خۆشـگوزەرانی و گەشـەپێدانی کۆمەڵگەکە دەکەن، ئەوا پتر هەسـت بە لێکنزیکبوونەوە دەکەن، لەبەر ئەوەی کارێکی جەماعی دەکەن و هەڵدەستن بە هاندانی یەکتر و ئەم ئاڵ و گۆڕەش کاریگەری باشی لەسـەر کۆمەڵگە دەبێت و ئەمـەش دەبێتەهۆی ئەوەی هەسـتی ئینتیمابوونیان زیاتر بێت بۆ کۆمەڵگەکە.

*** کۆمەڵگـەی چـالاك واتە کاری بـە کۆمـەڵ و دەسـتەجەمعی ئایا ئەمـە نابێتە دژی ئـازادی تاکەکە کەسیەکان؟**

- من پێم وانی یە کۆمەڵگەی مەدەنی دژی فەردانی یەت بێت، لەبەر ئەوەی کۆمەڵگەی مەدەنی پەیوەستە بە کارکردنی کۆمەڵە کەسێکەوە کە ئامانجی هاوبەش و پرۆژەی هاوبەشیان هەبێت و پێکەوەکاربکەن.

*** چۆن کۆمەڵگەی چالاك دەبێتە هۆکارێك بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەژاری؟**

- من پێم وایە بەرەنگاربونەوەی هەژاری پێویستی بە کاری ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، ڕێکخراوە مەحەلی و نێودەوڵەتییەکانە هەیە، هەروەها ناکرێت لەم ڕووەوە ڕۆڵی حکومەت پشتگوێبخرێت، بە تایبەتی ئەگەر حکومەتێکی دیموکراتی بێت و نوێنەرایەتی بەرژەوەندییەکانی خەڵك بکات، کە لەم کاتەدا بەرپرسیارێتیە سەرەکییەکە دەکەوێتە ئەستۆی حکومەت.

*** ئایا لە حاڵی دامەزراندنی دیموکراسیدا لەسەر بنەمای لیبراڵی، هیچ گرژییەك لە نێوان دیموکراسی و کۆمەڵگەی چالاکدا ڕوودەدات، ئایا هیچ ناکۆکی لە نێوانیاندا هەیە؟**

- ئەگەر کۆمەڵگەکە لە سەر بنەمای لیبراڵیەت بنیاتنرابێت ئەوا خەڵکی ئازادن لە گوزارشتکردن لە بیروبۆچوونەکانی خۆیان، کە ڕەنگە زۆرجار ئەمەش جیاوازبێت لە بیروبۆچوونەکانی حکومەت یاخود کەسانی دیکە و ببێتەهۆی دروستبوونی گرژی، کە مەرجیش نی یە سەربکێشێت بۆ ناکۆکی، ئەگەر بە شێوەیەکی ناتوندتیژانە یەکلاکرانەوە. من پێم وانی یە جیاکردنەوەی لیبراڵیەت لەگەڵ عەدالەتی کۆمەڵایەتی لە جێی خۆیدا بێت، لەبەر ئەوەی لیبراڵیەت و عەدالەتی کۆمەڵایەتی دوو ستوونی سەرەکی کۆمەڵگەیەکی دیموکراسین.

*** ئایا تا چ ڕادەیەك کۆمەڵگەیەی چالاك پاڵپشتی لە فەردانی یەت، ئازادی و مافی مرۆڤ دەکات؟**

- بە دڵنیاییەوە کاریگەریان دەبێت، بە تایبەتی ئەگەر ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بە شێوەیە ئاشتیان و یاساییانە کاربکەن، ئەوا دەتوانن ڕۆڵی بەرچاو ببینین لە پەرەپێدانی مافەکانی مرۆڤدا، لەبەر ئەوەی زۆرجار ئەوان لە واقیعەکەوە نزیکترن، زۆرجار ئەوان زانیاری باشتریان هەیە دەربارەی هەلومەرجەکە.

*** ئایا دەکرێت لە کۆمەڵگە تازەگەشەکردووەکان، یان وڵاتانی دوای شەڕ، یاخود ئەو وڵاتانەی لە سەرەتای پرۆسەی بە دیموکراتیکردندان کۆمەڵگەیەکی چالاك بنیات بنێین؟**

- نەك هەر دەکرێت، بەڵکوو پێویستە بکرێت، ئەمەش کار و کۆششی جیددی دەوێت و ئەرکێکی ئاسان نی یە، کە دەکرێت لەم ڕووەوە سوود لە ڕێکخراوەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوا وەربگرن کە ئاستێکی بەرزی پێشەگەریان هەیە، هەرچەندە دەبێت تایبەتمەندی و کەلتوور و دۆخی تایبەت هەر کۆمەڵگەیەك لەبەرچاوبگرین.

**یەکێك لە میکانیزم و بنەما بنەڕەتییەکان بریتیە لەوەی خەڵك بە شێوەیەك گۆشبکرێن کە دوژمنکاریان بەرامبەر یەک نەبێت، لێبوردەبن لەگەڵ یەکدا و ڕێز لە بیروبۆچوونەکانی یەک بگرن و جیاوازییەکانیان بە شێوەیەکی ئاشتیانە چارەسەربکەن**



# ئۆپۆزسیۆنی لاواز و کەمئەزموون پێشوەختە لەئاکامی هەڵبژاردن دەترسێت

لەوڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی و تازە گەشەسەندووەکانا، هەڵبژاردن و پرۆسەی دیموکراتی یەك مانای هەیە و بەس، ئەویش بەدەستهێنانی دەنگ و گەیشتن بەدەسەڵاتە، هەربۆیە هەموو ئەو لایەنانەی بەشداری پرۆسەی دەنگدان دەکەن، پێش ئەوەی ململانێی دیموکراتیانە بۆ سەرخستنی پرۆسەکە و ئازادی دەنگدەر لەکاتی دەنگدان بکەن، ئامادەباشی بۆ شەڕێکی دیکە دەکەن، دۆست و لایەنگر و هەواداریان بەو ئاراستەیە ئامادە دەکەن، ئەگەر ئاکامی دەنگدان بەدڵی خۆیان نەبوو، کەشوهەوای دیموکراتی و سەقامگیری وڵات تێکبدەن، فێریان دەکەن، کاتێك وەك چاودێر بەشداری پرۆسەی هەڵبژاردن دەکەن، کەشوهەوای هەڵبژاردنەکە تێکبدەن، هەوڵبدەن خروقات دروست ببێت، بۆئەوەی پرۆسەی هەڵبژاردنەکە لەلیستی رەش تۆمار بکرێت، هەڵبژاردنەکە شەرعیەتی نەبێت، کە بۆ من نەبوو با بۆ دوژمنەکەشم نەبێت، هەموو ئەمانە لەپێناوی یەك ئامانجە بۆ ئەوەی ئاکامی هەڵبژاردنەکە قەبووڵ نەکرێت، هەموو بۆ ئەوەیە لایەنی براوە بەپەنابردن بۆ هێز و پارە و دەسەڵات تۆمەتبار بکەن و، گومان لەسەر شەرعیەتی پرۆسە دیموکراتیەکە و شەرعیەتی دەسەڵات دروست بکەن.

لەوڵاتانی و عەرەبی وئیسلامی و تازە گەشەسەندووەکاندا، لەگەڵ ئەوەی بەرهەمی پرۆسەی دەنگدان، بەتەواوەتی بۆ خزمەتی دیموکراتی و پرۆسەی ئازادی نییە، بەردەوام ئۆپۆزسیۆن و لایەنە لاوازەکان کە دێنە ناو پرۆسەکە بەمانا سەرەتاییەکانی گەمەی دیموکراسی نامۆن، هەربۆیە پرۆسەی هەڵبژاردن و ململانێی دیموکراسی مەزندەی هەموو شتێکی لێدەکرێت، بەڵام مەزندەی بەرهەمهێنانی پرۆسەیەکی دیموکراتی ساغلەمی لێناکرێت.

**ئۆپۆزسیۆنی نامۆ بە دیموکراتی و مامەڵەکردن لەگەڵ ئیرادەی دەنگدەران**

بەکارهێنانی دەستەواژەی (ئۆپۆزسیۆنی نامۆ بەدیموکراتی) بەو مانایە بەکار ناهێنین، لایەنێك دیموکراتی دەبەشێتەوە و لایەنەکەی دیکە دژی پرۆسەی دیموکراتییە، نەخێر مەبەستمان ئەوەیە، ئەو هەڵمەتە ناشارستانیانەیە کە ئۆپۆزسیۆنەکانی دەوڵەتانی دوای کۆمۆنیست و عەرەبی و ئیسلامی لەکاتی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن دەیگرنەبەر و، دوور و نزیك پەیوەندی بەرێساکانی گەمەی هەڵبژاردنی دیموکراسیەوە نییە، لەم حاڵەتدا مەبەستمان ئەوە نییە، ئایا یاساکانی وڵات شەرعیەت بەو جۆرە پروپاگەندەکردنە دەدەن یان نە، بەڵکو مەبەستمان شرۆڤەیەکی بەراوردکاریانەیە، لەنێوان پرۆسەی دەنگدان، بۆ ئامانجی وەرگرتنی دەسەڵات و پرۆسەی دەنگدان بۆ بونیادی دیموکراسی.

لەبەرچاوگرتنی ئەم جیاوازیە لەو کێشمە کێشە دوورماندەخاتەوە، ئایا کۆمسیۆنی باڵا ئەم شێوازە بەڕاست دەزانێت یان نە ؟ ئایا چاودێرانی هەڵبژاردنەکە ئەم شێوازە بەدروست دەزانن یان بەخروقات تۆماری دەکەن یان نە؟ بۆیە ئەگەر لەو چوارچێوەیەدا ئەم باسە گرنگە بورووژێنین ئەوا ماف بەخۆمان دەدەین، جێگەی کۆمسیۆنی باڵا و یاساکانی وڵات بگرینەوە، بۆیە دوور و نزیك. ئەم راپۆرتە، باس لەشێوازی یاسایی و نایاسایی و رێگەپێدراو و رێگەپێنەدراوی شێوازێکی تایبەتی پیادەکردنی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن ناکات، بەڵکو ئەم راپۆرتە هەوڵێکە بۆ بەراوردکاری لەنێوان دوو حاڵەتی جیاواز. دوو بەرهەمی جیاواز. ئەم دووحاڵەتە جیاوازەش، بوونی هەیە، سەدان هەڵبژاردنی دیکەش بکرێت هەر ئەو جیاوازیە بوونی دەبێت، هەتا ئەوکاتەی شێوازی ململانێی پارت و لایەنە سیاسییەکانی بەشداربووی ناو پرۆسەی هەڵبژاردنەکە، لەگەڵ بنەماکانی گەمە دیموکراسیەکە هاوتا دەکەن، مەبەست لەهاوتاکردنی شێوازی ململانێی پارتە سیاسییەکان و رێساکانی گەمەی دیموکراسیش ئەوەیە، خاڵی هاوبەشی نێوان تێکڕایی لایەنە سیاسییەکان ئامانجی بونیادی دیموکراتی بێت، نەك هەڵوەشانەوەی دیموکراتی، ئەم حاڵەتە لە دیموکراتییەکانی رۆژئاوا (لیبرال دیموکراتەکان) بۆتە یەکێك لەبنەما گرنگەکانی دیموکراتی رۆژئاوا، ئەگەر پارتێك یان لایەنێکی سیاسیی هەموو دەنگەکانیش بەدەست بهێنیت، بەڵام گومانی ئەوەی لێ بکرێت بەرنامەی ئەم پارتە یان ئەو لایەنە سیاسیە بەدژی پرۆسەی دیموکراتی دەشکێتەوە، رێگەی پێنادەن حکومەت دروست بکات، یان رێگەی پێنادەن بەشداری پرۆسەی هەڵبژاردن بکات. ئەمە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ یان پێشێلکردنی مافی ئازادی رادەربرین نییە، بەڵکو ئەمە خۆپارێزیە بۆ رێگرتن لەتێکدانی دیموکراتی و رێگرتنە لەپێشێلکردنی ئازادییەکان. هەربۆنموونە، ئەگەر لەوڵاتێکی وەك ئەڵمانیا یان دەوڵەتانی باکووری ئەورووپا یان ئەمریکا یان ئوسترالیا، بانگەشەی لایەنێکی سیاسیی ئەوە بێت، (دەنگم پێبدەن، بۆئەوەی دەسەڵاتی سەدەکانی ناوەڕاست بۆ کەنیسە بگێڕینەوە) یان (دەنگم پێبدەن بۆئەوەی لەم وڵاتە رەخنە نەمێنێت) ئەوا رێگەیان پێنادەن ئەسڵەن بەشداری هەڵبژاردنەکەش بکەن، ئەگەر بەشداریش بکەن، هاووڵاتیان

وەك دیاردەیەكی دزیو سەیریان دەكەن.
بەڵام لەدەوڵەتانی عەرەبی و ئیسلامی وتازەگەشەكردووەكاندا، ئەم فلتەرە یاسایی و ئەخلاقیە بوونی نییە، بۆیە ئامانج و بەرهەمی پرۆسەی دەنگدانیش، لەو ئامانج و بەرهەمە دوور دەكەوێتەوە، كە لەرۆژئاوا بەو ئامانجە پرۆسەی دیموكراتی ئەنجامدەرێت، باشترین نموونە بێئومێدی ریچارد هۆڵبرۆك-ە كە لەكاتی ئەنجامدانی هەڵبژاردنەكانی بۆسنە، پەشیمانی لەئەنجامدانی هەڵبژاردنەكانی بۆسنە پیشاندا و ئاماژەی بەوەكرد «ئێمە مەزندەمان بەو جۆرە بوو ئەم هەڵبژاردنە یەكێتی و چارەسەر بۆ كێشەكان بەرهەمبهێنێت، بەڵام لەئێستاوە دیارە ئەو هەڵبژاردنە دابەشبوون و ئاژاوە بەرهەمدەهێنێت». پرسیار ئەوەیە: ئایا خروقات و پێشێلكاری یاساكانی هەڵبژاردن هۆكار بوون بۆ ئەم ئاكامەی؟ لەوەڵامدا دەڵێین نەخێر، بەڵكو ئەوەی ئەو ئاكامە بەرهەمدەهێنێت، بیركردنەوەی ئەو حزب و لایەنە سیاسیانەیە كە بەشداری پرۆسەی هەڵبژاردنەكە دەكەن، كە هیچ خاڵێكی هاوبەش كۆیان ناكاتەوە، بۆیە هەر لایەك لەبەرژەوەندی خۆیەوە و بۆ ئامانجی خۆی سەیری ئەو ئاكامی دەنگدانە دەكات كە گەل لەسەر سندوقەكانی دەنگدان بڕیاری لەسەر دەدات، كاتێك بڕیاری گەل بەدڵی خۆی نەبوو، وەك یەكێك لەسەركردەی پارتە ئیسلامیەكانی كوردستان راشكاوانە گوتی: «ئەگەر ئەمجارەش دەنگ بە پارتی و یەكێتی بدەنەوە، كەواتە ئەوەی گەل دەیڵێت راست ناكات» سەیركەن پێش ئەوەی هەڵمەتی هەڵبژاردن دەستی پێكردبێت، پێش ئەوەی دەنگ درابێت، لایەنێكی سیاسیی بەحیساب خۆی ئامادەكردووە بەشداری پرۆسەیەكی دیموكراتی بكات، بەڵام پێش وەختە دژی ئیرادەی گەلی كوردستان رادەوەستێتەوە، ئەگەر بە دڵی ئەو دەنگ نەدات، ئەمە دروست وەك ئەو تۆمەتبارەیە كە لەبەردەم دادگا چاوەڕێی حكومی دادگا دەكات، پێش وەختە خۆی لەسەروو یاساوە دەبینێت و دەڵێت، ئەگەر ئەم یاسایە لەبەرژەوەندی من حكوم نەدا، لەم وڵاتە یاسا بوونی نییە، ئەمەش هەمان تەفسیری هەیە، ئەگەر گەل بۆ بەرژەوەندی من بڕیاری نەدا، ئەوا گەلیش تاوانبارە، كە تاوانباریش بوو دەبێت سزای خۆی وەربگرێت، كە سزای خۆشی وەربگرێت، نابێت بە ئاشتی وسەقامگیری و خۆشگوزارەنی بژی و دەبێت هەموو ئەو بارودۆخەی لێ تێكبدرێت، كە ئەو دەتوانێت لێی تێكبدات، بەڵام ناتوانێت بۆی فەراهەم بكات، لێرەوەیە ئەم پرسیارانە لەمیدیاكانیانەوە دەورووژێنرێت، هەر بۆ نموونە:

١- تاچەند مەترسی ئەوە هەیە، توندوتیژی لەهەڵمەتەكانی هەڵبژاردن روودات؟

٢- تاچەند مەزندە دەكرێت، ساختەكاری لەئاكامی دەنگدان نەكرێت؟

٣- پارتی و یەكێتی تاچەند بەپارە دەنگ دەكڕن؟

٤- ئەگەر تەزویر كرا چی بكەین؟

٥- ئەگەر دیسان گەلی كوردستان زۆرینەی دەنگەكانی دایەوە بەپارتی ویەكێتی، چۆن ئارەقەی دەموچاومان وشكبكەینەوە؟

٦- چیبكەین بۆئەوەی خەڵك دەنگ بەپارتی و یەكێتی نەدات؟

٧- چیبكەین بۆئەوەی بەگژ هەڵمەتەكانی هەڵبژاردنی پارتی و یەكێتیدا بچینەوە؟

ئەم پرسیارانە و دەیانی دیكە رۆژانە لەمیدیاكانی ئەو لایەنانە بڵاودەبنەوە كە خۆیان بەبەشێك لەپرۆسەی ململانێی هەڵبژاردنەكە دەزانن، بۆیە لێرەدا هەڵوەستە لەسەر چەند پرسیارێك دەكەین و پرسیاری دیكەی لێدەورووژێنین و دەپرسین:

أ- ئەو هۆكارانە چین كە مەترسی



ســەرهەڵدانی توندوتیــژی لێدەکرێت؟ ئایا مەترســیەکە لەپارتی و یەکێتیەوە سەرچاوە دەگــرن یان لە کەم ئەزموونــی و لاوازی و کەماســی ئۆپۆزســیۆن؟ هەقە وەڵامی ئەم پرسیارە راشکاوانە بێت لەخۆمان بپرسین:

- بۆچــی ئۆپۆزیســیۆن هەرچــی خراپە بەحکومــەت و پارتــی و یەکێتــی دەکات، هەرچــی تۆمەتــە بۆیــان دروســتدەکات، جێگەی مەترســی نییە؟ بەڵام کاتێك یەکێك لەمیدیاکانی پارتــی و یەکێتی، بەلایەنێکی ئیســلامی بڵێــت، بانگەوازەکانــت لەگەڵ دیموکراتی یەکناگرێتەوە،ئەوکاتە ناتوانن ببن بە سوارچاکی گەمەی دیموکراسی ؟،بەڵکو دەبنە بەرهەمهێنەری مەترسی و توندوتیژی.

- ئایا بۆچی بۆ کۆمپانیای وشــە و لیستی گۆڕان و میدیــا هاوپەیمانەکانی رەوا بێت، هەمــوو تۆمەتێك بــۆ پارتــی و یەکێتی دروســتبکەن، هەمــوو کارەکانی حکومەتی کوردســتان بکاتە ســفر و پیشــانی بدات، پارتی و یەکێتی نەك حکومرانیان نەکردووە، بەڵکو خیانەتیــان لەمیللەتی خۆیان کردووە، کاتێك بەوێنە کار و پرۆژەکان وەڵامبدرێنەوە، ئەمــە جێگــەی مەترســییە و توندوتیژی دروستدەکات.

ب- بۆچی لەئێســتاوە خــۆ ئامادە ناکرێت هەموو پێکــەوە رێگە لە تەزویــر وخروقات بگریــن و هەڵبژاردنێکی پــاك و عادیلانە ئەنجامبدەین؟ بۆچی لەئێســتاوە مەترســی تەزویــر و خروقــات بڵاودەکەنــەوە؟ بۆچی دەتانەوێت دەسەڵاتی بەڕێوەبردنی هەڵبژاردن لەهەرێــم و حکومەتی خۆتــان وەربگرنەوە؟ کارێکــی گونجــاوە حکومەتــی هەرێــم بەوابەســتەی حکومەتی عێراق پیشانبدەن و ئەو دەسەڵاتەی دەستووری عێراق بەهەرێمی کوردســتانی داوە پێشــێلی بکــەن؟ ئایــا کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی کوردستان تائێستا رێگری ئەوەی کردووە چاودێری بیانی نەیەنە کوردستان و چاودێری هەڵبژاردنەکان نەکەن؟ پرسیار ئەوەیە: ئایا کورد چ قازانجێك دەکات، بەجیهان پیشــانبدرێت کورد توانای بەڕێوەبردنــی هەڵبژاردنێکــی نییــە؟ ئایا ئەمــە ئەخلاقی نیشــتمانی و کوردایەتیمان لەبەرچاوی جیهان بەرزدەکاتەوە؟ یان لەپێناوی شــاردنەوەی دۆڕانێکی مســۆگەردا یاری بەپرانسیپی نیشتمانی و نەتەوەیی و سەروەری هەرێمی کوردستان دەکەین؟ ئەوانەی ئەمڕۆ لەبەغدان هەموویان لەکوردســتانەوە چوونە بەغدا و ئێستا حکومڕانی دەکەن، هەموویان

> **یەکگرتووی ئیسلامی لەتەلەڤزیۆنەکەیەوە بەخەڵک دەڵێت، ئێمەین رێزگرتن لەمرۆڤ دەگۆڕین بۆ بەزەیی، ئێمە دەمانەوێت کۆمەڵگەیەک بونیادبنێین دەوڵەمەندەکان بەزەییان بەهەژارەکاندا بێتەوە و هەژارەکان دوعای بەخێر بۆ دەوڵەمەندەکان بکەن**

لەئەزموونی دیموکراتی و ئازادی کوردستانەوە، بەچەمکی دیموکراتی و فیدراڵی ئاشنابوون، ئەمە قسەیەك نییە ئێمە لەخۆمانەوە بیکەین، فەرمــوو ئەوە د.مونزیر ئەلفــەزل بزانن ئێمە راســت دەکەین یان نە، کەواتە چۆن کەسێك خۆی بە سیاســەتمەدار و ئۆپۆزســیۆنێکی بەهێز بزانێت، گومان لەســەر دەســەڵات و ســەروەریی وڵاتی خۆی دروستدەکات، ئەمە ئەو راستیەیە، کە پڕوپاگەندەی بانگەشەکردن بۆ ئۆپۆزسیۆنی بەهێز و ئەزمووندار پووچەڵ دەکاتەوە.

ت-مەترســی دەنگدانەوە بەپارتی و یەکێتی، تۆمەت دروســتکردن بۆ گەلــی خۆیان کە گەلێکی بێ ئیرادەیە و بەپارە لەخشتە دەبرێت. پرســیار ئەوەیە، ئەگەر بەو چاوە ســەیری گەلی خۆتان دەکــەن، بۆچی دەچنە بەردەم ئــەو گەلە بێ ئیرادەیە تــا دەنگتان بداتێ، ئایا ئەگەر گەلی کوردستان هێندە بەئاسانی ئیرادەی خۆی هەراج دەکات ؟؟ ســەیربکەن، کاتێك باسی ئیرادە کڕینی دەنگدەران دەکەن، واتــە ئەم وڵاتە مەزادخانــەی هەراجکردنی ئیرادەیە، باشە وڵاتێك بەچاوی مەزادخانەی هەراجکردنــی ئیرادەی هاووڵاتیانی ســەیر بکرێــت، دەبێــت مەزندەکان بــۆ بەرنامەی سیاسیی ئەو لایەن چی بێت کە باسی ریفۆرم و گۆڕانــکاری دەکات. ئەمەیە لەدیالۆگ و لێکتێگەیشــتن و ململانێ لەسەر بونیادی باشتری دیموکراتی دوورماندەخاتەوە، ئەمەیە ئاکاری هاووڵاتیان بۆ بەشــداری لەپرۆسەی سیاسیی و بەشداریکردن لەبڕیاری سیاسیی نائومێــد دەکات و لەپرۆســە سیاســیەکە دووریاندەخاتەوە.

## هۆشیاری گەلی کوردستان
## بڕوای بەردەوامی گەشەپێدان و پرۆسەی دیموکراسییە

پشوو فراوانی پارتی و یەکێتی و بڕوابوونیان بەماف و ئازادی و ئیرادەی گەلی کوردستان، رۆژ لەدوای رۆژ سەمەرەی زیاتر لەلایەنەکانی رکابەر دەخاتەڕوو، هەر بۆ نموونە:

١- لایەنە ئیسلامیەکان، بێجگە لەکاردانەوەی خراپیان لەسەر بەرنامەکانی حکومەت، ئێستا بۆ هەموو خەڵکیان ســەلماند، خاوەنی هیچ پرۆژەیەکــی سیاســیی نین، واتــە خاوەنی پرۆژەیەکی سیاســیی نین بە مانای ئەوەی تائێســتا کراوە بەرەو باشــتری ببەن، ئەوەی بانگەشــەی بۆ دەکەن، ئەوەیە هیچ نەکراوە، خیانــەت لەمیللــەت کراوە، دەبێــت ئەمانە هیچی نەمێنن، لەســفرەوە دەست پێبکرێتەوە، لەبەرئەوەی پروپاگەندەکانیشیان بێ بناخەیە و تەنها وەهمی چنــراوی ئایدۆلۆژیەتی ناو بارەگاکانیانــە، دەبینیــن لەبچووکترین وێنە خزموتگوزارییەکان هەڵدەچن و دەڵێن، ئەوانە کاری حکومەتن، باشە پرسیار ئەوەیە ئەگەر کارە خزموتگوزاریەکان کاری حکومەتن. ئەی چارەسەرکردنی کەموکورتیەکانیش هەر کاری حکومەتن؟ ئێوە بۆ خۆتانی تێهەڵدەقورتێنن، بەڵام ئەگــەر ئــەم حکومەتــە بەرهەمی سیاسیەتی پارتی و یەکێتی بێت، بەرنامەی پارتی و یەکێتی بریتی بێت، لەپێشکەشکردنی کاری خزمەتگوزاری ئەوا ئەو مافەتان نییە تانە لەلیســتی کوردســتانی بدەن شانازی بــەکارە خزمەتگوزاریەکانی کوردســتانەوە بکات، بۆ خۆتان باشــترە دان بەڕاستیەکاندا بنێن، لەسەر ئەو پرانسیپەی پارتی و یەکێتی بــۆ حکومڕانی پیادەی کــردووە، بەرنامەی سیاسیی خۆتان بونیادبنێن و، لەبەرئەوەی هەر لایەنێکی سیاسیی بەرنامەی خزمەتگوزاری لەئەولەویەتی بەرنامەی سیاسییەکەی نەبێت لەناو گەلی کوردستاندا جێگەی نابێتەوە.

٢- بڕوابوونی بەرنامــەی پارتی و یەکێتی بەمافی تاك و بەشــداری هاووڵاتیان بەبێ جیاوازی نێر و مێ لەپرۆســەی سیاســیدا، کۆمەڵێــك هــاودژی لەپروپاگەندەی لایەنە رکابەرەکانی پارتی و یەکێتی دروستکردووە، هەر بۆنموونــە، لایەنە ئیســلامیەکان بەوە بەرنامەی پارتــی و یەکێتی تاوانبار دەکەن، بەئاراســتەیەك بوار بەئازادی دراوە، کە هیچ شــەرم و حەیایــەك لەکوردســتان نەماوە و کوڕ و کچ بەئاشکرا باســی دڵداری دەکەن (ئەستەغفیرڵا لەو کوفرە!!) ئەوانەیش خۆیان بەڕکابەری عەلمانی پارتی و یەکێتی دەزانن، رەخنەی ئــەوە لەپارتــی و یەکێتی دەگرن، پارتــی و یەکێتــی هێندە بــواری ئازادی تەســککردۆتەوە، لەپەرلەمانی کوردســتان بەقســەی پیاوانی ئایینــی فرەژنی قەدەخە ناکرێت، ئەمــە ٢ دیوی جیــاوازە، کە دوو لایەنی رکابەری پارتــی و یەکێتی بۆ یەك مەبەســت، پارتی و یەکێتــی پێ تۆمەتبار دەکەن، هــەردوو بۆچوونەکــەش لەیەکتری بدەین، دەبینین، بەرنامەی پارتی و یەکێتی، نە ئەو بەرنامەیە کە حزبە ئیســلامیەکان بەو ئاراستەیە پیشانی دەدەن، نە بەو ئاراستەیەش کە عەلمانییەکان پیشــانی دەدەن، بەڵکو ئەو بەرنامەیە کە رێــز لەئیرادە و ئازادی گەلی خۆی دەگرێت، گەلیش هەست بەو رێزگرتنە دەکات، بۆیە هەردوو لایەنی بەرامبەر خۆی

نارەحەت کردووە.

**٣-** تێنەگەیشتن، یان خۆدزینەوە لەچەمکی ماف و ئازادییەکان، لەمافی موڵکایەتی و سەروەریی یاسا، لەیاسای پارتەکان و ڕێکخستنەوەی کۆمەڵگا لەچوارچێوەی سەروەری یاسا.

بێگومان هەندێك لایەن وەك لایەنە سیاسییە ئیسلامییەکان، یان بڕوایان بەچەمکی ماف و ئازادییەکان و یەکسانی هەموان لەبەردەمی یاسا نییە، یان لێی تێنەگەیشتوون، ئەو لایەنانەشی بەشێوازێکی ئایدۆلۆژی سەیری کێشەکانی کۆمەڵ و حکومڕانی دەکەن، پێیانخۆش بێت یان پێیانناخۆش بێت، نە بڕوایان بەچەمکی ماف و ئازادی هەیە، نە دەشتوانن ڕێز لەچەمکی ماف و ئازادی و یەکسانی هەموان لەبەردەمی یاسا بگرن. ئەمە تۆمەت بەشینەوە نییە، بەڵکو ئەمە موناقەشەکردنە، پرسیار لەیەکتری کردنە، پیشاندانی هەقیقەت و ئیدعاکردنی ئەوە نییە، کە ئێمە سەرچاوەی هەقیقەتین، بەڵکو ئەمە ڕوونکردنەوەیەکە بۆ ئەوەی هاووڵاتیان بەرچاویان ڕۆشن بێت و بزانن، ئەوەی ئیدعای ئەوە دەکات خاوەنی هەقیقەت و سەرچاوەی هەقیقەتە، لەو بازنەیە جێگەی نابێتەوە کە چەمکی ماف و ئازادی دەبێتە پرانسیپ، لەو بازنەیە جیگەی نابێتەوە کە هەموومان لەبەردەم یاسا یەکسان دەکات، ئەمەش پێکەوە مانای ئەوەیە ئەوان نایەنە ناو ئەو بازنەیەی ئیعتراف بکەن، بەشێکی ڕاستییەکانیان لایە نەك هەموو هەقیقەت، بۆیە ئەوانە بڕوایان بەچەمکی ماف و ئازادی و یەکسانی لەبەردەم سەروەری یاسا نییە، ئەم حاڵەتە کە پارتی و یەکێتی هەوڵی بۆ دەدەن، بەپێی چەمکی ماف و ئازادی و سەروەری یاسا کۆمەڵگە ڕێکبخەنەوە و کێشەکان چارەسەر بکرێن، لەو خاڵەدا ڕووبەڕووی دەرگای داخراومان دەکاتەوە کاتێك دەبینین لایەنێکی سیاسیی کە ئیدعای گۆڕان و ریفۆرم دەکات، بەم دروشمە ئایدۆلۆژیەتی خۆی دووبارە بڵاوبکاتەوە: «لەکۆمەڵگەی سەرمایەداریدا دەوڵەمەندی دەوڵەمەندەکان دزیکردنە لەهەژاران» ئیتر ناتوانیت موناقەشەی بکەیت، بۆچی؟! لەبەرئەوەی دوو هێز بەدوو ئاراستەی جیاواز یەکتری ڕادەکێشن، ئەگەر ئەو دوو هێزە هاوسەنگ بن، لەپنتێکدا کۆمەڵگە ڕادەگرن، ئەگەر خوانەخواستە ئەو هێزە بەهێزتربێت کە بەو لۆژیکە ئایدۆلۆژیەتی خۆی بڵاو دەکاتەوە، واتە کۆمەڵگا دەگەڕێتەوە بۆ دواوە، واتە سیستمی بازاڕی ئازاد هەڵدەوەشێتەوە و دەگەڕێنەوە بۆ سیستمی ئابووری دەوڵەت.

لایەنێکی دیکە، بەتایبەتی کە حزبە ئیسلامییە سیاسییەکان خەڵکی پێ چەواشە دەکەن و ئاراستەیەکی جیاواز لەگەڵ ئەقڵانیەت و پێشکەوتنی کۆمەڵگە دروستدەکات، ئەو قسەیەی ئادەم سمیسی گەورە ئابووریناسی ئینگلیز و جیهانە کە دەڵێت «ئەگەر بەتەمای خێری قەساب بیت، گۆشتت دەستناکەوێت». ئادەم سمیس مەبەستی لەم قسەیە ئەوەیە، ئەگەر کار نەکەیت و بەرهەمی کارەکەی خۆت نەگۆڕی بۆ پارە ناتوانی بچیتە لای قەساب و گۆشت بکڕیت، هەروەها کە قەسابەکە خێر ناکات و بێ پارە گۆشتت ناداتێ، مەبەست ئەوەنییە، قەسابەکە دوژمنی تۆیە، بەڵکو پرانسیپێکی گۆڕینەوەی هاوبەش هەیە کە تۆ پابەند نەبووی پێوەی، ئەویش ئەوەیە تۆ هەوڵتنەداوە بەرهەمی توانای خۆت بخەیتەگەڕ و بیکەیت بەپارە، هەتا ئەو پەیوەندییە هاوبەشە دروست بێت، بۆیە دەبینیت تۆ لەگۆشت خواردن بێبەشی، ئێستا یەکگرتووی ئیسلامی دەیەوێت ئەم بنەما بەرزەی ئابووری بازاڕ لەبەریەکهەڵبوەشێنێت، بەئاشکرا لەتەلەڤزیۆنەکەیەوە بەخەڵك دەڵێت، کار مەکەن چاوەڕێی خێری قەسابەکە بکەن، کار مەکەن چاوەڕێی سواڵکردنی ئێمە بن، ئێمەین نایەڵین ئێوە کار بکەن، بەرهەمی سواڵکردنتان بۆ دێنینە ماڵەوە، ئێمەین ڕێزگرتن لەمرۆڤ دەگۆڕین بۆ بەزەیی، ئێمە دەمانەوێت کۆمەڵگەیەك بونیادبنێین دەوڵەمەندەکان بەزەییان بەهەژارەکاندا بێتەوە و هەژارەکان دوعای بەخێر بۆ دەوڵەمەندەکان بکەن، ئەم دوو بۆچوونە جیاوازەیە، کە بەرنامەی پارتی و یەکێتی لەگەڵ ئەو ئایدۆلۆژیەتانە ڕووبەڕووی هاودژی دەکاتەوە، ئایا هیچ کۆمەڵگەیەك هەیە لەم جیهانە بەو دوو ئایدۆلۆژیەتە جیاوازە پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینیبێت، ئەگەر هەیە با ئاشکرای بکەن، ئێمە پێش هەموان نەفرەت لەدیموکراتی و ئابوری بازاڕ دەکەین.

بۆیە کاتێك هەوڵدەدەین ئاستی موناقەشە ئایدۆلۆژییەکان بگۆڕین بۆ موناقەشەی ئەقڵانی و دەمانەوێت بەرامبەر ئەو سەردەمە بەسەرچووە بازاڕ گەرمی بۆ چەمکێکی ئایدۆلۆژی سواو (بازاری ئازاد هۆکاری هەژاریە) بکرێت، کاتێك بەحزبە ئیسلامییەکان دەڵێین، گەورە و پێشەوای موسڵمانان حەزرەتی محەمەد (د.خ) پێش ئەوەی مژدەی پێغەمبەرایەتی پێبدرێت بازرگان بووە و بڕوای بەکار هەبووە، بڕوای بەوە هەبووە دەبێت مرۆڤ بەتوانای خۆی گۆشت بکڕێت، نەك چاوەڕوانی خێر بکات، ئەوا دەنگ بەرزدەکەنەوە پێمان دەڵێن ئیوە ڕێز لەئازادی بیروباوەڕ و ئازادی ڕادەربڕین ناگرن، لەکاتێکدا ئێمە بەرگری لەدەستدرێژییەکانی ئەوان بۆ سەر چەمکی ماف و ئازادی و سەروەری یاسا دەکەین.

## هاودژییەکان سەرچاوەی مەترسین نەک خاڵە هاوبەشەکان

هەتا دەستدرێژی نەکرێتە سەر ئازادی، هیچ بەرنامەیەکی هەڵبژاردن هاودژی لەگەڵ بەرنامەی لیستی کوردستانی دروستناکات، بەڵام بەرامبەر دەبێت لەو ڕاستییە تێبگات، ئەوکاتە سنووری ئازادییەکانی کۆتایی پێدێت، کە هێرش دەکاتە سەر دیموکراتی و بنەماکانی کۆمەڵگەی خۆشگوزەران و ئازادی کوردستان، ئەوکاتە ئیدی ئازادی بوونی نامێنیت، کە ئایدۆلۆژیەتی حزبی، بنەماکانی ئازادی بۆ پڕوپاگەندەی حزبی خۆی بەخراپ بەکاردەهێنێت، هەر بۆ نموونە:

١-ئەوە بێ ماناکردنی ئازادییە، لەمینبەری مزگەوتی ئیبراهیم گەردییەوە لەپایتەختی کوردستانەوە تەلەڤزیۆنەکانی کوردستان بەوە تاوانبار بکرێن زنجیرە و فیلمی بێ ئەخلاقی بڵاودەکەنەوە.

٢-ئەوە بێ ماناکردنی ئازادییە، سووکایەتی بەزانکۆکانی کوردستان بکرێت و بەناوەندی هەوەسبازی و بێ ئەخلاقی وەسف بکرێن.

٣-ئەوە بێ ماناکردنی ئازادییە، یاری بەسەروەرییە نیشتمانییەکان بکرێت، ئەوانەی سەدان ساڵە دەستیان بەخوێنی ڕۆڵەکانی ئەم میللەتە سوور بووە، لەسەر شاشەی تەلەڤزیۆنەوە، وەك کورد و نوێنەری کورد لەموسڵ پیشانی هاووڵاتیانی کوردستان بدرێت.

٤-ئەوە سووکایەتیکردنە بەئیرادەی گەلی کوردستان، ماف بدرێت بەتورکمان و عەرەبی کەرکوك و کورد تاوانبار بکرێت.

ئەم خاڵانە واقیعی ئەمڕۆی بانگەشە جۆراوجۆرەکانی ئەو لایەنانەن، کە بە نیازن بەم دروشم و بەرنامە جوانانە!! ململانێی لیستی کوردستانی بکەن، ئایا ئەمە ململانێیە دژی ئازادی و دیموکراسی، یان ململانێیە لەپێناوی چەسپاندنی زیاتری ئازادی و دیموکراسی؟



**پرۆفیسۆر سۆسەن هاید بێجگە لەوەی ئوستادی زانستی سیاسەتە لەزانکۆی یەڵ Yale لەهەمانکاتدا یەکێکە لەچاودێرە نێودەوڵەتییەکانی هەڵبژاردن و کتێبێکیشی لەسەر «چاودێری هەڵبژاردنەکان» نووسیوە، سەبارەت بەپرۆسەی بەڕێوەچوونی پرۆسەی دەنگدان لەوڵاتانی تازەپێگەیشتوو خاتوو سوسەن بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی.**



### پرۆفیسۆر سۆسەن هاید بۆ گوڵان:

# چاودێرانی بیانی تەنها چاودێری دەکەن ئەوان پۆلیسی هەڵبژاردن نین تا بڕیاربدەن

**ئەگەر تێکڕایی پارتە سیاسیەکان باوەڕیان بەدیموکراسی هەبێت و کاری بۆ بکەن، ئەوا بەدڵنیاییەوە ئەمە دەبێتە هۆکارێک بۆ سەرکەوتنی دیموکراسی**

*** لەوڵاتانی تازە دیموکراسیدا پۆپۆزسیۆن پێش هەڵبژاردن باسی مەترسی دەستیوەردان لەئاکامی هەڵبژاردن دەکات؟**

- مـن پێموایە دوو هۆکاری سەرەکی لە ئارادان بۆ ئەوەی هەڵبژاردنەکان لەم وڵاتانەدا عادیلانە نەبن، یەکەمیان هەوڵی پارتە سیاسیەکانە بۆ گۆڕین و دەستکاریکردنی دەرئەنجامی هەڵبژاردن، جا ئەو پارتانە پارتی حکومڕان بن و لە حکومەتدا بن، یاخود لە دەرەوەی حکومەتدا بن. هۆکاری دووەم ئەوەیە ئەم وڵاتانە ئەزمون و کەلتورێکی دورودرێژی مومارەسەکردنی دیموکراسیان نییە و پێی ئاشنا نین و وەك پێویست خۆیان بۆ ئامادە نەکردووە.

*** چۆن کەموکورتیەکانی پرۆسەی دەنگدان چارەسەر بکەین، ئایا ئەمە بە بانگهێشتی چاودێری بیانی چارەسەر دەکرێن؟**

- لەڕاستیدا هیچ هەڵبژاردنێك بێ کەم و کوڕی و هەڵە نییە، من پێشتر ئاماژەم بەو هۆکارانە کرد کە دەبنەهۆی ئەوەی هەڵبژاردنەکان دیموکراتی نەبن، بەڵام ئەوەی پەیوەستە بە چاودێرە نێودەوڵەتییەکانەوە، من باوەڕم وایە ئەوان تەنها چاودێری هەڵبژاردنەکان دەکەن و ڕاسپاردە و پێشنیار دەخەنەڕوو بۆ باشترکردنی چۆنیەتی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکان لە داهاتوودا، ڕەنگە هەندێ جاریش باس لە هەندێ هەڵە و کەم و کوڕی بکەن، بەڵام ئەوان حوکم لەسەر دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکان نادەن و ئەوان نابنە پۆلیسی هەڵبژاردنەکان.

*** بەڵام زۆرجار پێشوەختە حوکم لەسەر هەڵبژاردنەکان دەدرێت و بەهەڵبژاردنێکی نادیموکراتی لەقەڵەمدەدرێت، ئایا ئەمە تا چ ڕاددەیەك دەبێتە هۆی شێواندنی هەلومەرجی هەڵبژاردن؟**

- وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە قورسە، من پێموایە بە دەگمەن بانگەشەی ئەوە دەکرێت کە بە هیچ شێوەیەکی ئەو هەڵبژاردنەی بڕیارە ئەنجام بدرێت ئازادانە و دیموکراتیانە نابێت، ئەگەرچی ڕەنگە هەندێ جار بەهۆی قەدەخەکردنی تێکڕایی چالاکیەکانی بەرهەڵستکاران و خۆئامادەنەکردنی پێویستەوە بانگەشەی ئەوە بکرێت کە هەڵبژاردنەکان دەرئەنجامێکی ڕەوا و دیموکراتیان لێناکەوێتەوە.

*** ئەی تا چ ڕاددەیەك هۆشیاری گشتی و کولتووری کۆمەڵگە کاریگەریان هەیە لەسەر سەرکەوتنی هەڵبژاردنەکان، ئەگەر کاریگەریان هەیە، ئایا چۆن دەتوانین پەرەیان پێبدەین؟**

- ئەوە پرسیارێك گەورەیە، من لەو باوەڕەدام کە پەروەردەی مەدەنی لەم ڕووەوە گرنگی خۆی هەیە، کە گروپ و ڕێکخراوە مەدەنیەکان دەتوانن بەرنامە بۆ ئەم بوارە دابنێن و ئەمەش پرۆسەیەکی دورودرێژە و دەکرێت پارتە سیاسیەکانیش ڕۆڵێکی گرنگی تێدا ببینن. ئەوەی پەیوەندی بە بەشی دووەمی پرسیارەکەوە هەبێت ئەوا ئەمە دەوستێتەسەر دۆخ و هەلومەرجی هەر وڵاتێك، لەبەر ئەوەی لە هەندێ وڵاتدا بە ڕەوتێکی خێرا ڕوویداوە، لەهەندێ وڵاتی دیکەدا دووچاری ئاستەنگی زۆر بوونەتەوە.

*** ئەی سروشتی پارتە سیاسیەکان و جیاوازی ئایدۆلۆژیان تاچەند کاریگەری لەسەر رەوتی هەڵبژاردنەکان دەبێت؟**

- ئەگەر تێکڕایی پارتە سیاسیەکان باوەڕیان بەدیموکراسی هەبێت و کاری بۆ بکەن، ئەوا بەدڵنیاییەوە ئەمە دەبێتە هۆکارێك بۆ سەرکەوتنی دیموکراسی، لە ڕاستیدا ئەمەش پێویست بەوە دەکات کە پارتەکان ئەندامەکانی خۆیان هان بدەن بۆ هەڵسەنگاندن و پشتیوانیکردن لە پرۆسە دیموکراتیەکە و ئەمەش پێویستی بە هێزێکی ڕێکخستنی گەورە هەیە و ئەگەر پارتەکانیش ئەم هێز و توانایەیان نەبێت ئەوا زەحمەتە بتوانن پاڵپشتی لە سەرخستنی هەڵبژاردنە دیموکراتیەکان بکەن لە مەودای دووردا. پێموایە گرنگترین شت لەم مەسەلەیەدا ئەوەیە هاوڵاتیان خوازیاری ئەوەبن کە هەڵبژاردنێکی ئازادانە و دیموکراتیانە ئەنجام بدرێت.

*** ئایا وڵاتە تازەگەشەکردوەکان دەتوانن سوود لە ئەزمونی وڵاتە گەشەکردوەکان وەربگرن لە ڕووی سازدانی هەڵبژاردنی ئازادەوە؟**

- دەکرێت سوود وەرگرن، بەڵام بە تێڕوانینی من هەر وڵاتێك دۆخ و تەحەددا و دژواری تایبەت بەخۆی هەیە و ڕەنگە نەتوانین بانگەشەی ئەوە بکەین کە تەنها تاقە ڕێگایەك بۆ سازدانی هەڵبژاردنی ئاشتیانە و دیموکراتیانە لە ئارادایە و مەرج نییە وڵاتە تازەگەشەکردوەکان بەهەمان ئەزمونی وڵاتە گەشەکردوەکاندا تێپەڕببن.

*** ئایا ڕاسپاردەی تۆ بۆ ڕاگەیاندن چییە لەوڵاتی ئێمەدا، دەبێت چ ڕۆڵێك ببینن؟**

- راگەیاندن ڕۆڵێکی یەکجار گرنگی هەیە لەخستنەڕووی زانیاریەکان دەربارەی حکومەت، پارتە سیاسییەکان و تێکڕایی بارودۆخەکە، بێ بوونی ڕاگەیاندنی ئازاد دیموکراسی سەرکەوتوو نابێت.

**پرۆفیسۆر جان ولیام ڤان ئوستادی زانستی سیاسەتە لەزانکۆی مانهایم و پسپۆرو تایبەتمەندە لەپرۆسەکانی هەڵبژاردن و ئاستەنگەکانی بۆ پرۆسەکانی هەڵبژاردن لەجیهانی سێیەمدا بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە پرۆفیسۆر جان بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**



## جان ولیام ڤان بۆ گوڵان:

# میدیای ئازاد لەهەڵبژاردنەکاندا ئەوکاتە کاریگەری دەبێت کە بێلایەن و سەربەخۆ بێت

*** ئێمە دەزانین هەڵبژاردن لەوڵاتانی جیهانی سێدا جیاوازە لەهەڵبژاردن لەوڵاتە ڕۆژئاواییەکاندا، بۆ نموونە بەپێچەوانەی وڵاتانی ڕۆژئاواوە، لەوڵاتانی ڕۆژهەڵاتدا دەستێوەردان و ساختەکاری لە هەڵبژاردنەکاندا ڕوودەدات، هۆکاری ڕوودانی ئەم حاڵەتانە بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟**

- لە ڕاستیدا ئەمە لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە جیاوازە، هەروەها ئاشنابوون بەئەزمونی دیموکراسی پرۆسەیەکی درێژخایەنە و ڕەنگە بەدووبارەکردنەوەی هەڵبژاردنەکان ئەم پرۆسەی ئاشنابوون و فێربونە بەرەوپێش بچێت. هۆکاری ساختەکاریش ئەوەیە هەڵبژاردن بۆ هێنانەدی دەسەڵاتی سیاسیە و ڕەنگە هەموو ڕێگا و شێوازێك بگیرێتەبەر بۆ بەدەستهێنانی.

*** ئێمە دەزانین بوونی چاودێر لە هەڵبژاردنەکاندا کارێکی گرنگە، بە تایبەتی چاودێرە دەرەکیەکان، پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتدا سەرەڕای بوونی چاودێریش هێشتا پێشیلکاری ڕوودەدات و هەڵبژاردنەکە بە تەواوەتی ئازادانە نیە؟**

- چاودێرە دەرەکییەکان تەنها چاودێی هەڵبژاردنەکان دەکەن و بەرپرسیارنین لە بەڕێوەبردنیان و ئەوان ناتوانن ببنە هێزی پۆلیس بۆ ڕێکخستنی هەڵبژاردنەکان، ئەوان تەنها چاودێری دەکەن و تەغتیەی چۆنیەتی بەڕێوەچوونی دەکەن، بێ ئەوەی هیچ دەستێوەردانێك بکەن. ئەوان چاودێرن، هێزی پۆلیس نین.

*** لە هەڵبژاردنەکانی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتدا، لەبەر نەبوونی پارتە بەرهەڵستکار بەهێز، زۆرجار پێشوەختە حوکم لەسەر هەڵبژاردنەکان دەدرێت و بە هەڵبژاردنێکی نادیموکراتی لەقەڵەم دەدرێت، ئایا ئەمە تا چ ڕاددەیەك دەبێتەهۆی شێواندنی هەل و مەرجی هەڵبژاردن؟**

- دەبێت کەشوهەوایەکی ئازاد بڕەخسێنرێت بۆ دەنگدەران، نابێت ترس و نیگەرانیان هەبێت لەئاست ئاسایش و سەلامەتیان، هەروەها دەبێت متمانەیان بەشەرعیەتی هەڵبژاردنەکە و دەرئەنجامەکانی هەبێت، بەپێچەوانەوە پرۆسەکە دووچاری کێشەی جیددی دەبێتەوە.

*** ئایا بنەماکانی هەڵبژاردنی ئازاد و نەزیە چین؟**

- دەتوانین ئاماژە بەسێ خاڵی سەرەکی بکەین، یەکەمیان ئەوەیە دەبێت بوار بە تێکڕایی ئەو کەسانە بدرێت کە مافی دەنگدانیان هەیە بەشداری لە پرۆسەکەدا بکەن، دووەم، دەبێت دەنگدانەکە بە شێوەیەکی نهێنی بێت، خاڵی سێیەم ئەوەیە دەبێت ڕێز لە دەرئەنجامەکانی هەڵبژاردنەکە بگیرێت، واتە دەبێت دەسەڵات بە پێی دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکە دابەش بکرێت.

*** ئایا تا چ ڕاددەیەك هۆشیاری گشتی و کولتووری کۆمەڵگە کاریگەریان هەیە لەسەر سەرکەوتنی هەڵبژاردنەکان، ئەگەر کاریگەریان هەیە، ئایا چۆن دەتوانین پەرەیان پێبدەین؟**

- بوونی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی چالاك گرنگە بۆ سەرکەوتنی دیموکراسی، لەهەمان کاتدا بوونی ڕایەکی گشتی بەهێزیش، هەروەك دەبێت ئازادی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەری دابین بکرێت کە ڕۆڵی گرنگیان دەبێت لە تەغتیەکردنی پرۆسەکەدا.

*** یەکێك لە لایەنەکانی دیکەی هەڵبژاردنەکانی ڕۆژهەڵاتدا سروشتی پارتە سیاسیەکانە لەم وڵاتانەدا، کە سروشتێکی نادیموکراتیان هەیە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا تا چ ڕاددەیەك پارتە سیاسیەکان ڕۆڵیان هەیە لە سەرکەوتنی هەڵبژاردنەکاندا؟**

- لەڕاستیدا سروشتی پارتە سیاسیەکان زۆر گرنگ نییە، ئەگەر هاتوو پابەندبوون بەبڕیارە دیموکراسییەکانەوە، واتە هەموو کەس ئازادە لایەنگری لە چ بیروبۆچون و پارتێکی سیاسی دەکات، بەڵام دەبێت هەموان پابەندبن بە ڕێساکانی گەمەوە، هەروەك پێشتر ئاماژەم پێکرد. بەو پێیە ڕاستە دیموکراتیزە بوونی پارتە سیاسیەکان هۆکارێکی پارمەتیدەرە، بەڵام گرنگتر لەو ئەوەیە دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکان قەبووڵ بکەن.

*** ئایا چۆن دەتوانرێت زەمینەیەکی بڕەخسێنرێت بۆ ئەوەی هەڵبژاردنەکان بە شێوەیەکی ئاشتیانە بەڕێوەبچن بۆ ئەوەی خەڵك بڕیار لە ئایندەی خۆیان بدەن؟**

- ئەوە لە ماوەیەکی کورتدا نایەتەدی، چونکە بۆ ئەوەی سیستمی سیاسی دیموکراتی بێت، دەبێت کۆمەڵگەیەکی دیموکراتیمان هەبێت، بۆ نموونە ئەمە پێوست بە بوونی چینی ناوەڕاست دەکات، کە دروستبوون و گەشەکردنی ئەم چینەش کاتێکی زۆری دەوێت.

*** لە چەند مانگی داهاتوودا هەڵبژاردن ئەنجام دەدرێت لە هەرێمی کوردستاندا، ئایا ڕاسپاردەی تۆ بۆ ڕاگەیاندن چیە لە وڵاتی ئێمەدا، دەبێت چ ڕۆڵێك ببینن؟**

- دەبێت ڕاگەیاندن دو خەسڵەتی تێدابێت، یەکەم دەبێت تەغتیەی تێکڕای بەرنامە و بانگەشە و بەدیلەکان بکات، هەروەها دەبێت بێلایەنانە کاربکات و پشتگیری لایەنێکی سیاسی دیاری کراو نەکات. من دەڵێم دیموکراسی پرۆسەیەکی زۆر قورسە، بەڵام باشترین سیستمە بۆ ئەوەی لە چوارچێوەیدا بڕیارەکان دەربکرێت.

**بۆ ئەوەی سیستمی سیاسی دیموکراتی بێت ، دەبێت کۆمەڵگەیەکی دیموکراتیمان هەبێت**

**پرۆفیسۆر لۆنا ئەتیکسۆن ئوستادی زانستی سیاسەتە لەزانکۆی نیو مکسیکۆ، پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر پرۆسەی دەنگدان و ڕۆڵی میدیا و رەفتاری هاووڵاتیان لەکاتی دەنگداندا، حاڵی حازریش سەرقاڵی تویژینەوەیەکە لەسەر چۆنیەتی هەڵبژاردنەکانی مەکسیک، سەبارەت بەپرۆسەی دەنگدان و کێشەکانی خاتوو لۆنا بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتەدوان.**

## پرۆفیسۆر لۆنا ئەتیکسۆن بۆ گوڵان:

# گرنگە ئەوەیە هاوڵاتیان متمانەیان بە پرۆسەی دەنگدانەکە هەبێت



**لەئەمەریکادا هاووڵاتیان هۆشیارن بەوەی هەندێ لەو کەسانەی کە دەنگ و متمانەی خەڵک بەدەستدەهێنن، پەنا بۆ گەندەڵی دەبەن لەماوەی دەستبەکاربوون و دەسەڵاتداریاندا**

*** مەبەست لەهەڵبژاردنی نەزیە و عادیلانە چییە، ئایا ئەو میکانیزمانە چین پێویستە بگیرێنەبەر؟**

- ڕەنگە مەسەلەی یەکلاکردنەوەی ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی نەزیە و عادیلانە جیاواز بێت لەمەسەلەی پەرەپێدانی دامەزراوە دیموکراسیەکان، بەهەرحاڵ، پرسیارەکەی ئێوە پرسیارێکی ئاڵۆزە، من پێموایە دۆزینەوە و دەستنیشانکردنی ساختەکاری لەهەڵبژاردنەکاندا کارێکی ئاسانترە، چونکە زۆرجار ساختەکاری ئەوەیە کە کەسانێك دەنگیان نەداوە و لەبری ئەوان وەرەقەی دەنگدان بخەیتە سندووقی دەنگدانەوە، یاخود دەستکاری دەرئەنجامەکانی هەڵبژاردنەکە بکەیت. ئەوەی پەیوەندی هەبێت بە ئەنجامدانی هەڵبژاردنی عادیلانەوە، ئەوا دەبێت لە سەرەتادا ئەوە یەکلابکەینەوە کە خەڵك چ شتێك بە ڕەوا دەزانن و چۆن هەڵبژاردنێك بە هەڵبژاردنێکی ئازادانە دادەنێن، بۆ نموونە لەم دواییانەدا لە مەکسیك یاسایەك دەرچوو دەربارەی کۆنترۆڵکردن و ڕێکخستنی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان کە ڕێگە نادات پارتەکان باس لەپارتە نەیار و ڕکابەرەکانیان بکەن، ئایا ئەمە یاسایەکە ڕەوایە، بە تێڕوانینی من نەخێر، لەبەرئەوەی بوار بە پارتەکان نادات جیاوازیەکانی خۆیان لەگەڵ لایەنەکانی دیکەدا بخەنەڕوو.

*** بەڵام بنەما سەرەکیەکان چین بۆ ئەوەی دەستنیشانی ئەوە بکەین کە هەڵبژاردنێکی عادیلانە بەڕێوەچووە؟**

- من پێموایە یەکێك لە پێوەرە سەرەکیەکان ئەوەیە تێکڕایی دەنگدەران بە یەکسانی بواری دەنگدانیان بۆ بڕەخسێت، واتە هیچ چین و توێژێك، هیچ کەسێك بێ بەش نەکرێت لە دەنگدان، کە زۆرجار ئەمە بەهۆی یاساکانی تۆماری دەنگدەرانەوە ڕوودەدات، یاخود بەهۆی هەڕەشەوە لە دەنگدەران کە زۆرجار هەڕەشەی کوشتنیان لێدەکرێت ئەگەر هاتوو ڕوویان لەبنکەکانی دەنگدان کرد. هەروەها پێوەرێکی سەرەکی دیکە ئەوەیە زۆر بەوردی دەنگەکانی ئیفراز بکرێن و حساب بکرێن. دواتر دەبێت پێداچونەوە هەبێت و لەوە بکۆڵرێتەوە ئایا ساختەکاری ڕووی نەداوە، بۆ نمونە ئایا کەسانێکی دیاری کراو چەند جارێکی دەنگیان نەداوە، یاخود ئایا کەس بێ بەش نەکراوە لە دەنگدان، هتد، ئەمەش بۆ دڵنیابوون لەوەی هەڵبژاردنەکان عادیلانە بەڕێوەدەچن.

*** ئەی ڕۆڵی چاودێرانی بیانی لە پرۆسەی دەنگدا چین، ئایا ئامادەبونیان گرنگە؟**

- زۆرجار ئەو کەسانەی سەرپەرشتی هەڵبژاردنەکان دەکەن، کەسانێك نین کە مەشق و ڕاهێنانی پێویستیان بینیبێت بۆ چۆنیەتی ئیدارەکردنی پرۆسەی هەڵبژاردن و دەنگدانەکە، بۆ نموونە لە وڵاتی مەکسیك لە هەندێ بنکەی دەنگداندا داوات لێدەکرێت ناسنامەیەك پیشانبدەیت بۆ سەلماندنی هەبوونی ناوەکەت لە تۆماری دەنگدەراندا، لە هەندێ بنکەی دیکە بە هیچ شێوەیەك داوای ناسنامەت لێناکرێت. هەروەها زۆرجار ئەو کەسانەی بە ئەرکی سەرپەرشتی کردن هەڵدەستن پاشخانێکی یاساییان نیە، یاخود کەسانێکن کە لایەنگری پارت و لایەنێکی دیاری کراون و ڕەنگە کار بۆ بەرژەوەندی ئەو لایەنە بکەن. حاڵەتێکی دیکە هەیە ئەوەیە زۆرجار ڕێگە بە دەنگدەر نادرێت بە شێوەیەکی نهێنی دەنگ بدات، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەم پێشێلکاری و خروقاتانە دەبنەهۆی ئەوەی ڕابگەیەنرێت کە دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکان نایاسایی و ناشەرعین. من پێموایە ئەوەی گرنگە لێرەدا ئەوەیە ڕازی بوون یان ناڕازیبوونی دەنگدەرانە، یاخود متمانە و باوەڕیانە بە پرۆسەکە و بە دەرئەنجام و ئاکامەکانی پرۆسەکە، ئەمەش دەوەستێتەسەر ئەوەی دەنگدەر لە کاتی پرۆسەی دەنگداندا چ تێڕوانین و هەستێکی لا دروست دەبێت، بۆ نموونە ئەگەر سەردانی بنکەیەکی دەنگدان بکات وەرەقەی دەنگدان لە بنکەکەدا نەمابێت و ئەو کەسێك بێت سەر بە گروپە کەمینەکان بێت ئەوا هەست بە تورەیی ناڕازیبوون دەکات، یاخود زۆرجار ئەمە دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکان تەحەکەموی پێوەدەکەن، بۆ نموونە لە هەڵبژاردنە سەرۆکایەتیەکانی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا لە ساڵی ٢٠٠٨دا ئەگەر لایەنگرانی ئۆباما هەستیان بە ڕازیبون کردووە، لە کاتێکدا ڕەنگە لایەنگرانی مەککین بە پێچەوانەوە ناڕازی بوبێتن. ئەوەی لێرەدا گرنگە ئاماژەی پێبکەین متمانەی دەنگدەرانە بە پاکی پرۆسەکە، بۆ نموونە ئەگەر دەنگدەران ئەو متمانەیەیان لادروست بوو کە پرۆسەکە بێ ساختەکاری بەڕێوەچووە، ئەوا دەرئەنجامەکەی بەشەرعی دەزانن ئەگەرچی ڕەنگە ئەو پالێوراوانەش سەرکەوتنیان بەدەستهێنابێت کە ئەو لەگەڵ سیاسەت و بیروبۆچەناکانیاندا نیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەشەرعیان دەزانێت. بە



پێچەوانەوە ئەگەر ئەم متمانەیەیان لادروست نەبوو، ئەوا ئەمە سەردەکێشێت بۆ سەرهەڵدانی ناکۆکی و کێشەی جیددی.

*** ئایا تا چ ڕاددەیەك هۆشـیاری گشتی و کولتـووری کۆمەڵگـە کاریگەریان هەیە لەسەر سـەرکەوتنی هەڵبژاردنەکان، ئەگەر کاریگەریان هەیە، ئایا چۆن دەتوانین پەرەیان پێبدەین؟**

- بەدڵنیاییـەوە ئەمە گرنگـی خۆیی، بۆ نموونـە زۆرجار لەئەمەریـکادا هاووڵاتیان هۆشـیارن بەوەی هەندێ لەو کەسانەی کە دەنگ و متمانەی خەڵك بەدەستدەهێنن، پەنا بۆ گەندەڵی دەبەن لەماوەی دەسـتبەکاربوون و دەسـەڵاتدارییاندا و دواتـر ئـەو پێگە و بەرپرسـیارێتیە جێدەهێڵن. مەبەسـتم ئەوەیە زۆرجار هۆشیاری هاوڵاتیان کاریگەری دەبێت لەسەر کاردانەوە و متمانەی ئەوان بەرامبەر ئەو کەسـانەی لـە دەسـەڵاتدان و دەنگی خەڵکیان بەدەسـتهێناوە. ئەمـە کاریگەری دەبێت لەسەر تێڕوانین و هەڵوێست و هەڵس و کەوتیان لە ئاست بەرپرسە هەڵبژێردراوەکاندا.

*** ئەوەیـە ئایـا تـا چ ڕاددەیـەك پارتە سیاسـیەکان ڕۆڵیان هەیە لە سـەرکەوتنی هەڵبژاردنەکاندا؟**

- لەڕاسـتیدا ئـەوە دەوەستێتەسـەر ئەوەی دامـەزراوەکان چ ڕۆڵێك دەبینن لەم ڕووەوە، من پێموایە دەبێت دەرفەت و بواری یەکسـان بۆ تێکڕایی پارت و لایەنەکان بڕەخسـێنرێت بۆ ئەوەی پەیام و بەرنامەی خۆیان بگەیەننە دەنگدەران، بەڵام هەندێ جار پارتێکی دیاری کـراو بەهۆی ئەوەی سـەرچاوە و ئامرازی زیاتر لە بەردەسـتدایە، بوارێکی گەورەتر و باشتری بۆ دەڕەخسـێت، بۆ نموونە سەرۆك وەزیرانی عێـراق، نـوری مالیکی ڕەنگە سەرچاوەگەلێکی زیاتری لەبەردەستدابێت بۆ بانگەشەکەکردن بۆ پارتەکەی خۆی بە بەراورد بە پارتەکانی دیکە، ئەمەش دەوەستێتەسـەر ڕۆڵی دامەزراوەکان، ئایا دەرفەتی یەکسـان دەڕەخسـێنن، یاخود بواری گەورەتر دەدەن بە پارتە سـەرەکیەکان. بـۆ نموونە، لە هەندێ لەو سیسـتمانەدا کـە دوحزبی سـەرەکی لە ململانێدان زۆرجار یاسـا و ڕێسـاکانی دامـەزراوەکان بە چەشـنێك دادەڕێژین کە بوار بچووك دەکەنەوە لـە بەردەم پارتەکانی دیکەدا و ئەم پارتانەش ئەمە بە ڕەوا نازانن. بە تیڕوانینی من دیموکراسـی پێویستی بە بوونی چەند پارت و لایەنێك هەبێت کە بتوانن ئازادانـە ململانێ و ڕکابەری یەکتر بکەن و بیروبۆچون و تیڕوانیـن و بەرنامەی جیاواز بخەنـەڕوو بۆ ئەوەی دەنگدەران هەڵبژاردن و ئیختیارێکی عاقڵانە بکەن لەسـەر بنەمای ئەو زانیاریانەی لە بەردەستیاندایە دەربارەی بانگەشـە و بەرنامە، هەروەها هەڵوێسـت و هەڵس و کەوتی پارت و لایەنە ڕکابەرەکان.

*** ئایا چۆن دەتوانرێت زەمینەیەك بڕەخسێنرێت بـۆ ئـەوەی هەڵبژاردنەکان بەشـێوەیەکی ئاشـتیانە و ئازادانە بەڕێوەبچن، بەچەشنێك هاووڵاتیان بواری ئەوەیان بۆ بڕەخسێت بتوانن بڕیار لەسەر ئایندەی خۆیان بدەن؟**

- ئەمـە پتـر پەیوەنـدی بەپەرەپێدانـی دامەزراوەکانەوە هەیە، بە چەشنێك هاوڵاتیان متمانەیان بـە کار و ڕۆڵی چاوەڕوانکراوی ئەم دامەزراوانە هەبێـت. بوونی توندوتیژی و هەڕەشـە و گوڕەشە دۆخەکە دژوار دەکات و ناکرێت ئەو کاتە بانگەشەی ئەوەبکەین کە پرۆسـەکە بە ئازادانە بەڕێوەدەچێت، چونکە لـە حاڵەتی بوونی توندوتیـژی و نەبوونی دیموکراسـیدا، دەرئەنجامەکە سـەرهەڵدانی تاکـڕەوی و دیکتاتۆریەتە، بـەو پێیە و لەم ڕوانگەیەوە چارەسـەرەکە ئەوەیە کۆششەکان بـەردەوام بن بۆ بنیاتنانی ئەو دامەزراوانەی کە ڕێگری لە دروستبوونی ئەم دۆخە دەکەن و لەڕاستیدا من بوونی دیموکراسی بە باشتر دەزانم ئەگەرچی کێشـە و کەم و کوڕیش لە هەڵبژاردنەکانـدا هەبێت، لە بوونی تاکڕەوی و دیکتاتۆریەت. ئەگەرچی ڕەنگە کێشەی سـەرەکی و بنەڕەتی لـە زۆربەی وڵاتانی تازەگەشەکردوودا نەبوونی ئاسایش و ئارامی بێت و ئەمـەش ئەولەویەتی هاوڵاتیان بێت، لەبەر ئـەوەی ڕەنگە هاوڵاتیانی ئەم وڵاتانە بانگەشەی ئەوە بکەن ئەگەر من دووچاری هەڕەشەی مەرگ ببمەوە، ئایا چ گرنگیەکی هەیە کێ نوێنەرایەتی من دەکات.

*** لەچەنـد مانگی داهاتـوودا هەڵبژاردن لەهەرێمی کوردسـتان ئەنجامدەدرێت، ئایا ڕاسـپاردەی تۆ بۆ ڕاگەیاندن چیە لەوڵاتی ئێمەدا، دەبێت چ ڕۆڵێك ببینن؟**

- لەڕاستیدا پرۆسـەی دەنگدان پێویستی بەچاودێر هەیە، بەڵام ڕاگەیاندنیش دەتوانێت کاری هەڵسـەنگاندن بکات بۆ پرۆسەکە لەڕێـی لێکۆڵینـەوە و هەڵسـەنگاندنی ئاسـتی مەشـق و ڕاهێنان و پاشـخانی یاسایی ئەو کەسـانەی ئیدارەی پرۆسەکە دەکەن، لەگەڵ هەڵسـەنگاندنی ڕاوبۆچون و ئەزموون وتێڕوانینی هاووڵاتیان لەئاست پرۆسەکەدا.

دەبێت دەرفەت و بواری یەکسان بۆ تێکڕایی پارت و لایەنەکان بڕەخسێنرێت بۆ ئەوەی پەیام و بەرنامەی خۆیان بگەیەننە دەنگدەران

# پێگەی هەرێمی کوردستان لە دوای هەناردەکردنی نەوت

رۆژی ١ی حوزەیـــران بـــە شـــێوەیەکی فەرمی حکوومەتی هەرێمی کوردســـتان دەســـتی بە هەناردەکردنـــی نەوتی خاو لە رێـــگای بۆرییە نەوتـــی کەرکووك- جەیهانەوە کـــرد. هەناردەکردنەکە کۆتایی بەو هەڵپەســـاردنە چەند ساڵییەی پرسی نـــەوت دەهێنێت لە ئێراقدا، بێجگە لەوەش کەمهێنانی بودجەی گشـــتی ئێراقیش تا رادەیەکـــی باش چارەســـەر دەکات و فشـــاری پێچەوانەش بـــۆ حکوومەتی بەغدا و وەزارەتی نەوت دروســـت دەکات. ســـوودەکانی زۆرن، هەناردەکردنی نەوتی کوردســـتان لە ١ی حوزەیران کاریگەری ئەرێنی دەبێت.

بە گوێرەی مادده دەستوورییەکانی ١١١ و ١١٤ و ١١٥و ١٢٠، هەرێم و پارێزگاکان مافـــی گەڕأن وەبەرهێنانـــی نەوتیان لە خاکی خۆیانـــدا هەیە. حکوومەتـــی هەرێمـــی کوردســـتانیش لـــە چوارچێوەی ئەو مادداناەدا هەڵســـا بـــە وەبەرهێنان کردن لـــە کەرتی نەوت و غازدا بە هـــاوکاری کۆمپانیا دەرەکی و ناوخۆییەکان. هەر لە سەرەتاوە، حکوومەتی بەغدا ئەو مافەی کوردستانی رەت کردەوە و دەســـتی کرد بە هەڕەشە و بە نایاسایی وەسفی کردن. بەڵام پسپۆڕانی یاسایی و دەستووری ناوخۆیی و نێودەوڵەتی لەسەر حەقبوونی کوردستانیان بە تەواو زانی، لەوانە پسپۆڕی یاسایی و دەستووری نێوبانگـــی نێودەوڵەتی جەیمس کراوفۆرد کە ساڵی ٢٠٠٨ هەڵسا بە دیراسەتکردنی



هەردوو دەستووری فیدراڵی و ڕەشنووسی دەستووری کوردستان و لەسەر حەقبوونی کوردستانی دووپات کردەوە.
لەژێر ڕۆشـــنایی مادده دەستوورییەکان، حکوومەتی کوردستان درێژەی بە کاری خۆی دا بەڵام دژایەتی کردنەکان فراوانتر بوونەوە. ئەوەبوو، لە کۆتایی ٢٠٠٧ حوسێن شەهرستانی وەزیری نەوتی ئێراقی فیدراڵ هەڕەشـــەی لەو کۆمپانیایانە کرد کە لە کوردستان کار دەکەن و دەیانەوێت کار بکەن و ڕایگەیانـــد کە ناوی دەخرێتە لیســـتی ڕەشـــەوە. بەڵام حکوومەتی کوردســـتان گوێی بە لێدوانەکانی شەهرســـتانی نەدا و دووپاتـــی لەســـەر گەڕاندنەوەی داهاتەکەی بۆ حکوومەتی فیدراڵی کردەوە. هەروەها لە ئابی ٢٠٠٨، گروپێك لە پەرلەمانی ئێراقی بەناوی گروپی ٢٢ی تەموز دەستیان کرد بە هێرشکردنە سەر حکوومەتی کوردستان و هەوڵەکانی حکوومەتی کوردستانیان بە ناڕەوا و بە زیاد لەحەد لە قەڵەمیان دانا.
هەر دوای چەند مانگێك خودی سەرۆك وەزیر مالیکـــی هەوڵەکانی حکوومەتی کوردســـتانی لە کەرتی نـــەوت و غازی تۆمەتبار کرد و هەموو گرێبەســـتەکانی بە نایاسایی دانا.
تۆمەتەکانـــی شەهرســـتانی بۆ ســـەر کوردستان چەند نیازێکی لە پشتەوە بوو. گرنگترینیان بۆ شـــاردنەوەی فەشـــەلی خۆی بوو. لەوەتەی دەست بە کاربوونییەوە وەك وەزیری نەوت، حوســـێن شەهرستانی هیچ دەستکەوتێکی نەبووە، واتا نەیتوانیوە ئاســـتی بەرهەمهێنانی نەوت لەم چەند ســـاڵەی ڕابردوو بـــەرز بکاتـــەوە، بگرە دابەزینیشـــی بەخۆیەوە بینـــوە و هەر لە دەوری ٢ ملیـــۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدایە کە لە سەردەمی سەددامیش هەمان ڕێژە بوو. ســـەرەڕای ئەوەش، لەم چەند ساڵەدا پارەیەکـــی زۆر، لە دەوری ٨ ملیـــار دۆلار، بـــۆ وەزارەتەکـــەی تەرخانکرابـــوو و تا ئێســـتا چۆنێتی خەرجکردنـــی روون نییە. بۆیە حوســـێن شەهرستانی بۆ ئەوەی تەرکیزی پەرلەمان و میدیا لە خۆی دوور بگـــر ێ دەستی کرد بە خەتابارکردنی حکومەتی کوردستان و ئەوی بە بەربەستی کارەکانی دانـــا. جگە لەوەش، بەو پێیەی حوســـێن شەهرستانی مەیلی زۆری بەلای ئێرانەوە هەیە، دوور نییە ئێران پێی نەوتبێت ڕێگە لە کوردســـتان بگرێت لە پێشخســـتنی کەرتی نەوتـــی هەرێمەکەی. ئەمەش بۆ ئەوە دەگەرێتەوە گەر کوردســـتان کەرتی نەوتی خۆی هەبوو بێگومان ســـۆنگەی هێز و دەسەڵاتی بەهێزتر دەبێت. هەروەها گەر کوردســـتان پەرە بـــە نەوت و غازی خۆی بدات ئـــەوە ڕکابەری ئێران دەکات، ئەوســـاش وڵاتانی ڕۆژئاوا بۆ کرینەوەی نـــەوت و غـــاز هەڵبـــژاردەی یەکەمیان کوردستان دەبێت وەك لە ئێران کە فشاری و گەمارۆی نێودەوڵەتی لەسەرە. لاگیری شەهرستانی بە لای ئێراندا کاتێك دەرکەوت کە شەهرســـتانی هیـــچ کاردانەوەیەکی نەبوو بەرامبەری کاتێك دەســـتی کرد بە بەرهەمهێنانی نەوت لە نزیك ســـنووری ئێراق لە لای خانەقین و بەسرە کە دەبووە هەڵمژینی نەوتـــی دیوی ئێراق. هەروەك ئێستا فشارەکانی ســـەر شەهرستانی لە ناوخۆی ئێراقدا زیادی کردووە و پەرلەمانی لە هەوڵی لێسەندنەوەی متمانەیە لێی.
حکومەتـــی هەرێمـــی کوردســـتان تا ئێســـتا وەك بە گوێرەی بەرپرســـانی حکوومەت، نزیکەی ٣٠ گرێبەستی لەگـــەڵ کۆمپانیاکان مۆرکردووە لە هـــی ١٥ وڵاتـــی جۆراوجۆرەوە.
جۆری گرێبەستەکانی کوردستان لە جۆری گرێبەستی هاوبەشی بەرهەمهێنانە (Production Sharing



Contract)، کە شێوازێکی سەردەمی و مۆدێرنە. کۆمپانیاکانی نەوت ئێستا لەسەر ئەم جۆرە گرێبەستانە گرێبەست دەبەستن، کە ڕێژەیەك لە بەرهەمهێنان لە دوای دۆزینەوەو دەرهێنانی کێڵگەکە تەرخان دەکرێت بۆ کۆمپانیاکە. ڕێژەکە لە کوردستان لە نێوان ٥٪ بۆ ١٥٪ دایە. کەچی لەو لاوە، جۆرێتی گرێبەستەکانی حکوومەتی بەغدا بریتییە لە گرێبەستی پشتوانی تەکنیکی (Technical Support Contract) کە کۆمپانیاکان پارەیان دەدرێتێ بۆ ئەو کارانەی دەیکەن و هیچ پشکیان لە بەرهەمهێنانەکەی نابێت کە درێژەپێدەری هەمان سیاسەتی حکوومەتەکانی پێشووی ئێراق کە لە دوای بە نیشتیمانی کردن نەوت لە ساڵی ١٩٧٢ ئەم جۆرە گرێبەستەی دامەزراند و هەرچییەکی دیکەش لە لایەن کۆمپانیای نەوتی نیشتیمانی ئێراقییەوە کۆنترۆڵ دەکرا. کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکان لە دژی ئەم جۆرە گرێبەستەن. لە دوای ڕووخانی سەددام و بەردەوامبوونی هەمان جۆری گرێبەست بۆ کارکردن لە ئێراقدا، کۆمپانیا گەورەکانی جیهان نارەزاییان لەهەمبەر ئەم جۆرە گرێبەستانە دەربڕی و بە شێوازێکی بەسەرچوویان لە قەڵەمدا. ئەمە جگە لەوەی چەندین جار شارەزایانی نەوت ئەم جۆرە گرێبەستەیان بە زەرەر بۆ سەر کەرتی نەوت و ئابووری ئێراق لە قەڵەم داوە.

**تۆمەتەکانی شەهرستانی بۆ سەر کوردستان چەند نیازێکی لە پشتەوە بوو. گرنگترینیان بۆ شاردنەوەی فەشەلی خۆی بوو**

هەناردەکردنی نەوتی کوردستان سوودگەلێکی هەیە، بەتایبەتی لە بواری ئابووریدا. هەناردەکردنی نەوت و بوون بە خاوەنی سەرمایەیەکی وەك نەوت ژێرخانی ئابووری بەهێز دەکات و پێگەی جوگرافیای ئابووری کوردستانیش بەرەو پێشەوە دەبات. ئەمە بۆ کوردستان زۆر ڕاستە کاتێك تا ئێستا ژێرخانی ئابووری کوردستان زۆر هەژار و لاوازە، کە ژێرخانی ئابووریش بەهێزبوو ڕاستەوخۆ دەوڵەت بەهێز دەبێت. هەروەها هەناردەکردنی نەوتی کوردستان هەناردەی گشتی ئێراق زیاد دەکات کە ڕاستەوخۆ بودجەی ئێراق زیاد دەکات کە زیاتر لە ٩٠٪ لەسەر داهاتی هەناردەکردنی نەوتەوە بەندە و حکوومەتی هەرێمیش بەشە ١٧٪ی خۆی دەبات و نەوتی کوردستان لە لایەن کۆمپانیای بازرگانی نەوتی نیشتیمانی ئێراقی (SOMO)ەوە دەفرۆشرێت، کە سەر بە حکوومەتی ناوەندییە. بێجگە لەوەش ژمارەیەکی زۆر هەلی کار بۆ خەڵکی کوردستان دابین دەکات. تا ئێستا تەنها لە کێڵگەی تەق تەق بە گوێرەی قسەی محەمەد سیپەل بەڕێوەبەری کۆمپانیای Genel Energy، نزیکەی ١٠ هەزار کەس لە کوردستان سوودمەندی کار بوون لێی.

جگە لە لایەنە ئابوورییەکەی، کاریگەری لەسەر پەیوەندییەکانیش دەبێت. ئەو نەوتەی لە کوردستانەوە دەڕوا بەشێکی زۆری بۆ وڵاتانی ڕۆژئاوا دەبێت و گەر پەیوەندی و بەرژوەندی ئابووری هەبوو، پەیوەندی و بەرژوەندی دیکەشی بەدوادا دێت. ئەو وەختە ئەو وڵاتانە دەڕواننە کوردستان وەك خاوەن وزەیەکی گرینگ و هەوڵی زیاتر خۆنزیککردنەوە دەدەن لەگەڵ کوردستان بەهۆی بوونی بەرژوەندی ئابوورییەوە لەگەڵی. هەروەها هەرێمی کوردستان غازی سروشتی خۆی لە ڕێگەی بۆری نابوکۆوە کە بە هێڵی باشووریش ناسراوە ڕەوانەی ئەورووپا دەکات. دوای ئەوەی رووسیا کە دابینکەری یەکەمی غازی سروشتی ئەوروپایە چەند جارێك بەهۆی بوونی کێشە لەگەڵ ئۆکرانیا ڕەوانەکردنی غازی سروشتی بۆ ئەوروپای ڕاگرت، وڵاتانی ئەوروپا بەدوای بەدیلێك بۆ غازی رووسیا گەڕان تاکو لەژێر فشاری رووسیا رزگاریان بێت. ئەوە بوو هێڵی نابوکۆ دەست نیشان کرا کە غازی سروشتی لە ئازربایجانەوەبۆ ئەوروپا لە ڕێی تورکیاوە دەگوازێتەوە. غازی سروشتی کوردستانیش بە هەمان هێڵدا تێپەر دەبێت و پێشبینی ئەوە دەکرێت کە یەك لە چواری پێویستی غازی سروشتی ئەوروپا دابین بکات، کە ڕێژەی هەناردەکردنی غازی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٣ بگاتە نزیکەی ٣ ملیار پێی سێ گۆشە لە رۆژێکدا. وڵاتی تورکیای دراوسێش بەهۆی مەسەلەی



هەناردەکردنی نەوت و غازەوە پێوەندییەکانی لەگەڵ کوردستان بەرەو پێش دەچێت. بەتایبەتی کە لەو غازەی دەنێردرێتە دەرەوە، بۆ تورکیاش دەڕوات. هەروەك هێنری بارکی پسپۆر لەسەر کوردستان (٢٠٠٩) نووسیویەتی :»بەرژوەندی تورکیا لە نەوتی باکووری ئێراق و هەناردەکردنی غاز زۆر راستەقینەیە، بەتایبەتی لەبەر ئەوەی واچاوەڕێ دەکرێت لە ساڵی ٢٠١١ دا تورکیا نەتوانێت پێویستی ناوخۆیی وزە پڕ بکاتەوە. قوڵکردنەوەی پەیوەندییە بازرگانییەکان بەهۆی وەبەرهێنان کردن لە ژێرخاندا، وەکو بۆڕی نەوت، دەبێتە هۆی بەهێزبوونی پەیوەندییەکان.» لە چەند رۆژی رابردوو کەناڵی سی ئێن ئێن تورك رایگەیاند کە تورکیا نیازی کردنەوەی قوسنوڵییەی خۆی هەیە لە هەولێر، بێگومان ئەمەش سەرەتاکەی بۆ بوونی بەرژەوەندی ئابووری دەگەڕێتەوە. جگە لەوانەی باسمان کرد، ئەم رووداوە گرینگە دەبێتە هۆی متمانە پەیداکردنی کوردستان لەسەر ئاستی نیشتیمانی و نێودەوڵەتی و ژمارەیەك زۆری دیکەی کۆمپانیا رووی تێدەکەن.

لە رووی پیشەسازیشەوە نەوتی کوردستان گرینگی خۆی هەیە. ئەو دوو بیرە نەوتەی کە دەرهێنران، هەریەك لە لای خۆیەوە پاڵاوگە دروست دەکەن، کە ئەوەی تەق تەق توانای پاڵافتنی ٦٠ هەزار بەرمیلی هەیە لە رۆژێکدا. هەروەها خودی پرۆسەی دەرهێنانی نەوتەکە بە پیشەسازی ناودەبرێت. ئەمە جگە لەوەی پاش خۆیان چەندین کارگەی دیکەی پێویستە بە پێترۆکیمیاوییەوە دروست دەبن.

رووە هێز و سیاسییەکەی هەناردەکردنی نەوتیش بەرچاوە. دوای ئەوەی بە هەناردەکردنی نەوت پایەی ئابووری کوردستان بەهێز دەبێت، بەهێزبوونی پێگەی هێز و دەسەڵاتی کوردستانیشی بەدوادا دێت. ئەوسا سەنگی کوردستان باڵاتر دەبێت، چونکە تا رادەیەکی باش سەربەخۆیی ئابووری بەدەست دەهێنێت کە ئەوسا فشار خستنەسەری لە لایەن بەغداوە کەمتر دەبن. هەروەها پاش ئەوەی تورکیاش بەرژوەندی لە نەوت و غازی کوردستاندا دەبێت، جا بەهۆی تێپەرینی بۆرییەکانی گواستنەوە بەخاکەکەیدا یاخود بەهۆی پێویستبوونی بەو دوو سەرچاوەیە، ئەویش مامەڵەکردن لەگەڵ حکومەتی کوردستاندا دەگۆڕێت کە بێگومان سوودمەندی یەکەم لەم نێوەندەدا کوردستان دەبێت. هەروەها لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش پێگەکەی تۆکمەتر دەبێت و چی دیکە وەك ژێردەستەیەك حسابی بۆ ناکرێت، بەڵکو وەك وڵاتێك کە خاوەنی وزەیەکی گرنگە.

شیاوی ئاماژەپێکردنە هەناردەکردنی نەوتی کوردستان خۆی لە خۆیدا رووداوێکی مێژوویی بوو کە گەلێك دەستکەوتی بۆ گەلی کوردستان هەیە. لە کۆتاییشدا، هەر خەڵکی کوردستانە سوودمەندی یەکەم دەبن لێی.

ئاکامەکانی ئەم رووداوە خۆشگوزەرانی گشتی و بەهێزکردنی پایەی کوردستانی بە دواوە دێت. جگە لەو شتانەی ئاماژەمان پێکرد، ئەو کۆمپانیایانە کە لێرەدا کار دەکەن ناچارن خزمەتگوزاری بۆ هاووڵاتیانیش دابین دەکەن کە لە گرێبەستەکاندا هاتووە، ئەوەتا Genel Energy تا ئێستا چەند قوتابخانەیەکی دروست کردووە و کۆمپانیای دانا غازیش ژمارەیەك زەمالەی خوێندنی لە زانکۆی ئەمەریکی دابینکردووە.

**لە چەند رۆژی رابردوو کەناڵی سی ئێن ئێن تورک ڕایگەیاند کە تورکیا نیازی کردنەوەی قوسنوڵییەی خۆی هەیە لە هەولێر، بێگومان ئەمەش سەرەتاکەی بۆ بوونی بەرژەوەندی ئابووری دەگەڕێتەوە**



# هەوڵدان بۆ پەکخستنی سیستمی دامەزراوەیی مانای ریفۆرم دەکاتە رووخان



سیاسی
گوڵان
ژمارە (٧٣٦)
٢٠٠٩/٦/٨

باراک ئۆباما کە دروشمی گۆڕان ( change)ی بەرزکردەوە، ئەمریکا پێویستی بەگۆڕان بوو، بەڵام گۆڕان لەسەر چ بنەمایەک، ئایا مەبەستی لە گۆڕان ئەوەبوو، ئیدارەی کۆشکی سپی بڕووخێنێت و ئیدارەیەکی دیکە بەمەزاجی خۆی دابمەزرێنێت، یان مەبەستی ئەوەبوو ئەو میکانیزمانە بگۆڕێت، کە شکۆی ئەمریکای لەسەر ئاستی جیهان ناشیرینکردبوو؟. ئۆباما هەوڵیدا گەلی ئەمریکا بەوە بگەیەنێتە قەناعەت، خاڵە بەهێزەکانی ئەمریکا تەنها هێزی سەربازی نییە، ئۆباما بەگەلی ئەمریکای گوت، دەتوانین وەک باوکانی دامەزرێنەر، لەئاسمانی تەمومژاویشدا بڕیار بدەین. دەتوانین لەناو تاریکیشدا ڕووناکی ببینین، دەتوانین بە ڕووە جوانەکانی ئەمریکا شکۆی ئەمریکا پیشانی جیهان بدەین، دەتوانین لەبری بەکارهێنانی هێزی ڕەق بەهێزی نەرمیش ئاییندە بونیاد بنێن .

ئەگەر سەرنج لەو هێڵە گشتیانە بدەین کە پارتی دیموکراتی ئەمریکا و ئۆباما و بایدن داوای گۆڕانیان پێدەکرد. دەبینین بەرنامەیەکی ڕاشکاوی فراوانی ئامادەکراوبوو، کە پێش ئەوەی هاوکاری بێت بۆ گەلی ئەمریکا، هاوکاری بوو بۆ پارتی کۆماری ئەمریکا، لەپێناوی ڕزگارکردنی گەلی ئەمریکا ئامادەبوون هاوکاری پارتی کۆماری بکەن، هەر بۆنموونە:

١- لەو کاتەی جۆزیف بایدن گەیشتە قەناعەت کە پلانی سەرۆک بوش لەعێراق ڕووبەڕووی بنبەست بۆتەوە، پلانی Bی دارشت.

٢- لەوکاتەی بارودۆخی عێراق گەیشتە ئەو ئاستەی ئەمریکا بکەوێتە دووڕیانەوە، لی هاملتۆن سیناتۆری دیموکراتەکان لەگەڵ جیمس بێکەر سەرپەرشتی گرووپی دیراسەتی عێراقیان کرد، دیراسەتێکیان بۆ سەرکەوتنی سیاسەتی ئەمریکا (کە هاریکاری پارتی کۆماری بوو) ئامادەکرد.

٣- لەپەسەندکردنی بودجەی زیادە بۆ هێزەکانی ئەمریکا لەعێراق وئەفغانستان، دیموکراتەکان دەنگیان بۆ پەسەندکردنی بودجەکەدا.

٤- لەبڕیاری زیادکردنی هێز (Surge) واتە زیادکردنی هێز بەشێوەی دەستوبرد و لەناکاو بۆ عێراق، دەنگیان بۆ بەرژەوەندی سیاسەتی کۆمارییەکان دا.

ئەو چەند خاڵەی ئاماژەمان پێکردن، نیشانەی پرۆسەی گۆڕانی ئۆباما بوو، لەژێر چەتری بەرژەوەندییە نیشتمانییەکانی ئەمریکا و دەستووری ئەمریکا و ڕێبازەکانی باوکانی دامەزرێنەری ئەمریکا، بۆیە کە قسەی بۆ ئەمریکییەکان دەکرد، ئەمریکییەکان بڕوایان پێدەکرد، پێش ئەوەی ئاکامی هەڵبژاردن بەتەواوەتی ڕابگەیەنرێت، بوش پێش ماکین پیرۆزبایی سەرکەوتنی لەئۆباما دەکرد.

ئەوەی گەلی ئەمریکای گەیاندە قەناعەت، بەشێوەیەکی گەورە دەنگ بەئۆباما بدەن، هۆکارەکەی خۆشەویستی ئۆباما نەبوو، بەڵکو خۆشەویستی ئۆباما بوو بۆ ئەمریکا، ئۆباما سەلماندی ئەمریکای لەحزبی دیموکراتی و حزبی کۆماری بەگەورەتر دەزانێت و لەپێناوی سەرکەوتنی ئەمریکادا ئامادەیە هاریکاری کۆمارییەکان بکات، کە دەکرێت بەچەند خاڵێک ئاماژەی پێبکەین:

١- ئۆباما بەکردەیی بۆ ئەمریکیەکانی سەلماند ئەگەر پارتی دیموکراتی بەهەموو توانای خۆیەوە هاوکاری پارتی کۆماری بکات، ئیدارەی بوش بەو بەرنامەیە سەرکەوتوو نابێت، لەبەرئەوەی گرفتی شکستی ئێستا بێ توانایی ئیدارەی ئەمریکی و گەلی ئەمریکا نییە، بەڵکو گرفتەکە خراپی ئەو بەرنامەیە کە کاری پێدەکرێت.

٢- ئۆباما بۆ گەلی ئەمریکای سەلماند، زۆر لەئیدارەی بوش زیاتر دژی تیرۆرە و لەبوش زیاتر شەڕی تیرۆر دەکات، بەڵام هەموو شەڕێکیش مەرج نییە بەهێزی سەربازی بکرێت.

کەواتە ئەمریکییەکان بۆیان دەرکەوت، بەرنامەی ئۆباما بۆ ئەمریکایە نەک بۆ حزبی دیموکراتی، بۆیە بەشی زۆری کۆمارییەکانیش دەنگیان بۆ دیموکراتیەکان دا.

لێرەوە ئەگەر سەرنج لەبەکارهێنانی وشەی گۆڕان لەکوردستاندا بدەین و لەگەڵ وشەی گۆڕانەکەی ئۆباما بەراوردی بکەین، دەبینین، بەکارهێنانی وشەی گۆڕان یان قەڵاچۆکردنی گەندەڵی، بێجگە لە ٢ وشەی سۆزداری ڕووت مانایەکی تر ناگەیەنێت، بۆچی؟ لەبەرئەوەی ئەوانەی ئەم ٢ وشەیە بەرزدەکەنەوە و کردوویانە بەدروشم نەیانتوانیوە، هیچ مانایەکی قووڵی پێ ببەخشن، مانادارى وشەی گۆڕانەکەی ئۆباما ئەوەبوو، ئۆباما مانای بەگۆڕان دابوو، بۆیە گەلی ئەمریکا پێویستی بەگۆڕان بوو، ئەگەر ئۆباماش وەک کۆمپانیای وشە، گۆڕانی ڕووتبکردایە، بەدڵنیاییەوە گەلی ئەمریکاش وەک گەلی کوردستان پێویستیان بەگۆڕان نەدەبوو.

با لێرەوە بەراوردێک لەنێوان وشەی گۆڕان لەکوردستان و وشەی گۆڕانەکەی باراک ئۆباما بکەین:

أ- ئۆباما لەبانگەشەی بۆ گۆڕان دژی ئێمە و ئەوان ڕاوەستا، واتە دژی ئەوە ڕاوەستا، کە شکستی ئیدارەی بوش تەنها شکستی کۆمارییەکان بێت، بۆیە کە قسەی دەکرد، باسی باوکانی دامەزرێنەری دەکرد، کە چۆن لەو ڕۆژانەی ئاسمان تەمومژاوی بووە بڕیاریان بۆ ئاییندەی ئەمریکا داوە، کەواتە پێویستە هەموو ئەمریکا ڕزگار بکەن، بەڵام لەکوردستان دەسپێکی بەکارهێنانی وشەی گۆڕان، بەوشەی ئێمە و ئەوان دەستی پێکرد، ئەمەش واتە لەسادەترین مانای گۆڕان لەکوردستان، لەدابەشکردنی کۆمەڵگەی کوردستان بۆ ئێمە و ئەوان دەستی پێکرد، ئەمەش پێچەوانەی بەکارهێنانەکەی ئۆباما بوو.

ب- ئۆباما وشەی گۆڕانی بەمانای چارەسەرکردنی کێشەکان بەکاردەهێنا، واتە داوای دەکرد، ئیدارەی بوش بەرنامەی خۆی لەبەکارهێنانی هێزی سەربازییەوە بگۆڕێت بۆ بەکارهێنانی هێزی دیپلۆماسی، لەم پێناوەشدا ئامادەبوو هاریکاری سەرخستنی ئەمریکا بکات، سەرکەوتنە سەربازییەکانی بوشیشی بەسەرکەوتنی خۆی دەزانی، بۆیە ژەنەراڵ پەتریۆس-ی قەبووڵ بوو بکرێتە فەرماندەی گشتی هێزەکانی ئەمریکا و

**ئەمریکییەکان بۆیان دەرکەوت، بەرنامەی ئۆباما بۆ ئەمریکایە نەک بۆ حزبی دیموکراتی، بۆیە بەشی زۆری کۆمارییەکانیش دەنگیان بۆ دیموکراتیەکان دا**



**سیحری دامەزراوە ڕێگەی سەد ساڵەی پێشکەوتنی بەریتانیای لەیابان کردۆتە ٣٤ ساڵ و لەکۆریا ١١ساڵ**

ڕۆبەرت گیتسیشــی قەبووڵ بوو لەپۆستی وەزارەتــی بەرگــری ئەمریــکا بمێنیتەوە. بــەڵام بەکارهێنانی وشــەی گــۆڕان کە بەحیســاب بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی بەکاردێت، کۆمپانیای وشە و لیستی گۆڕان ئامادەنەبــوون، پێشــوازی لــەو هەنگاوەی سەرۆکی حکومەتی کوردســتان بکەن، کە دەســەڵاتی دادوەری لەحکومەت جیاکردەوە، هیچ پشــتگیریان لێنەکــرد، ئەمەش واتە ئامانجی گۆڕان لەکوردستان ڕووبەڕبوونەوەی گەندەڵی نییە، بەڵکو شەڕی دەسەڵاتە.

ت- هیشــام شــەڕابی بیرمەندی عەرەبی سەبارەت بەتێڕوانینی سەرکردە ڕۆژهەڵاتییەکان بۆ دەســەڵات، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کاتێك سەرکردە ڕۆژهەڵاتییەکان، دژی دەسەڵاتێك رادەوەســتن، لەبەرئەوە نییە، ئەو دەســەڵاتە خراپە و ئەو ئامانجییەتی دەسەڵاتێکی باشتر بونیاد بنێت، نەخێر ئەو جۆرە ســەرکردانە کە دەبینن دەســەڵاتێکی باش هەیە هەستدەکەن ئیهانەکراون، هەستدەکەن ئەوە شوێنی ئەوانە و یەکێکی دیکــە داگیری کــردووە، بۆیە کاتێك ئەم تێڕوانینە بۆ دەســەڵات گۆڕا بۆ داگیرکردن، ئیدی ئەو بەرنامە بۆ شــەڕی داگیــرکاری دادەڕێژێــت، کە شــەڕەکەش گۆڕا بۆ شــەڕی داگیرکاری ئیدی بەهای دیموکراتی بوونی نامێنێت، هەموو شــتێك دەبێت بەهۆکار بۆ لابردنی ئەو داگیرکارییە، بەداخەوە لیســتی گۆڕان و کۆمپانیای وشە بەو جۆرە وشــەی گۆڕانیان کردووە بەدروشم و دەسەڵاتی نیشــتمانی ئێستای کوردستان بەداگیرکاری شــوێنی دەســەڵاتی خۆیان دەزانن، بۆیــە کاتێك حکومەتــی هەرێمی کوردستان بڕیاری سەروەری یاساش دەدات، ئەوان بێدەنگی هەڵدەبژێرن، کاتێك حکومەتی کوردستان دژی لیســتی حەدبا ڕادەوەستێت ئــەوان ئەمە بە هەڵوێســتێکی نیشــتمانی نازانــن، کاتێك بەغدا وەك دوژمن ســەیری هەولێــر دەکات، ئەوان دۆســتایەتی خۆیان لەگەڵ بەغدا باشتر دەکەن، کاتێك پەرلەمانی کوردســتان یاســای باری کەسێتی هەموار دەکات، لاپەرەکانــی ڕۆژنامــەی ڕۆژنامە دەکەنە ســەکۆی ئازادی بۆ عەلی باپیر و دژی هەموارکردنی یاســای باری کەسێتی رادەوەســتن، ئەمەیە تێکدانی مانای وشەی ریفۆرم و بێ بایەخکردنی ناوەرۆکی گۆڕان، ئەمەیە ڕاگەیاندنی ئامانجی شــاراوە لەژێر پــەردەی ریفۆرم و گۆڕانــدا، لێرەوە ئەگەر پرسیارەکە بەئاراستەیەکی دیکە بورووژێنین: ئەگەر گــۆڕان بێ مانا نەکرایە، ئایا خەڵك بەوجۆرە سەیری گۆڕانی دەکرد؟

بێماناکردنی گۆڕان و ریفۆرم

کۆمەڵگەی دیموکراتــی واتە گۆڕان، واتە بەردەوامبوون لەسەر چارەسەرکردنی کێشەکان و ئامادەباشی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کێشەکانی دیکە، لەوانەیە ئەمە ســادەترین پێناسە بێت، کە دوای پێشــەکی و پاشــەکیەکی دوور و درێژ زۆربــەی بیرمەندانی جیهان لەســەر مانای کۆمەڵگــەی دیموکراتی کۆبکاتەوە، کەواتە بەپێی ئەم پێناسە سادەیە، حکومەتی دیموکراتی پێش هەر لایەنێك فەرزە لەسەری دان بــەوەدا بنێت، ســەرکەوتنی حکومەتی دیموکراتی ئەوەیە کە بەردەوام لەکۆمەڵگەی دیموکراتیــدا کەموکورتی هەیە و چەند پێش بکەوین ڕووبەڕووی کێشــەی زیاتر دەبینەوە، بیرمەندانــی ئابــووری دەڵێــن لەوکاتەی حکومەتێکی دیموکراتی باڵەخانەیەکی دەیان قاتی دروســتدەکات، ئایا دەبێت دڵخۆش بێت یان بیر لەکێشــەی تازە بکاتەوە؟ لەوەڵامدا دەڵێین ئەگــەر حکومەتێك دیموکراتی بێت، دەبێت دڵتەنگ بێــت لەبەرئەوەی خۆی بۆ چارەسەرکردنی کێشــە تازەکان ئامادەبکات، باڵەخانەیەکــی دەیــان قاتــی پێویســتی بەگەیاندنــی خزمەتگوزارییە، پێویســتی بەپاککردنەوەیــە، ئەوانەی لــەو باڵاخانەیە دادەنیشن پێویستیان بەچاودێری تەندروستی و گرەنتی و دڵنیایی (تەئمین) هەیە، تەنانەت باڵەخانەکە خۆی پێویســتی بەتەئمین هەیە، ئەمە پێماندەڵێت، گۆڕان یان چارەسەرکردنی کێشــەکان کۆتایی نایەت، بۆیە پێویســتە بەرنامەی گۆڕان و چارەسەرکردنی کێشەکان بەردەوام لەگــۆڕان و بەرەو پێشــەوەبچێت، دەبێت ئەو گرووپ و لایەنانەی بانگەشــەی گۆڕان دەکەن لەدەسەڵاتدا بن یان ئۆپۆزسیۆن لەخزمەتی گۆڕاندا بن، بۆیە کاتێك دەبینین ئەو دروشمانەی لەوڵاتی ئێمە بەناوی گۆڕان بەرزدەکرێنــەوە، لــەو چوارچێوەیە لادەدات، پێمانخۆش بێت یان پێمانناخۆش بێت، گۆڕان بێمانــا دەکەیــن، دەکرێت زیاتر لەســەر ئەم مەسەلە هەستیارە هەڵوەستە بکەین:

١- هەموو ئەوانەی بانگەشــەی گۆڕان و ڕووبەڕووبوونــەوەی گەندەڵــی دەکەن، هەتا ئێســتا بەرنامەیەکیان نییە بــۆ چۆنیەتی ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی، کۆمەڵێك شتی گشتی و عمومی وەك وتاری ڕۆژنامەکانی جیهانی عەرەبی خراونەتــەڕوو، بەڵام هەتا ئێستا بەرنامەیەك نەبووە، پلانێکی پراکتیکی



بۆ هاوکاری حکومەت و رزگارکردنی گەلی کوردســـتان لەم پەتا خراپە لەخۆی بگرێت، لەمەش خراپتـــر ئەو هەوڵانەی حکومەتیش لەم پێناوەدا داویەتی،هەوڵیانداوە پەکیبخەن.

**٢-** هەمـــوو ئەوانەی بانگەشـــەی گۆڕان و ریفۆرم دەکەن، باســـی رۆڵ وکاریگەری سیستەمی دامەزراوەییان نەکردووە، کە چەندە گرنگە بـــۆ رووبەڕووبوونـــەوی گەندەڵی، ئاماژەیان بەوە نەکردووە، لەکاتی وەرچەرخانی ئابووری مەرکەزی بـــۆ ئابووری بازار ئەم دیاردەیە ســـەرهەڵدەدات، باســـی هۆکاری ســـەرهەڵدانی ئەم دیاردەیە نەکراوە، هەورەها باســـی ئەوەش نەکراوە چۆن رووبەڕووی ئەم دیاردەیە دەبینەوەو ئامـــادەش نەبوون خەڵك هۆشـــیار بکەنەوە هاریکاری سیســـتەمی دامەزراوەیی وڵاتی خۆیان بکەن.

**٣-** ئامانجی ســـەرەکی گۆڕان و ریفۆرم و رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی، وەك دروشمێکی سیاسیی بۆ شکاندن و ناوزڕاندنی بەرپرسانی بەرامبەر بـــووە، چونکە ئەگەر بازرگانێکی دیکە بەمەرجـــێ بەرپرس نەبێـــت، هەموو بـــازاڕی کوردســـتان قۆرخ بـــکات، هیچ رەخنەیەکی لەســـەر نەبـــووە، هەروەك چۆن حزبە سیاســـییەکان پەنا بـــۆ دامەزراندنی میدیای ئازاد و ئەهلی و سەربەخۆ دەبەن و لەناوەرۆکیشدا هەر حزبین، بەڵام لەبەرئەوەی ناوەکـــەی گـــۆڕاوە هەموو پرانســـیپ و ئەتیکی رۆژنامەوانی بشکێنێت، کەمپەینی بۆ دەکرێتـــەوە و وا پیشـــاندەدرێت ئازادی رۆژنامەگەری پێشێلکراوە. ئەمە پەتایەکی ترسناکە لەهەر کۆمەڵگەیەکدا سەرهەڵبدات لەبەرئـــەوەی ئامانـــج گۆڕانی دەســـەڵاتە بەمانای رووخان، ســـەربڕینی دیموکراسیە لەرێگەی سندووقی دەنگدان.

ئەو وڵاتانەی شانازی بەسەرکەوتنی قۆناخی بونیادنانەوە دەکەن چۆن لەشەڕی گەندەڵی سەرکەوتوو بوون؟

زۆرجار کەباســـی ئەوە دەکەیـــن کەلوپەلی چینـــی خراپە و بەکەڵك نایـــەت، ئەوانەی لـــە ئەوروپا دێنەوە پێماندەڵێن، چۆن وادەڵێن، کەلوپەلـــی چینـــی لەئەوروپـــا ململانێی کەلوپەلی ئەوروپی دەکات لەســـەر هەردوو ئاســـتی نـــرخ و کوالیتی، کـــە پێیاندەڵێن فەرموو ئـــەوە نموونـــەی کەلوپەلی چینە لەوڵاتـــی ئێمە. ئەوجا دەزانـــن، چینییەکان ناتوانـــن فێڵ لە ئەوروپیـــەکان بکەن، بەڵام دەتوانن فێڵ لەرۆژهەڵاتی و کوردستانییەکان بکەن، ئایدۆلۆژیای ســـەقەتیش بەوجۆرەیە، لەکۆمەڵگەیەکی ئەوروپی ناتوانێت هاووڵاتیان هەڵبخەڵەتێنێـــت، بەڵام لەکوردســـتانەکەی خۆمان، بەئاسانی جێگەی خۆیان دەکەنەوە، ئەمەیە ئێمـــە وەك گوڵان لێی دەترســـین، هەربۆیە هۆشیارکردنەوەی گشتی هاوڵاتیان (Public awareness) لەهەمـــوو فاکتەرەکانـــی دیکە بەگرنگتـــر دەزانین و شێوازی کارکردنی خۆمانمان بەو ئاراستەیە بـــۆ تەرخانکـــردووە، ئەمـــەش لەبەرئەوەیە دەزانین، ئەگەر ئاستی هۆشیاری هاووڵاتیان بەرزبێتەوە و بزانێت، لەکۆریای باشوور و تایوان و ســـەنگافورە یان لە پتسوانا و کۆستاریکا و چیلـــی، چـــۆن چارەســـەری گەندەڵی کراوە، ئیـــدی گوێ لەسیاســـەتمەدارێکی مۆدیلـــی ماوتســـیتۆنگ یان ســـتالینی ناگرێت، حیکایەتی کۆمپانیای وشـــەی بۆ بگێڕێتەوە، یان ســـەریان بـــەوە قاڵ بکات، گۆڕان بە وشـــە دەکرێت، ئێمـــە دەمانەوێت بەخوێنەرانمان بڵێین جیهانی ســـەردەم دەڵێت گۆڕان بەدامەزراوە دەکرێت، نەك بە وشـــە، وشـــە تەنها حیکایەت دروســـتدەکات نەك گۆڕان، وشـــە تەنها لەخەیاڵدا رۆســـتەم و زۆراب زیندوو دەکاتەوە، نەك خۆشگوزەرانی و کورتکردنـــەوەی رێگەی دوور، بۆ ئەوەی بەهەڵە لێمـــان تێنەگەن، ئەوە ئێمە و هەموو جیهانی سەردەم، دەڵێین گۆڕان بەدامەزراوە دەکرێـــت، لەبەرئەوەی ســـیحری دامەزراوە رێگەی سەد ساڵەی پێشکەوتنی بەریتانیای لەیابان کردۆتە ٣٤ ساڵ و لەکۆریا ١١ساڵ، ئێمە پێمانوایـــە ئەوکاتە گۆڕان دەکرێت، کە حکومـــەت خۆی فەرمانبـــەری گەل بێت، نەك گەل فەرمانبەری حکومەت بێت، ئێمە پێمانوایـــە دەبێت گەل مووچە لەرێی باجەوە بەحکومەت بدات. نەك حکومەت بودجەکەی وەك مووچە دابەش بـــکات، ئێمە پێمانوایە دەکرێت بەوشـــە دەربڕی گەورەترین سیستەم و دامەزراوە بین وەك باوکانی دامەزرێنەری ئەمریکا دەڵێن (بەبـــێ باجدان نوێنەرایەتی نییە) بەڵام هەموو وشەکانی دنیا بێ کاری جیددی ناتوانێت دامەزراوەیەك دروستبکات.

ئەمەیە دەبێت هۆشـــیار بین وشـــە و کار، وشـــە و دامەزراوە لێکجیابکەینەوەو، کار و دامەزراوە پێکەوە گەوهـــەری گۆڕانکاری و پێشـــکەوتنن، وشـــەکان تەنها وەك وشـــە ناونیشانی دامەزراوەکانی پێدەنووسرێت، بۆیە وشەی بێ ناوەرۆك، بێجگە لەهەڵخەڵەتاندن و ئەفیونکردنی هاووڵاتیـــان بەردێکی پێ ناخرێتە سەر بەردێك.

**کار و دامەزراوە پێکەوە گەوهەری گۆڕانکاری و پێشکەوتنن**





**پرۆفیسۆر جۆنگ سۆنگ یو ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی کەنەدی بۆ دیراساتی حکومەت و پسپۆرو تایبەتمەندا لە بواری چاکسازی حکومەت و رووبەڕووبونەوەی گەندەڵیدا،بۆ قسەکردن لەسەر سیمای کۆمەڵگەی دیموکراتی بەگشتی و کێشەکانی دیموکراسی لە وڵاتانی تازەپێگەیشتوو و رووبەڕووبوونەوەی دیاردەی گەندەڵی پرۆفیسۆر جۆنگ بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی.**

## پرۆفیسۆر جۆنگ سۆنگ یو بۆ گوڵان:

# چاکسازی پێویستی بە بوونی ئیرادەیەکی سیاسی بەهێز کۆمەڵگەیەکی مەدەنی بەهێز و هاوڵاتی هۆشیار هەیە

**لە دیموکراسییە پێشکەوتووەکاندا ئاستی گەندەڵی نزمە، بەڵام لەو وڵاتانەی لە سەرەتای پرۆسەی بە دیموکراسیکردندان، لەبەر ئەوەی دامەزراوەکان وەک پێویست رۆڵ و ئەرکی خۆیان ئەدا ناکەن، ئەوا چاودێری لەسەر گەندەڵی کەمە و بگرە زۆرجار گەندەڵی تەشەنەدەکات**

*** دیاردەی گەندەڵی یەکێکە لە گرفتەکانی وڵاتە تازە گەشەکردووەکان، بە تایبەتی ئەو وڵاتانەی لە سیستمی شمولیەوە بەرەو سیستمی دیموکراسی هەنگاو دەنێن، ئایا باشترین میکانیزم بۆ بەرەنگاربونەوەی گەندەڵی لەم وڵاتانە چییە؟**

- دامەزراوە دیموکراسییە سیاسییەکان میکانیزمی تایبەتیان هەیە بۆ بەرەنگاربونەوەی گەندەڵی، یەکێك لە میکانیزمەکان ئەوەیە هاوڵاتیان و دەنگدەران بەرپرسە هەڵبژێردراوەکان رووبەڕووی بەرپرسیارێتی دەکەنەوە، جا سەرۆك بێت، سەرۆك وەزیران بێت یان ئەندامانی پەرلەمان، بۆ نموونە لە کاتی پرۆسەی دەنگداندا دەتوانن بڕیاری گۆڕینیان بدەن ئەگەر هاتوو لە ئاستی بەرپرسیارێتدا نەبوون. میکانیزمی دووەم، بریتییە لە پرۆسەی جیاکردنەوە و دابەشکردن و هاوسەنگکردن لە نێوان دەسەڵاتەکاندا، لە هەمان کاتدا رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و راگەیاندنیش دەتوانن رۆڵی چاودێر ببینن لەم رووەوە. هەر ئەمەش هۆکاری ئەوەیە لە دیموکراسییە پێشکەوتووەکاندا ئاستی گەندەڵی نزمە، بەڵام لەو وڵاتانەی لە سەرەتای پرۆسەی بە دیموکراسیکردندان، لەبەر ئەوەی دامەزراوەکان وەك پێویست رۆڵ و ئەرکی خۆیان ئەدا ناکەن، ئەوا چاودێری لەسەر گەندەڵی کەمە و بگرە زۆرجار گەندەڵی تەشەنەدەکات.

*** رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی بەتەنها ئەرکی لایەك نییە، کارێکە پێویستی بە هاوکاری هەمەلایەنە هەیە، لە وڵاتانی جیهانی سێیەم، گەندەڵی لەلایەن پارتە سیاسییەکانەوە دەکرێتە دروشمی سیاسیی بۆ کۆکردنەوەی دەنگ.ئایا ئەمە دەبێتە هۆکارێك بۆ چارەسەری گەندەڵی؟**

- دەبێت پارتە سیاسییەکان نوێنەرایەتی بەرژەوەندی لایەنگران و بگرە دەبێت نوێنەرایەتی بەرژەوەندی گشتی بن، بەڵام زۆرجار بەهۆی لاوازی دامەزراوەکان و کامڵنەبوونی کاری رێکخستنی سیاسی و پارتەکانەوە، پارتە سیاسییەکان لەسەر بنەمای پەیوەندی خزمایەتی هەڵدەسوڕێن و زۆرجار لە بری ئەوەی سیاسەتێکی دیاریکراو بۆ پەرەپێدانی بەرژەوەندی گشتی دابڕێژن سەرقاڵی خزمەتکردنی بەرژەوەندییە خزمایەتییە بەرتەسکەکان دەبن. هەروەها لەو وڵاتانە لەسەرەتای پرۆسەی بە دیموکراتیکردندان، لەبەر نەبوونی میکانیزمی شەفاف بۆ کۆکردنەوە و خەرجکردنی داهاتەکان لەلایەن پارتەکانەوە، هەروەها بەهۆی لاوازی دامەزراوەکانەوە، ئەوا زۆرجار پارتە سیاسییەکان ئەرکی چاوەڕوانکراوی خۆیان ئەدا ناکەن، بگرە بە پێچەوانەشەوە کاردەکەن.

*** ئایا بە پێی تیڕوانینی ئێوە میکانیزمەکانی چاکسازی چین؟**

- بۆ سنورداركردن و کۆنترۆڵکردنی گەندەڵی پێویستمان بە چاکسازی دژە گەندەڵی دەبێت، کە رەنگە ئەمە چاکسازی سیاسی، ئیداری و تەنانەت ئابووریش بگرێتەوە. هەروەها پێویست بە دامەزراندنی میکانیزمی شەفاف دەکات بۆ چۆنیەتی کۆکردنەوەی دارای لە لایەن پارتە سیاسیەکانەوە، ئەگەرنا هەڵبژاردنەکان ئامانجەکانی خۆیان ناهێننەدی. هەروەها دەبێت ئازادی گەیشتن بە زانیارییەکانی پەیوەست بە چۆنیەتی بەڕێوەچوونی کارەکانی حکومەت لە ئارادابێت، لە هەمان کاتدا دەبێت دامەزراوەکان بە شێوەیەکی سەربەخۆ کاربکەن، بەتایبەتی دەسەڵاتی دادوەری.

*** ئایا چۆن ئاستی هۆشیاری گشتی پەرەی پێ دەدرێت لە وڵاتانی جیهانی سێدا؟ بە شێوەیەك خەڵکی بتوانن جیاوازی بکەن لە نێوان سیمبولە سیاسییەکان و چاکسازیدا؟**

- ئەنجامدانی چاکسازی پێویستی بە بوونی ئیرادەیەکی سیاسی بەهێز، کۆمەڵگەیەکی مەدەنی بەهێز و هاوڵاتی هۆشیار هەیە، هەروەها لەم رووەوە دەزگاکانی راگەیاندن دەتوانن رۆڵی چالاك و کاریگەر ببینن لە خستنەگەڕی هەڵمەتی هۆشیارکردنەوەدا.



**پرۆفیسۆر رۆناڵد واڵتەر گرین
ئوستادی گەیاندنە لە زانكۆی
مینۆسۆتا و پسپۆرو تایبەتمەندە لە بواری
دیموكراتی و گەشەسەندنی دیموكراتی
لە وڵاتانی تازە پێگەیشتوودا، سەبارەت
بەم پرسە گرنگە و كێشەو گرفتەكانی
كۆمەڵگەی دیموكراسی پرۆفیسۆر گرین
بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

### پرۆفیسۆر رۆناڵد والتەر گرین بۆ گوڵان:

# سەروەری یاسا یەكێكە لە هێماكانی كۆمەڵگەی دیموكراتی و رێسای گەمە دیموكراتیەكە رێكدەخات

*** هەندێك لە پسپۆرانی سیاسیی سەروەری یاسا بۆ پاراستنی ئازادیەكان و زامنكردنی ئازادی رادەربرین بە سیمای دیموكراتی دەزانن،ئایاچۆن ئەمە تەفسیر دەكرێت؟**

- نارازیبوون ناهاوڕابوونی هاوڵاتی لەگەڵ حكومەتدا بەشێكی دانەبڕاوە لە دیموكراسی، بێ بوونی ئەم مافە هاوڵاتیان ناتوانن بیروبۆچون ئاڵ و گۆڕ بكەن، مشت و مڕ و گفتوگۆ لە سەر پرس و مەسەلەكان بكەن و ناتوانن بەشداریەكی چالاكانە لە كاروبارەكانی حكومەتدا بكەن. سەروەری یاساش یەكێكە لە ڕەمزەكانی كۆمەڵگەی دیموكراسی، چونكە سەروەری یاسا ڕێساكانی گەمەكە دیاری دەكات، بەو شێوەیە كەس ناتوانێت لە دەرەوەی یاسا كارێك بكات، یاخود خۆی بە بەرزتر لە یاسا دابنێت. ڕێزگرتن لە سەروەری یاسا هەل و مەرجێك دەخوڵقێنێت كە هەموان هەست بكەن مامەڵەیەكی یەكسانیان لەگەڵدا دەكرێت، چونكە ئەگەر گروپێك ماف و پێگەی زیاتر بوو ئەوا ناتوانین بڵێین پێداویستیەكانی هێنانەدی دیموكراسیمان هێناوەتەدی.

*** دیاردەی گەندەڵی وەك دیاردەیەكی زەقی ئەو وڵاتانە سەیر دەكرێت كە لە دەسپێكی بونیادی دیموكراتیدان، ئایا گەندەڵی تایبەتە بە كۆمەڵگە تازەكان؟**

- لە ڕاستیدا ئەو وڵاتانەش كە سەدەها ساڵە دیموكراسیان تێدایە، بە چەشنی وڵاتە یەكگرتوەكانی ئەمەریكا، لە شەڕی گەندەڵیدان و گەندەڵی كاریگەری هەیە لەسەریان، هەروەك لەو حاڵەتی گەندەڵیەی ئەم دواییە بەدیمان كرد كە حاكمی ویلایەتە ئیلینۆی تێوەگلابوو، واتە ئەمە تەنها پەیوەست نیە بە وڵاتە تازە گەشەكردوەكان، یان ئەو وڵاتانەی دەیانەوێت قۆناغی شمولیەت تێپەڕێنن. من پێم وایە باشترین ڕێگا بۆ بەرەنگاربونەوەی گەندەڵی پەرەپێدانی بەها و پێوەری نوێیە و ناچاركردنی بەرپرسرانە بۆ ئەوەی پێوەی پابەندبن و سزادانیانە ئەگەر سەرپێچیان كرد، هەرچەندە ئەمە پرۆسەیەكی دوورودرێژە و پەیوەستە بە خوڵقاندنی كەلتورێكی نوێیەوە.

*** مەترسیەكانی بڵاوبوونەوەی دیاردەی گەندەڵی چین؟**

- زۆرجار گەندەڵی دەبێتە ڕەفتارێكی كۆمەڵایەتی، لە شێوەی پێشێلكردنی هەندێ لە ڕێسا و پێوەرەكاندا، بەڵام

*** بابێینە سەر دیاردەی رەخنە و دەستنیشانكردنی كەموكورتییەكان ئایا ئەم دیاردەیە لە كۆمەڵگەی دیموكراتی چ مانایەكی هەیە؟**

- بە دڵنیاییەوە لە دیموكراسیدا دەبێت حكومەت لە ئاست خواست و داخوازییەكانی خەڵكدا بێت، هەروەها دیموكراسی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئازاد و نەزیە لە خۆدەگرێت، ئەمەش بە مانای دەرفەت رەخساندنە بۆ بوونی بەرهەڵستكاری و رەخنەگرتن لەو حكومەتەی لە دەسەڵاتدایە، لە هەمان كاتدا دیموكراسی لە تەنها سازدانی هەڵبژاردنەكاندا كورت نابێتەوە، بەڵكو دەبێت ئازادی گوزارشتكردن لە بیروبۆچونەكان لە ئارادابێت، ئازادی كۆبوونەوە و رێكخستنی سیاسی لە ئارادابێت و هتد.

*** لە كۆمەڵگە دیموكراسیەكاندا هەمیشە بانگەشە بۆ فراوانكردنی ئازادییەكان و سەروەری یاسا دەكرێت، بۆچی ئازادی و سەروەری یاسا سیمبولی كۆمەڵگەی دیموكراتین؟**

- لە راستیدا لە كۆمەڵگەی دیموكراسیدا دەبێت تیكڕای ئەندامەكان ئازادبن و مامەڵەیەكی یەكسانیان لەگەڵدا بكرێت و لەبەردەم یاسادا وەك یەك بن، ئەمەش سەروەری یاسایە، واتە نابێت هیچ كەسێك بەهۆی سەروەت و سامان یاخود دەسەڵاتەوە مامەڵەیەكی تایبەتی لەگەڵ بكرێت. بوونی كۆمەڵگەیەكی مەدەنی كارا و چالاك یارمەتیدەر دەبێت لە سەركەوتنی كاری دامەزراوە دیموكراسیە سیاسیەكان، هەروەها یارمەتیدەر دەبێت بۆ هاوڵاتیان تێگەیشتنێكی باشتر و زیاتریان هەبێت لەسەر چۆنیەتی بەڕێوەچوونی كارەكانی و حكومەت و لە هەمان كاتدا خواست و پەیامی هاوڵاتیان دەگەیەنێتە دەسەڵات. هەروەها دەتوانن چاودێری كار و بڕیارەكانی حكومەت و سیاسیەكان بكەن و ئەوە بخەنەڕوو ئایا بە پێی یاسا و رێساكان كاردەكەن یاخود نا.

*** دوا وتەت چییە؟**

- من دەمەوێت ئەوە بڵێم كە دیموكراسی لە شەو و رۆژێكدا نایەتەدی، بەڵكو پێویست بە كۆششێكی زۆر دەكات هەم لەلایەن سەركردە سیاسییەكان و هەم لە لایەن كۆمەڵگەی مەدەنییەوە.

ئەمە مەسەلەیەکی جیاوازە لە مەسەلەی تۆمەتبارکردنی یەکتری بە گەندەڵی لە نێو لایەنە سیاسیەکاندا، کە لەم حاڵەتەدا نابێت هاوڵاتیان ڕێگەبدەن ڕاستەوخۆ بکەونە ژێر کاریگەری ئەم تۆماتەنەوە و دەبێت هەوڵی لێکۆڵینەوە بدەن لە ڕاستی و دروستی ئەم تۆمەتانە و دەبێت هۆشیار بن و ئەو ڕاستیە لەبەرچاوبگرن کە ڕەنگە ئەمە زۆرجار بۆ مەبەستێکی سیاسی بەکار دەهێنرێت. ڕەنگە ئەمە وەك بەشێك لە پرۆسەی فێربوونی دیموکراسی پیادە بکرێت، مەبەستم لە یەکتری تاوانبارکردنە، بەڵام ئەوە ئەرکی هاوڵاتیانە بگەنە ئەو ڕاستیەی ئایا ئەمە بە شێوەیەکی ڕەوا بەکارهێنراوە و پاساو هەیە بۆ ئەم تاوانباکردنە یاخود نا.

*** ئایا چۆن دەتوانین دامەزراوەکان بنیات بنێین لە کۆمەڵگەیەکی دیموکراسیدا؟**

- لە ڕاستیدا ئەم دامەزراوانە ئەو کاتە دروست دەبن کە هاوڵاتیان دەست بە پرۆسەی خۆڕێکخستن بکەن لە کۆمەڵگەدا، لەسەر ئاستی گەڕەك و خێزان و ناوچەکەیان، کە ئەمەش پێی دەوترێت ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، ئەم ڕێکخراوانەش هەم خۆیان لە ئاستی بەرپرسیارێتیدا دەبن و هەموو حکومەتیش ڕووبەڕوی بەرپرسیارێتیەکانی خۆی دەکاتەوە و لەوە دەکۆڵێتەوە ئایا لە چوارچێوەی یاسا و ڕێساکاندا کاردەکات یاخود نا. ئەوەی گرنگە لە بنیاتنانی دامەزراوەکاندا، ڕێگەدانە بە بەشداری کردنی هاوڵاتیان لە ڕێی دروستکردن و پێکهێنانی ئەم ڕێکخراوانەوە. ئەمە پێویستی بە سەرچاوە و هاوکاری تەکنیکی و هاوکاری شارەزایان و پەروەردە هەیە، واتە چەندین پێشمەرج هەن بۆ بنیاتنانی دامەزراوە دیموکراسیەکان، کە یەکێك لەوانە ڕێگەدان بە خۆڕێکخستنی هاوڵاتیان لەم ڕێکخراواندا.

*** ئایا بە پێی تیروانینی ئێوە میکانیزمەکانی چاکسازی چین؟**

- من پێم وایە دەبێت پێوەری بەشداری کردن و ڕەخنەگرتن و پابەندبوون بە یاساوە بەکاربهێنین بۆ بڕیاردان لەسەر پرۆسەی چاکسازی، با ڕوونتر بدوێم، ئەگەر ئەو کەسانەی بانگەشەی چاکسازی دەکەن، ڕێگە بە بەشداریەکی فراوانتری ئەو کەسانە دەدەن کە کاریگەر دەبن بە بڕیارەکان، ئەوا ئەمە کاری چاکسازیە، ئەگەر ئەو کەسانە لە چوارچێوەی یاسا و ڕێساکاندا کار و چالاکی ئەنجام بدەن، واتە سەروەری یاسا بپارێزن، ئەوا دەتوانین بڵێین چاکسازی دەکەن، ئەگەر ئامادەبن لە لایەن ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەکانەوە ڕەخنەیان لێبگیرێت، واتە ڕێگەدان بە بوونی دامەزراو و ڕێکخراوە دیموکراسیەکان، ئەوا ئەمە دەبێتە پێوەرێك بۆ ئەوەی چاکسازی دەکەن. پێم وایە ئەمانە هۆکاری ئەنجامدانی چاکسازین. بەو پێیە ئەگەر پارتە سیاسیەکان بەم شێوەیە کارناکەن ئەوا هەوڵێکی ڕاستەقینەی چاکسازی نادەن.

*** ئایا چۆن ئاستی هۆشیاری گشتی پەرەی پێ دەدرێت لە وڵاتانی جیهانی سێدا؟ بە شێوەیەك خەڵکی بتوانن جیاوازی بکەن لە نێوان سیمبولە سیاسیەکان و چاکسازیدا؟**

- لەم ڕووەوە بایەخدان بە پەروەردە گرنگی خۆی، جا پەروەردەی ڕەسمی بێت، یان پەروەردەی خێزانی یان ئاینی، یاخود پەروەردە و ڕۆشنبیری بەشداری کردن، کە دەتوانین بەمەی دواییان بڵێین پەروەردەی سیاسی و ئەوای پێشو بە پەروەردەی کۆمەڵایەتی ناوببەین، ئەم پرۆسەیەش کورتخایەن نیە، بەڵکو کاتێکی دوورودرێژی پێویستە.

*** تا چ ڕاددەیەك بنیاتنانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کاریگەری دەبێت لەسەر بەرەوپێشچوونی دیموکراسی؟**

- ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕێی خولقاندنی هەل و مەرجی بەشداری کردنەوە بۆ خەڵك بۆ ئەوەی بڕیار لەسەر ئەو مەسەلانە بدەن کە پەیوەندی بە ژیانیانەوە هەیە، دەبێنەهۆی پەرەپێدانی دیموکراسی، واتە وەك تاقیگەیەکی بچوك کاردەکەن کە خەڵکی فێری هونەری گفتوگۆ، بڕیاردان و دۆزینەوەی چارەسەری مام ناوەندی بۆ کێشەکان دەکات. بەو پێیە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگە مەدەنی هانی بەشداربوونی زیاتر دەدەن، تاوەکو بەشداربوونیش زیاتربێت دیموکراسی بەرەوپێش دەچێت.

*** دوا وتەت چیە؟**

- من هیوای خۆشبەختی بۆ خەڵکی کوردستان دەخوازم و ئومێد دەکەم هەوڵەکانتیان بۆ هێنانەدی دیموکراسی سەرکەوتو بێت.





**پرۆفیسۆر دۆناتیلا پۆرتا ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی ئەوروپا لە ئیتاڵیاو پسپۆر تایبەتمەندە لەسەر بونیادی دیموکراسی و گەشەپێدان و رووبەرووبونەوەی گەندەڵی، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە گرنگە پرۆفیسۆر دۆناتیلا بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

**پرۆفیسۆر دۆناتیلا پۆرتا بۆ گوڵان:**

# چارەسەرکردنی گەندەڵی بە تەنها ئەرکی پارتە سیاسییەکان نییە بەرەنگاربوونەوەو کۆنترۆڵکردنی گەندەڵی لە ئەستۆی تێکڕای لایەنەکانی کۆمەڵگەکەیە

**دیموکراسی تەنها حوکمی زۆرینە نییە، بەڵکو پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و مافی کەمینەکانیشە کە دەبێت ئەوانیش ماف و ئازادییەکانیان پارێزراوە بێت**

*** کۆمەڵگەی دیموکراسی ئەوە کۆمەڵگەیەیە کە دەرفەتی رەخنەگرتن و فشار دروستکردن بۆ سەرحکومەت لە ئارادایە، بۆ ئەوەی وەڵامی داخوازییەکانی خەڵك بداتەوە. ئایا تا چ رادەیەك هاوڕایت لەگەڵ ئەوەدا کە رەخنەگرتن و فشارکردن لەسەر حکومەت هۆکارێکی روونە لە کۆمەڵگەیەکی دیموکراتیدا؟**

- لە راستیدا ئەوە یەکێکە لە رواڵەتە گرنگەکانی دیموکراسی، لەبەر ئەوەی هاوڵاتیان ئازادی رادەربڕینیان هەیە، لەبەر ئەوەی هاوڵاتیان ئاگاداری چۆنیەتی بەڕێوەچوونی کاروبارەکانی حکومەتن، ئەوا دەتوانن رەخنە لە حکومەت بگرن، فشار بخەنەرسەر حکومەت، بەو پێیە حکومەت بخەنە بەردەم بەرپرسارێتیەکانی خۆیەوە.

*** لە کۆمەڵگە دیموکراسیەکاندا هەمیشە بانگەشە بۆ فراوانکردنی ئازادییەکان و سەروەری یاسا دەکرێت، بۆچی ئازادی و سەروەری یاسا سیمبولی کۆمەڵگەی دیموکراتین؟**

- دیموکراسی پەیوەستە بە بنیاتنانی دامەزراوەکان و پرۆسەی دەرکردنی بڕیارەکانەوە، هەروەها لە دیموکراسیدا هاوڵاتیان خۆیان لە پرۆسەی دەنگداندا ئەو کەسانە هەڵدەبژێرن کە ئەرکی بنیاتنانی دامەزراوەکان و دەرکردنی بڕیارەکان ئەدا ئەکەن. بوونی سەروەری یاساش گرنگی خۆی هەیە لە دیموکراسیدا، چونکە رەنگدانەوەی ئەو بنەمایەیە کە هاوڵاتیان لە ئاست یەکدا بەرپرسیارن و لە بەردەم یاسادا یەکسانن. لە هەمان کاتدا دیموکراسی تەنها حوکمی زۆرینە نییە، بەڵکو پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و مافی کەمینەکانیشە کە دەبێت ئەوانیش ماف و ئازادییەکانیان پارێزراوە بێت. هەروەها رێزگرتنە لە بیروبۆچوونە جیاوازەکان، لە ئازادی رادەربڕین.

*** لە وڵاتە تازە گەشەکردووەکاندا، بە تایبەتی ئەو وڵاتانەی لە سیستمی شمولیەوە بەرەو سیستمی دیموکراسی هەنگاو دەنێن، لە قۆناغی راگوزەریدا چەند لایەنێکی سلبی هەن. بۆ نموونە، بوونی گەندەڵی. کەواتە لەم بارودۆخەدا باشترین میکانیزم بۆ بەرەنگاربونەوەی گەندەڵی چییە؟**

- لە راستیدا هیچ چارەسەرێکی سیحری نییە بۆ کێشەیە، من لە لێکۆڵینەوەکانمدا بەو دەرئەنجامە گەیشتوم کە زۆرجار بەهۆی رێزنەگرتن لە مافەکانی هاوڵاتیان و بەهۆی رێگەنەدان بە هاوڵاتیانەوە بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی یاسایی کار بۆ ئامانجە و بەرژەوەندییەکانی خۆیان بکەن، ئەوا وەك رێگەیەکی بەدیل پەنا بۆ گەندەڵی دەبەن. بۆ نموونە ئاستی گەندەڵی لە وڵاتانی ئەوروپادا نزمە، بە تایبەتی لە وڵاتانی ئەسکەندەنافیدا، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە رێز لە مافەکانی هاوڵاتیان دەگیرێت و لەم وڵاتانەدا کار بە چەمکی دەوڵەتی خۆشگوزەرانی دەکەن.

*** لە وڵاتانی جیهانی سێدا، پارتە سیاسییەکان گەندەڵی بۆ ئامانجە سیاسییەکانی خۆیان ئیستیغلال دەکەن. کەواتە، لەم دۆخەدا، ئایا ئایندەی وڵاتەکە چی دەبێت؟**

- من پێم وانییە تەنها پارتە سیاسییەکان هەوڵی ئیستیغلالکردنی بارودۆخەکە دەدەن، بەڵکو زۆرجار دەزگای بیرۆکراسی، یان ئیدارەی گشتی، یاخود کۆمپانیا بازرگانییەکانیش هەوڵی سوود وەرگرتن دەدەن لە بارودۆخەکە. ئەوەی گرنگیەکی بنەڕەتی هەیە ئەوەیە هاوڵاتیان تێکڕای مافەکانیان پارێزراوبێت، واتە سەرەڕای مافە سیاسییەکان دەبێت، دەبێت مافە کۆمەڵایەتییەکانیشیان بۆ دابینکرابێت، بەو پێیە وڵاتێك پاك لە رووی گەندەڵییەوە ئەوەنییە کە پارتە سیاسییەکانی لاوازبن، بەڵکو دەبێت پارتە سیاسییەکان بەهێزبن، بەڵام رەفتار و کردارەکانیان بەهۆی هاوڵاتیانەوە سنوردا کرابێت. بەو پێیە من پێم وانییە چارەسەرکردنی گەندەڵیش بە تەنها ئەرکی پارتە سیاسییەکان بێت، بەرەنگاربوونەوە و کۆنترۆڵکردنی گەندەڵی لە ئەستۆی تێکڕای لایەنەکانی کۆمەڵگەکەیە.



**پرۆفیسۆر ئەنگ ئەمۆدسن گەورە تۆژەری ئامۆژگای میچلسنە لە نەرویج و پسپۆرو تایبەتمەندە لەبواری گەشەپێدانی کۆمەڵگە، پارتە سیاسییەکان و گەندەڵی، ئەو بوارانەشی کاری لەسەر دەکات دەوڵەتانی تازە پێگەیشتووی ئەفریقیا و باکوری ئەفریقیاو رۆژهەڵاتی ناوەراستدا، سەبارەت بەو کێشانەی لە قۆناخی راگواستن و بونیادی دیموکراتی رووبەرووی ئەو کۆمەڵگایانە دەبنەوە و رۆڵی پارتە سیاسییەکان لە چارەسەرکردنی کێشەکان، پرۆفیسۆر ئەنگ ئەدمۆنس بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

### پرۆفیسۆر ئەنگ ئەمودسن بۆ گوڵان:

# شەڕی گەندەڵی بەسەروەری یاسا و دامەزراوەی کارا دەکرێت

*** سیستمی سیاسی لە کۆمەڵگەی دیموکراسیدا لە رێی رێکخرا و دامەزراوەکانەوە کاردەکات، کە تێیدا دامەزراوەکان یارمەتی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و کەمکردنەوەی ئاستی بێکاری دەدەن. ئایا چۆن دەتوانین دامەزراوەکان بنیات بنێین لە کۆمەڵگەیەکی دیموکراسیدا؟**

- لە راستیدا رێگە و شێوازی جیاوازن هەن بۆ پەرەپێدان و پێشخستنی دیموکراسی، زۆرجار بوونی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی کارا یارمەتیدەر دەبێت لە بنیاتنانی دیموکراسی، بەڵام ئەوەی پەیوەست بێت بە سروشت و جۆری ئەو دامەزراوانەی هەوڵی بنیاتنانیان دەدرێت، ئەوا دەبێت هەلومەرج و تایبەتمەندی و دۆخی مێژووی کۆمەڵگەکە لەبەرچاو بگیرێت.

***یەکێکی دیکە لە دیاردەکان لە وڵاتانی جیهانی سێدا بریتیە لە چاکسازی، بانگەشەکردن بۆ چاکسازی. کە تێیدا تێکڕای پارتە سیاسییەکان باسی لێوەدەکەن، بەڵام لە راستیدا هیچ یەکێك لەم پارتانە توانای بەدەستهێنانی نییە. ئایا بە پێی تیڕوانینی ئێوە میکانیزمەکانی چاکسازی چین؟**

- لە راستیدا رێگاچارەیەکی حازر و نەگۆڕ لە ئارادانییە بۆ ئەنجامدانی پرۆسەیەکی لەم چەشنە، هەروەك پێشتر ئاماژەم پێکرد دەبێت هەلومەرج و سیاقی مێژوویی هەر کۆمەڵگەیەك لەبەرچاوبگرین. لەگەڵ ئەوەشدا، رەنگە گرنگ بێت لە قۆناغی راگوزەریدا کە هەندێ هێزی نوێ سەرهەڵئەدەن سنورێك بۆ دەسەڵاتەکانیان دابنرێت، جا هێزی سەربازی بن، یاخود کۆمپانیا و پرۆژە تایبەتییەکان بن.

*** ئایا چۆن ئاستی هۆشیاری گشتی پەرەی پێ دەدرێت لە وڵاتانی جیهانی سێدا؟ بە شێوەیەك خەڵکی بتوانن جیاوازی بکەن لە نێوان دروشمە سیاسییەکان و چاکسازیدا؟**

- بوونی رۆژنامەگەری و راگەیاندنی ئازاد لەم رووەوە گرنگی خۆیان هەیە، هەروەها پێویستە بوار بۆ راو بیروبۆچونی جیاواز برەخسێنرێت، بایەخ بە مافە کۆمەڵایەتی و پەروەردەییەکانی هاوڵاتیان بدرێت، هاوڵاتیان بتوانن زانیاری پێویست بەدەستبهێنن لەسەر چۆنیەتی هەڵسوڕاندنی کاروبارەکان.

*** ئایا تا چ رادەیەك هاوڕایت لەگەڵ ئەوەدا کە رەخنەگرتن و فشارکردن لەسەر حکومەت هۆکارێکی ئیجابیە لە کۆمەڵگەیەکی دیموکراتیدا؟**

- لە راستیدا فاکتەرێکی زۆر روونە. رەخنەگرتن مەرجێکی پێویستە بۆ دیموکراسی (هەرچەندە، بە تەنها بەس نییە). هەرچۆنێك بێت چەند کەناڵێك هەیە بۆ ئەوەی هاوڵاتیان دەنگی خۆیان بگەیەننە حکومەت لە سیستمی دیموکراسیدا. دیارترین کەناڵیش هەڵبژاردنەکانە (هەڵبژاردنە ئازاد، دەوری و نەزیهەکان کە دەرفەتی راستەقینە هەبێت بۆ ئیختیارکردن لە نێو بەدیلە واقیعیەکاندا)، بەڵام لە نێوان هەڵبژاردنەکاندا هاوڵاتیان دەتوانن (دەبێت ئەم کارە بکەن) لە رێی راگەیاندنەوە رەخنە و فشار بۆ سەر حکومەت دروست بکەن، لە رێی چالاکی راستەوخۆوە (خۆپیشاندانەکان) هەروەها لە رێی پەیوەندی راستەوخۆوە بە نوێنەرە هەڵبژێدراوەکانیانەوە.

*** بۆچی ئازادی و سەروەری یاسا بونەتە سیمبولی کۆمەڵگەی دیموکراتی؟**

- ئازادی بەشێکە لە مافەکانی مرۆڤ، کە لە میساقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ مافەکانی مرۆڤدا چەسپێنراوە. ئازادییەکان بۆ سەرکەوتنی دیموکراسیەتی سیاسی پێویستن، بێ بوونی ئازادییە سیاسییەکان وەك ئازادی رێکخستن، رادەربڕین و مافی هەڵبژاردنی حکومەت، دیموکراسی بوونی نییە. سەروەری یاسا زەمانەتی ئەوە لەخۆدەگرێت کە دەبێت هەموو کەسێك مامەڵەی یەکسانی لەگەڵدا بکرێت و مومارەسەکردنی دەسەڵاتیش لە لایەن حکومەتەوە سنووردار و کۆنتڕۆڵکراوە.

*** لە قۆناغی راگوزەریدا چەند لایەنێکی سلبی هەن، بۆ نموونە، بوونی گەندەڵی، کەواتە لەم بارودۆخەدا باشترین میکانیزم بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی چییە؟**

. بە داخەوە، بەڵگەی ئەوە هەیە کە گەندەڵی لەو وڵاتانەدا لە زیادبوندایە کە لە قۆناغی راگوزەریدان لە شمولیەتەوە بۆ دیموکراسی. کۆنترۆڵی بەرپرسە کۆنە تاکڕەوەکان لە ئارادا نەماوە (کۆنترۆڵکردنی دەسەڵاتی شمولی لەسەر ئەوەی چ کەسێك چەند لە گرێبەستەکانی پێبدرێت)-هەروەها هێشتا کۆنترۆڵە دیموکراتییەکان لاوازن بۆ سنوردارکردنی رەفتارە گەندەڵکارییەکان. تەنها دوای پتەوکردنی دیموکراسی، لەگەڵ میکانیزمە توندوتۆڵەکانی کۆنترۆڵکردن وەك هەڵبژاردنەکان، سەروەری یاسا و دامەزراوە سەرکەوتوو کاراکان (کە خەڵکی متمانەیان هەبێت پێیان)دەتوانرێت کۆنترۆڵی گەندەڵی بکرێت. دەبێت لە یەك کات و لە چەند بەرەیەکدا شەڕی گەندەڵی بکرێت،

لەرێی دامەزراوە و میکانیزمی جیاوازەوە. ئەگەر ئەم کارە نەکرا، دەبێت کەسانی دیکە بە بەرپرسیارێتی خۆیان هەڵبستن.

*** لە وڵاتانی جیهانی سێدا، پارتە سیاسییەکان گەندەڵی بۆ ئامانجە سیاسییەکانی خۆیان ئیستیغلال دەکەن، کەواتە لەم دۆخەدا ئایا ئایندەی وڵاتەکە چی دەبێت؟**

- هەمیشە پارتە سیاسییەکان و حکومەتەکان سوود لە دامەزراوە لاوازەکان وەردەگرن بۆ گەیشتن بە سەرچاوەکانی دەوڵەت. ئەگەر دیموکراسی سەرکەوتوو نەبوو، ئەم دۆخەش درێژەدەکێشێت و خراپتریش دەبێت. هەندێ جار، خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات و گەندەڵی وڵاتەکە وێران دەکەن بڕوانە زیمبابۆی. کە پێویست بە شۆڕشێکی دیموکراسی دەکات بۆ گۆڕینی بارودۆخەکە.

*** دامەزراوەکان یارمەتی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و کەمکردنەوەی ئاستی بێکاری دەدەن. ئایا چۆن دەتوانین دامەزراوەکان بنیات بنێین لە کۆمەڵگەیەکی دیموکراسیدا؟**

- دەبێت یەکەمجار پارتە سیاسییەکان بوونیان هەبێت، دووەم دەبێت ئەم پارتانە پارتگەلێکی دیموکراسی بن: دەبێت پارتە سیاسییەکان پەیڕە و ڕێسای ناوخۆییان هەبێت، دەبێت ئەندامان سەکردایەتی و نوێنەرانی پارتەکە هەڵبژێرن، هەروەها دەبێت ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی تەحەدداو چاودێری پارتە سیاسییەکان بکەن.

*** یەکێکی دیکە لە دیاردەکان لە وڵاتانی جیهانی سێدا بریتییە لە چاکسازی، بانگەشەکردن بۆ چاکسازی. کە تێیدا تێکڕای پارتە سیاسییەکان باسی لێوەدەکەن، بەڵام لە ڕاستیدا هیچ یەکێك لەم پارتانە توانای بەدەستهێنانی نییە. ئایا بە پێی تێڕوانینی ئێوە میکانیزمەکانی چاکسازی چین؟**

- هەندێ چاکسازی گرنگن، وەك هەمواركردنی دەستور و سیستمی هەڵبژاردن (ئەگەر بە شێوەیەکی دیموکراتیانە کارنەکەن). پارتە سیاسییەکان بایەخ بە چاکسازی سیاسی نادەن ئەگەر بارودۆخی هەنووکە لە بەرژەوەندی ئەوان بێت. کەواتە دەبێت فشار بۆ چاکسازی لەلایەن پارتە بەرهەڵستکارەکان، ڕاگەیاندن و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنییەوە بێت- ڕەنگە هەندێ جار ئەمە بە یارمەتی دەرەکی ئەنجام بدرێت.

*** سەروەری یاسا هۆکارێکی گرنگە لە هەڵسوڕاندنی کۆمەڵگەدا، کەواتە ئەم گرنگییە لە چیدا بەدی دەکەیت؟**

- سەروەری یاسا ئەو دەستەواژەیەیە کە بە مانای ئەوەدێت دەبێت بڕیارەکان بە پێی بنەما و یاسا ناسراوەکان دەربکرێن، بێ دەستێوەردان و دەستکاری کردن. ئەمەش دەبێتە پارێزەرێك لە بەرامبەر حکومەتە شمولییەکان (لێرەدا «شمولی» بە مانای دەسەڵاتی ناشەرعی و بەکارهێنانی دەسەڵات بۆ بەرژەوەندی دەسەڵاتداران دێت کە پێچەوانەی حکومڕانی کردنە بە پێی ڕێسا و بنەما گشتییەکان). «سەروەری یاسا» مەرجێکی پێویست بۆ دیموکراسی، بەڵام بە تەنها بەس نییە.

*** ئایا چۆن ئاستی هۆشیاری گشتی پەرەی پێ دەدرێت لە وڵاتانی جیهانی سێدا؟ بە شێوەیەك خەڵکی بتوانن جیاوازی بکەن لە نێوان دروشمە سیاسییەکان و چاکسازیدا؟**

- کامڵبوونی سیاسی-کاتێك خەڵك درك بەوە دەکەن کە سیستمە سیاسییەکە چۆن کاردەکات، بە چەشنێك چیتر نەتوانرێت لە خشتەببرێن و هەڵبخەڵەتێنرێن و جیاوازی بکەن لە نێوان سیمبولە سیاسییەکان و پڕوپاگەندە لەگەڵ چاکسازی ڕاستەقینە و بەرەوپێشچووندا_کاتی دەوێت. ڕاگەیاندن، کۆمەڵگەی مەدەنی، ناوەندی ئەکادیمی، یەکێتیەکانی کار، هتد. دەتوانن و دەبێت یارمەتی خەڵك بدەن لەم بوارەدا.

*** تا چ ڕاددەیەك بنیاتنانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کاریگەری دەبێت لەسەر بەرەوپێشچوونی دیموکراسی؟**

- ڕێکخراوە بەهێزەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، پارتە سیاسییە بەهێزەکان و دامەزراوە بەهێزەکان هەموویان گرنگن بۆ بوونی دیموکراسیەتێکی بەهێز. مەسەلەکە ئەوەیە دەبێت ئەم دامەزراوانە ئەوانی دیکە کۆنترۆڵ و سنوردار بکەن- ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، ڕاگەیاندن، ڕۆشنبیران، پارتەکان، دامەزراوەکانی دەوڵەت وەك دەزگا بیرۆکراتییەکان و دادگاکان.

**ڕێکخراوە بەهێزەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، پارتە سیاسییە بەهێزەکان و دامەزراوە بەهێزەکان هەموویان گرنگن بۆ بوونی دیموکراسیەتێکی بەهێز**

